ڕووداو RÛDAW
ژمارە (431) دووشەممە 2016/11/7 – 16ی گەلاڕێزانی 2716 (750) دینار

## عەبادی لەبارەی مووچەی مامۆستایانەوە داوای زانیاری دەکات

**ڕووداو– هەولێر**

بریـــکاری وەزارەتـــی دارایی عێراق رایگەیاند، حەیدەر عەبادی، ســـەرۆکوەزیرانی عێـــراق، داوای زانیاری لێکردووە لەبارەی مووچەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، ئەویش پەیوەندی بە وەزارەتی ناوبراوەوە کردووە و زانیاریی داوەتێ.

فازڵ نەبی، بە (ڕووداو)ی راگەیاند، سەرۆکوەزیرانی عێراقی پرسیاری دەربارەی مووچەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لێ کردووە، ئەویش پێیداوە کە مانگانە چەندیان بۆ مووچە پێویستە.

ئاشکراشـــی کـــرد کـــە لەکاتی ســـەردانی شـــاندی بـــاڵای هەرێمی کوردســـتان بـــۆ بەغدا لە 2016/9/29 ، عەبادی بەڵێنی بە ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان دابوو شـــتێک بۆ مووچەی مامۆستایانی کوردستان بکات.

بەبڕوای فازڵ نەبی، ســـەرۆک وەزیران مەبەســـتێتی بڕێک پارە بۆ مووچەی مامۆستایانی کوردســـتان بنێرێـــت، چونکە داوای مووچەی مانگانـــەی وەزارەتی پەروەردەی کردووە "بێگومان سەرۆکوەزیران بەبێ هۆ داوای ئەو زانیاریانەی نەکردووە".

2

## گۆڕان بۆ کشانەوە یان مانەوە لە حکومەت بڕیار دەدات

3

ڕاوێژکاری ئابووریی سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ (ڕووداو):

## 35 ملیار دۆلار لە شەڕی داعشدا خەرج کراوە

5

## کێ کۆنتراکتی "شەڕی ڕەققە" دەباتەوە؟


4

### دەڵێت بۆ چارەسەری موعجیزەئاسای قەیرانی دارایی مەگەڕێن

د.ئاشتی هەورامی لە وتارێکدا بۆ (ڕووداو):

# حکومەتی هەرێمی کوردستان 20 ملیار دۆلار قەرزدارە

### ساڵانە 3 بۆ 3،5 تریلیۆن دینار کورتهێنانی بودجە بە قەرز پڕ کراوەتەوە



9

پەیمانگایەکی ئەمریکی:

## پارتی دوای ئۆپەراسیۆنی مووسڵ حکومەتێکی نوێ پێکدێنێ

17

ڕاپۆرت 7

### پاداشتی داعش بۆ کەسوکاری خۆکوژێک 400 دۆلار بوو



ئابووری 8

### هەرێمی کوردستان 120 هەزار تۆن پەتاتەی لێ زیادە

ژنان 14

### 20 هەزار کەس لە دەرەوەی دادگاکانی کوردستان ژنی دووەمیان مارە کردووە



کۆمەڵایەتی 15

### پارتی دژی ناونانی پارتییە



ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (431) - دووشەممە 2016/11/7





## کۆنفرانسێک بۆ گوتاری ئاینی دەبەسترێ

**ڕووداو- هەولێر**

مەریـوان نەقشـبەندی بەڕێوەبـەری پەیوەندییـەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لـە وەزارەتی ئەوقاف و کاروبـاری ئاینی بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژانی 2016/11/8/7 بە چاودێری نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیرانی پەیوەندیدار، لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا کۆنفرانسێک بۆ ڕێکخستنی گوتاری ئاینی ساز دەکرێت. نەقشبەندی گوتی "دەمانەوێت ڕێکخستنەوە بۆ گوتاری ئاینی بە گشتی بکەین ئەوانەی لە ڕۆژانی هەینی و تەلەفزیۆنیشدا پێشـکەش دەکرێن، چونکە زۆرجار لەو ڕووانەوە گلەییمان لێدەکرێ، هەندێکیشـیان نەک هەر دەبنە مایەی توندوتیژی فیکری، بەڵکو هەندێجاریش ئاشـتی کۆمەڵایەتی دەخەنە مەترسییەوە".

## بەڵێنی بە بارزانی داوە شتێک بۆ مووچەی مامۆستایان بکات

# عەبادی لەبارەی مووچەی مامۆستایانەوە داوای زانیاری دەکات

ئاسۆ سەراوی
ڕووداو- هەولێر

بریـکاری وەزارەتی دارایی عێراق ڕایگەیاند، حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، داوای زانیاری لێکـردووە لەبارەی مووچەی وەزارەتی پـەروەردەی هەرێمـی کوردسـتان، ئەویش پێیداوە. هەروەها دەڵێت کاتێک شاندی باڵای هەرێمی کوردسـتان چوویـووە بەغدا، عەبادی بەڵێنی بە سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان داوە و گوتوویەتی شتێک بۆ مووچەی مامۆستایانی هەرێمی کوردستان دەکات.

فـازڵ نەبـی، بریـکاری وەزارەتـی دارایی عێـراق بـە (ڕووداو) ی ڕاگەیانـد، حەیـدەر عەبـادی، سـەرۆکوەزیرانی عێراقی پرسـیاری دەربـارەی مووچـەی وەزارەتـی پـەروەردەی هەرێمی کوردستان لێ کردووە، ئەویش پێیداوە کـە مانگانە چەندیـان بۆ مووچە پێویسـتە. فـازڵ نەبـی گوتی "کـە پرسـیاری دەربارەی مووچـەی وەزارەتـی پـەروەردە لێکـردم، پەیوەندیـم بە وەزارەتی پـەروەردەی هەرێمی کوردسـتانەوە کـرد، ئەوانیش گوتیان مانگانە 150 ملیار دینارمان بۆ مووچەی مامۆسـتایان و فەرمانبەرانی وەزارەت پێویستە".

بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق ئاشکراشی کرد لەکاتی سـەردانی شـاندی باڵای هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا لە 2016/9/29 ، حەیدەر عەبـادی سـەرۆکوەزیرانی عێـراق بەڵێنـی بە سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان داوە شتێک بۆ

### فازڵ نەبی: لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجوومەنی وەزیران داوای مووچەی مامۆستایانی کوردستان دەکەم

مووچەی مامۆستایانی کوردستان بکات. نەبی گوتی "حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق بە سەرۆکی هەرێمی کوردستانی گوتووە شتێک بۆ مووچەی مامۆسـتایانی کوردستان دەکەم، بەڵام وردەکاریی زیاتری باس نەکردووە".

بەبڕوای فازڵ نەبی، حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیران مەبەسـتێتی بڕێک پـارە بۆ مووچەی مامۆستایانی کوردستان بنێرێت، چونکە داوای مووچـەی مانگانـەی وەزارەتـی پـەروەردەی کردووە "بێگومان سەرۆکوەزیران بەبێ هۆ داوای ئەو زانیاریانەی نەکردووە".

فازڵ نەبی ئامـاژەی بۆ ئەوە کرد کە چەند جارێک پرسـی مووچەی مامۆستایانی هەرێمی کوردسـتانی بەبیـری سـەرۆکوەزیرانی عێراق هێناوەتەوە "بەڵام تاوەکو ئێسـتا ئەو بڕیارەی نـەداوە، ئایا پـارە بۆ مووچەی مامۆسـتایان دەنێرێت یان نا، ئەگەر دەینێرێ چەند دەبێت".

پێشـتر یەکێتی مامۆسـتایانی کوردسـتان پرسـی دواکەوتنـی مووچـەی مامۆسـتایانی گەیاندبـووە ڕێکخـراوی نێودەوڵەتیـی پەروەردەیـی، کـە ڕێکخراوێکـە نوێنەرایەتی توێژێکـی زۆری مامۆسـتایانی جیهان دەکات، ڕێکخراوەکـەش داوایان لـە حکومەتی عێراقی کردووە هەوڵ بدات ئەو گرفتەی مامۆسـتایانی کوردستان چارەسەر بکات.

فـازڵ نەبـی دەڵێـت پرسـی مووچـەی مامۆستایانی کوردستان لەبیر ناکات و بەردەوام دەبێـت لـە بەدواداچـوون "لـە کۆبوونـەوەی داهاتـووی ئەنجوومەنـی وەزیـران کـە ڕۆژی سێشـەممە 2016/11/8 دەکرێ، دووبارە داوا لـە سـەرۆکوەزیران دەکـەم بـڕە پارەیەک بۆ مووچەی مامۆستایان بنێرێت".

ڕۆژی 2016/9/29 شاندێکی باڵای هەرێمی کوردسـتان بە سەرۆکایەتی مەسـعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەردانی بەغدایان کرد، دوای گەڕانەوەشیان بەشێک لە ئەندامانی شـاندەکە بە گرنگییەوە باسیان لەسەردانەکە کرد و گوتیان لە داهاتوودا بەرهەمی سەردانەکە بەدەردەکەوێت.



مووچەی مانگێکی مامۆستایان و فەرمانبەرانی پەروەردە 150 ملیار دۆلارە (فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

مانگێـک بەسـەر سـەردانی شـاندەکەدا تێنەپەڕیبوو، بەغدا نیازپاکیی خۆی نیشاندا و بڕیاری دا لەدوو بواری جیاوازدا پارە بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێت: بڕێک پارە بۆ پێشمەرگە کە 10 ملیار دینارە و ئێستا خراوەتە سەر بودجەی وەزارەتی بەرگریی عێراق، تاوەکو لەو ڕێگایەوە بۆ پێداویستی لۆجسـتی وەزارەتی پێشمەرگە خەرج بکرێت.

بەغدا هەروەها 309 ملیار دیناری دیکەشی نارد کە پارەی گەنمی جووتیارانی کوردسـتان بـوو. ڕۆژی یەکشـەممە 2016/10/23 دەسـتکراوە بەدابەشکردنی ئەو پارەیە بەسەر جووتیارانـدا و چاوەڕوان دەکرێـت بڕە پارەی داهاتـووی حکومەتـی عێراقـی بـۆ مووچەی مامۆستایانی کوردستان بێت.

فـازڵ نەبـی گوتـی "وەکو چـۆن چوونی بارزانـی بـۆ بەغـدا زۆر شـتی گـۆڕی، بـەو جـۆرەش چاوەڕوان دەکرێـت، هاتنی حەیدەر عەبادی بۆ کوردسـتان لـە 2016/11/5 زۆر شتی دیکە بگۆڕێ".

# گرووپێک لە پردێ ڕۆژانە 70 ملیۆن دینار لە شۆفێران دەستێنن




سیروان عەباس
ڕووداو- هەولێر

چەنـد چەکدارێکی نەناسـراو کە نازانرێت سـەر بە کوێن، لەسـەر ڕێگـەی پردێ-کەرکـووک بازگەیەکیان دانـاوە، پارە لەو ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرانە دەسـتێنن کە لە هەرێمی کوردستانەوە سەوزە و میوە دەبەنە بەغدا. شـۆفێرێک دەڵێت "لە کوردسـتان دووجار گومرگم لێ وەردەگیرێـت، بەڵام لە سـنووری عێـراق حەوت بازگە دەبڕم گومرگم لێ وەرناگیرێ".

جەمـال، یەکێکـە لـەو شـۆفێرانەی کـە ڕۆژانە لە هەولێرەوە سەوزە و میوە باردەکات و دەچێت بۆ بەغدا، بـە (ڕووداو)ی گـوت "ئێمە لە هەولێر کـە بارەکەمان باردەکەیـن، 6% گومـرگ دەدەیـن، دواتـر تاوەکـو فرۆشتنیشی لە بەغدا هیچ گومرگێکمان لێ وەرنەدەگیرا، بەڵام ماوەی چەند ڕۆژێکە چەند چەکدارێک لەسەر ڕێگای هەولێر-کەرکووک لەبەردەم ناحیەی پردێ، بازگەیەکیان داناوە و بە گوێرەی قەبارەی ئۆتۆمبێلەکانمان گومرگمان لێ وەردەگرن".

جەمـال کـە نازانێـت ئـەو چەکدارانە کێن و سـەر بـە کوێن، باسـی بڕی ئـەو گومرگـە دەکات کە لێیان وەردەگیـرێ "بۆ هـەر بارهەڵگرێکی بچـووک بڕی 25 هـەزار دینـار، بارهەڵگری مامناوەند 50 بـۆ 75 هەزار

### شۆفێرێک: تەنیا لە کوردستان گومرگ دەکرێین

### بەڕێوەبەری ناحیەی پردێ: نازانین ئەو گرووپە کێن و سەر بە کوێن

دینار و بارهەڵگری گەورەش زیاتر لە 100 هەزار دینار وەردەگرن".

بەڵام بەڕێوەبەری ناحیەی پردێ دەڵێت ئەوان هیچ مۆڵەتێکیان بە بازگەیەکی لەو شێوەیە نەداوە. وەرگرتنی گومرگی سـەوزە و میوەش تەنیا لەنێو عەلوەی پردێ دەبێت کە بە زیادکردنی ئاشکرا لەلایەن بازرگانێکەوە بۆ ماوەی ساڵێک وەرگیراوەتەوە.

عەبدولموتەڵیـب نەجمەدین، بەڕێوەبـەری ناحیەی پردێ بە (ڕووداو)ی گوت "لەسـەر جـادەی کەرکووک لە نزیک پردێ، تەنیا دوو بازگەی فەرمی هەیە کە سەر بە پۆلیسـی کەرکووکن. بۆ بازگەی دیکە ئێمە ئاگادار نەکراوینەتـەوە. ناشـزانین ئەو کەسـانەی بازگەکەیان داناوە کێن و سەر بە کوێن".

عەبدولموتەڵیب لەگەڵ بەرپرسـانی شـاری هەولێر قسـەی کردووە، بەڵام ئەوانیـش گوتیانە بێ ئاگان لە دانانی ئەو بازگەیە. عەبدولموتەڵیب گوتی "قسەم لەگەڵ نـەوزاد هـادی، پارێزگاری هەولێر کـرد، ئەویش گوتی ئێمـە ئاگاداری دانانی ئەو بازگەیە نین. ئەوانیش داوای هەڵگرتنی بازگەکەیان کرد".

شوفێرانی بارهەڵگر دەڵێن هەر شوفێرێک لە هەولێر بار ببات بۆ بەغدا دەبێت 10 بازگە ببڕێ، بەڵام تەنیا لە هەولێر و بازگە نوێیەکەی پردێ گومرگ دەکرێن.

شـوفێرێک کە نەیویسـت نـاوی بڵاوبکرێتـەوە بە (ڕووداو)ی گـوت "لـە یەکێک لـە چەکدارەکانی بازگە نوێیەکەی پردێم پرسی، ڕۆژانە چەند گومرگ وەردەگرن، گوتـی نزیکەی 70 ملیۆن دینار. ئەگەر ئۆتۆمبێلێکیش بارەکەی زۆربێت یان گرانبەها بێت ڕەنگە تاوەکو 250 هەزار دینار گومرگی لێ وەربگرین".

ئەو شـوفێرە بە گوتەی خۆی پێشتر ڕۆژانە لە هەر بارێک 200 تاوەکو 250 هەزار دیناری دەسـتکەوتووە، بەڵام ئێسـتا بە هۆی دانانی ئـەو بازگە نوێیە، داهاتی 20% کەمی کردووە.

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، ئەو چەکدارانە وەسڵی عەلوەی ئاڵتون کۆپری (پردێ) بەکاردێنن. بەڕێوەبەری شارەوانیی پردێش دەڵێت ئەو بەڵێنـدەرەی عەلوەکـەی بـە کرێ گرتووەتـەوە دەبێ ڕوونکردنەوە بدات.

قاسـم ئەحمـەد شـوانی، بەڕێوەبەری شـارەوانیی پـردێ بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو کەسـەی عەلوەی پردێـی وەرگرتـووە، مافـی ئـەوەی نییـە گومرگ لە دەرەوەی عەلوەکـە وەربگرێت، ئێسـتاش لێکۆڵینەوە دەسـتپێکردووە بۆ ئەوەی بزانرێت سـەر بە کێن. بە دڵنیاییـەوە دەبێت ڕاپێچی دادگا بکرێـن و قەرەبووی شۆفێرەکان بکەنەوە، چونکە ئەوە کارێکە لە دەرەوەی یاسا کراوە".

# 12 پۆستی کورد لە بەغدا بەتاڵن

### پەرلەمانتارێکی پارتی: وەرگرتنەوەی ئەو پۆستانە پێویستی بە قسەی بارزانی و ڕەزامەندیی عەبادییە

### پەرلەمانتارێکی یەکێتی: عەبادی ئامادەیە ئەو پۆستانە بداتەوە کوردنازانین ئەو گرووپە کێن و سەر بە کوێن

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

ژمارەیـەک پۆسـتی کـورد لـە بەغدا بە بەتاڵی ماونەتەوە، پەرلەمانتارێکی پارتیش لـە ئەنجوومەنـی نوێنەرانی عێـراق دەڵێت "سـەرۆکوەزیرانی عێـراق تەنیا بە قسـەی بارزانی ئەو پۆستانەمان دەداتەوە".

بەپێـی زانیارییەکانـی (ڕووداو)، 12 پۆسـت کە ئیسـتیحقاقی کوردن بە بەتاڵی ماونەتەوە. ئەوانیش پۆسـتەکانی (وەزیری دارایـی، سوپاسـالاری عێـراق، سـەرۆکی دەزگای هەواڵگریی عێراق، بریکاری وەزیری ناوخـۆ بۆ کاروباری هەواڵـگری، ئەمینداری گشـتی ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێـراق، جێگـری ئەمینـداری گشـتی ئەنجوومەنـی وەزیـران، جێگری دەسـتەی لێرپرسـینەوە و دادپـەروەری، فەرمانـدەی دوو فیرقـە لە سوپای عێراق، جێگری ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی، پشکنەری گشتیی دەستەی حەج و عومرە و بریکاری دیوانی وەقفی سوننە).

ئێسـتا لە زۆربەی ئەو پۆسـتانە کەسـی دیکە دانراون، یان سەرۆکوەزیرانی عێراق بە وەکالەت پڕی کردوونەتەوە.

### پەرلەمانتارێکی پارتی: ئەو ئیشە بە ئێمە ناکرێت

شاخەوان عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری کورد لە فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو پۆستانە پشکی کوردن، بەڵام بە بیانووی گۆڕانکاری و بابەتـی جۆربەجۆر بەرپرسـەکان لادراون یان بە وەکالەت پڕکراونەتەوە. پڕکردنەوەی ئەو پۆسـتانەش لەلایەن کوردەوە پێویستی بـە بڕیار و قسـەی کۆتایی سـەرکردایەتیی سیاسیی کوردە لەگەڵ حەیدەر عەبادی".

شـاخەوان عەبدوڵڵا کـە ئەندامی لێژنەی بەرگـری و ئاسایشـە لـە ئەنجوومەنـی نوێنـەران، لەبـارەی پڕکردنەوەی پۆسـتە ئەمنییەکان قسـەی لەگەڵ عەبادی کردووە، ئەو دەڵێت "خۆم قسەم لەگەڵ عەبادی کرد، ڕەتیکردەوە پۆستە ئەمنی و سەربازییەکان بداتـە کاندیدەکانمـان، بـەڵام دڵنیـام بـە قسـەیەکی بارزانی ئۆکەی دەدات بۆ ئەوەی ئەو پۆستانە بدرێنەوە کورد".

ئەو پەرلەمانتارەی پارتی هەروەها گوتی "ئەو پۆسـتانە بـە بیانـووی جۆراوجۆر لە دەستی کورد نەماون، ئەم بابەتەش بە ئێمە چارەسـەر ناکرێـت، دەبێت لـە هەولێرەوە قسەی جددی لەگەڵ بەغدا بکرێ".

### عەبادی ئامادەیە پۆستەکان بداتەوە کورد

بەبۆچوونی ڕێبـوار تەها، پەرلەمانتاری سەر بە فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانـی عێـراق، سـەرکردایەتیی کورد کەمتەرخەم بووە لەوەی ئەو پۆسـتانە پڕ بکاتەوە "دابڕان و دووری لە نێوان هەرێمی کوردسـتان و بەغـدا و قوڵبوونـەوەی کێشـەکانی نێوانیان وایکرد ئەم پۆستانە پڕ نەکرێنەوە بە کاندیدانی کورد".

ڕێبـوار تەهـا هەروەها گوتـی "عەبادی ئامادەیە ئەو پۆسـتانەی پشـکی کوردن، بداتـەوە کـورد، بـەڵام سـەرکردایەتی سیاسـیی کـورد تاوەکو ئێسـتا قسـەی جددی نەکردووە، مادام ئێمە بەشێکین لە عێراق پێویسـتە لە هەموو دامەزراوەکانی عێراق لە بەغدا هەبین".

### عادل نووری: ساڵی 2003 کورد پۆستی زیاتر بوو

عـادل نـووری پەرلەمانتـاری عێـراق بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد، ئـەو کاتـەی عێـراق دروسـتکرایەوە لـە سـاڵی 2003 کـورد پۆسـتی زۆرتـر بوو، ئێسـتا کورد ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ پۆسـتەکانی لـە بەغدا لەدەستدەدات.

عـادل نووری گوتـی "هـەردوو حیزبی دەسـەڵاتداری هەرێمـی کوردسـتان لـەو دۆخـەی بەغدا بەرپرسـیارن، ئێمە دەیان بەڕێوەبـەری گشـتی و بریـکاری وەزیر و چەندیـن پۆسـتی ئەمنیی دیکەمـان لێرە هەیـە، بەڵام بەتاڵن یان بـە عەرەبێک بە وەکالەت پڕکراونەتـەوە، بۆ نموونە دەبوو 17% یـان 20%ی سـوپای عێراق و دەزگا ئەمنییـەکان کورد بوونایە، کەچی ئێسـتا کەمتر لە 2%ی کوردە. لە پەروەردەش بە هەمانشێوە ژمارەی بەرپرس و بەڕێوەبەری کورد زۆر کەمە".

عادل نووری کۆلێژی سـەربازی سەر بە وەزارەتـی بەرگری بـە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت "پشکی کورد لە کۆلێژی سەربازیی سـەر بـە وەزارەتی بەرگـری دەبێت 20% بێـت، کەچی ئەمسـاڵ ئـەو خوێنـدکارە کوردانـەی داواکارییان پێشـکەش کردووە لە پەنجەی دەست تێناپەڕن".



## وەزارەتی پێشمەرگە: بەغدا پارەی نەناردووە

**ڕووداو- هەولێر**

ئەمینداری وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردنەوە کە باس لە ناردنی پارە لەلایەن بەغداوە بۆ پێشمەرگە دەکەن. جەبار یاوەر، ئەمینداری وەزارەتی پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "نە بە نووسراو، نە بە نەختینەیی، هیچ بڕە پارەیەک لە بەغداوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە نەهاتووە. ئەوەی گوتراوە تەنیا دەنگۆیە". پێشتر فازڵ نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو، وەزارەتی دارایی بڕی 10 ملیار دیناری بۆ وەزارەتی پێشمەرگە ناردووە.

# گۆڕان بۆ کشانەوە یان مانەوە لە حکومەت بڕیار دەدات

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

جڤاتی نیشتیمانیی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ تاوتوێی کشانەوە یان مانەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە و سێ ئەگەر تاوتوێ دەکات: کشانەوە لە حکومەت و حکومەتە خۆجێییەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان. یان بە تەنیا کشانەوە لەو کابینەیەی حکومەت، یانیش مانەوە لەناو حکومەت.

نزیکەی دوو هەفتەیە پرسی کشانەوەی گۆڕان لە حکومەت گەرمە، بەڵام تائێستا گۆڕان نەگەیشتووەتە بڕیاری کۆتایی و بڕیارە جڤاتی نیشتمانی ڕۆژی 2016/11/10 بۆ تاوتوێکردنی ئەو پرسە کۆببێتەوە.

ڕۆژی 2016/11/4 جڤاتی گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان کە جڤاتێکی ڕاوێژکارییە کۆبووەوە، تەوەرێکی کۆبوونەوەکەیان تایبەت بوو بە پرسی کشانەوە لە حکومەت یان مانەوە.

د.ڕەئوف عوسمان، سەرۆکی جڤاتی گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بۆ کشانەوە و مانەوەیان لە حکومەتدا، سێ ئەگەر هەیە: "بۆچوونێکیان داوا دەکات بە تەواوی لە پەرلەمان و حکومەت و ئەنجوومەنی پارێزگاکانیش بکشێینەوە، دووەمیشیان داوای کشانەوە لە هەولێر دەکەن، واتە چوار وەزیرەکە و ئەو پۆستانەی هەمانبووە، بەڵام لە سلێمانی وەکو خۆمان بمێنینەوە. ئەگەری سێیەمیش مانەوەیە لە حکومەت". بەبۆچوونی د.ڕەئوف جێبەجێبوونی ئەگەری یەکەمیان "زۆر لاوازە" و گوتی "برادەران کشانەوەی تەواوەتییان پێ باش نییە".

جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان باڵاترین دەسەڵاتە لەنێو گۆڕاندا و هەر ئەویش بڕیار لە کشانەوە یان مانەوە لە حکومەت دەدات. د.ڕەئوف گوتی "دوا بڕیار لای جڤاتی نیشتمانییە و بڕیارە جڤاتیش ڕۆژی 2016/11/10 کۆببێتەوە، بێگومان بۆ ڕای کۆتاییش ڕای کاک نەوشیروانی پێویستە".

هەر لەوبارەوە بێستوون فایەق، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ئەو بۆچوونانەی خستەڕوو کە لەنێو هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەکەیاندا بۆ کشانەوە باس دەکرێن و گوتی "ڕای زۆرینە ئەوەیە تەنیا وەزیرەکان بکشێنەوە، ئەوەش لەبەرئەوەی لە حکومەت دەرکراون. ڕایەکی دیکەش ئەوەیە لە حکومەت و سەرۆکایەتی پەرلەمان و پارێزگاکانیش بکشێینەوە".

ئەبوبەکر هەڵەدنی، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەبەرئەوەی پەرلەمان و حکومەت یەک پاکێجن و بزووتنەوەی گۆڕانیش بە یەک پاکێج چووەتە نێو گفتوگۆکانەوە، لە ئەگەری کشانەوەیان لە حکومەت، بەدڵنیاییەوە سەرۆکی پەرلەمانیش لەدەست دەدەن".

بەڵام د.ئیسماعیل نامیق، ڕێکخەری ژووری یاسایی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، لە ئەگەری کشانەوەشمان لە حکومەت و بوونمان بە ئۆپۆزیسیۆن، زۆر ئاساییە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان لای ئێمە بێت".

بەڵام ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت "لای ئێمە لەڕووی سیاسییەوە یوسف محەممەد وەکو سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان نەماوە. ئەگەر لە حکومەتیش بکشێنەوە، ئەوا پۆستی سەرۆکی پەرلەمان لەدەست دەدەن".

هاوکات ساڵح فەقێ، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەشداریکردنی گۆڕان لە پەرلەمان و حکومەت جیاوازە، ئەگەر ڕێککەوتنی سیاسی لەسەر بکرێت دەتوانن لە حکومەت نەبن، بەڵام سەرۆکی پەرلەمانیان لا بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر گۆڕان بڕیاری کشانەوە بدەن، پێموانییە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بمێننەوە".

بێستوون فایەق ڕەتیکردەوە لە کاتی کشانەوەی چوار وەزیرەکەیان، پۆستی سەرۆکی پەرلەمان لەدەست بدەن و گوتی "سەرۆکی پەرلەمان وەکو خۆی دەمێنێتەوە".



جڤاتی نیشتیمانیی گۆڕان بڕیار لەسەر مانەوە یان کشانەوە لە حکومەت دەدات

### سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو: گۆڕان لە حکومەت بکشێتەوە، سەرۆکی پەرلەمان لەدەست دەدات

### ژووری یاسایی بزووتنەوەی گۆڕان: سەرۆکی پەرلەمان لەدەست نادەین

### سەرۆکی جڤاتی گشتیی گۆڕان: بڕیاری کۆتایی لەلای کاک نەوشیروانە

ئایا بە کشانەوەی گۆڕان لە حکومەت، پەرلەمان کارا دەکرێتەوە؟ هەڵەدنی دەڵێت "لەڕووی تیۆرییەوە مومکینە ئەگەر هەندێک لە هێزەکان لە دەرەوەی حکومەت بن، بەڵام لەڕووی عەمەلییەوە دۆخی کوردستان وا دەخوازێت پێکەوە بین. بڕیاری کۆتاییش لای گۆڕانە، ئەوان خاوەنی نزیکەی 500 هەزار دەنگن و ناکرێت نادیدەیان بگرین. بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمانیش دەبێت ڕێککەوتننامەی نوێ لە نێوان هێزەکاندا بکرێتەوە".

سەبارەت بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان لە ئەگەری کشانەوەی گۆڕاندا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەبوبەکر هەڵەدنی گوتی "تا ئێستا ئەو پرسە لەگەڵ ئێمە باس نەکراوە، ئەگەریش داوامان لێبکرێت دەبێت بە فەرمی داوا بکرێت".

ئومێد خۆشناو دەڵێت ئەوە براوەتەوە کە لەلای پارتی سەرۆکی پەرلەمان لە بزووتنەوەی گۆڕان نییە، جا گۆڕان واز لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بهێنێ یان نا. خۆشناو گوتی "بەپێی ئەو ڕێککەوتنە سیاسییەی لەنێوان هێز و لایەنە سیاسییەکاندا دەکرێت، پۆستی سەرۆکی پەرلەمان دابەش دەکرێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە لای بزووتنەوەی گۆڕان نابێت".

ساڵح فەقێ پێیوانییە بە کشانەوەی گۆڕان، پەرلەمان کارا بکرێتەوە و گوتی "کشانەوەی گۆڕان لە حکومەت ئەوەندەی دیکە دۆخەکە ئاڵۆز دەکات، لەبەرئەوەی بەشێکیشی پەیوەندی بە ڕێککەوتننامەکەیان لەگەڵ یەکێتی هەیە، کە ئایا یەکێتی دوای گۆڕان، چ بڕیارێک دەدات، هەر لەبەر ئەو ڕێککەوتنەش پێموانییە گۆڕان بێ یەکێتی بڕیاری کشانەوە لە پەرلەمان و ئەنجوومەنەکان بدەن".

لە حاڵەتی لەدەستدانی سەرۆکی پەرلەمان لەلایەن گۆڕانەوە، پەرلەمانتارەکەی یەکێتی دەڵێت "ئومێد دەکەم یەکێتی بێ گۆڕان هیچ ڕێککەوتنێکی دیکە نەکات و پۆستی سەرۆکی پەرلەمانیش وەرنەگرێ".

# حیزبەکان ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان دەکەن

**ڕووداو- سلێمانی**

پێنج لایەنە سەرەکییەکەی کوردستان داوا دەکەن لە کاتی خۆیدا هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەبچێت. هەندێکیان دەڵێن لە ئێستاوە ئامادەن. بەرپرسێکی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانیش دەڵێت هەر کات داوایان لێبکرێ، ئەنجوومەنی کۆمیسیۆن بڕیار دەدات هەڵبژاردنەکە لەڕووی کات و داراییەوە چەندی پێویستە.

هەڵبژاردنی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی 2013/9/21 بە لیستی نیمچەکراوە بەڕێوەچوو. پارتی 38 کورسی، گۆڕان 24 کورسی، یەکێتی 18 کورسی، یەکگرتوو 10 کورسی، کۆمەڵ 6 کورسی و کۆتاکانیش 11 کورسییان بەدەستهێنا. هەروەها سۆسیالیست، ئاراستەی سێیەم، بزووتنەوەی ئیسلامی و شیوعی هەر یەکەیان کورسییەکیان بەدەستهێنا.

خولی ئێستای پەرلەمان لە مانگی ئەیلوولی 2017 کۆتایی دێ، هەرچەندە دیار نییە کە بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعشەوە هەڵبژاردنی خولی داهاتوو لە وادەی خۆیدا دەکرێ یان نا، بەڵام لایەنەکان دەڵێن دەبێ لە کاتی خۆیدا بکرێ و ئامادەکاریشیان بۆ کردووە.

### پارتی: کات ماوە

هەفتەی ڕابردوو دەزگای هەڵبژاردنی پارتی لە کۆبوونەوەیەکی دەزگاکەدا تاوتوێی هەڵبژاردنی داهاتوویان کرد. خەسرەو گۆران، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی و بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی ئەو حیزبە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕووداوەکان کاریگەرییان لەسەر ئەنجامدان و ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن دەبێت، بەڵام هیوادارن دۆخی سیاسی هێور ببێتەوە و قەیرانی داراییش باش بێت بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا بکرێت.

خەسرۆ گۆران هەروەها گوتی "هێشتا کات زۆر ماوە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتەکەش، ئامادەکارییەکان چڕتر دەکەینەوە".

### یەکێتی: گرنگە لە کاتی خۆیدا بکرێت

سەرکەوت زەکی، جێگری سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەوان لەڕووی هونەرییەوە ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکان دەکەن و هەر کاتێکیش سەرکردایەتی سیاسیی کورد بڕیار لەسەر هەڵبژاردنەکە بدات، ئەوان ئامادەن. سەرکەوت زەکی گوتی "زۆر گرنگە لە کاتی خۆیدا ئەو هەڵبژاردنە بکرێت. هیواداریشین بڕیاری سەرکردایەتی سیاسیی کورد بەو ئاڕاستەیە بێت کە هەڵبژاردن بکرێت، چونکە هەندێک دامەزراوە هەن پەکیان کەوتووە".

### گۆڕان بە گومانە

زمناکۆ جەلال، ڕێکخەری ژووری هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان هیوادارە هەڵبژاردنی خولی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان لە کاتی خۆیدا بکرێت و گوتی "ئێمە بزووتنەوەیەکی هەڵبژاردنین و بۆ هەر ئەگەرێکیش ئامادەین، بەڵام لەم کاتەدا ناتوانین هەموو وردەکارییەکانمان ئاشکرا بکەین".

هەرچەندە هێشتا بڕیار لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنیش نەدراوە، بەڵام گۆڕان گومانیان لە باش بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن هەیە ئەگەر لە کاتی خۆیشیدا بکرێت. زمناکۆ گوتی "ئەگەر لەم دۆخەشدا هەڵبژاردن بکرێت هەڵبژاردنێکی پاک نابێت، لەبەرئەوەی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن کارمەندی بۆ دانەمەزراوە و ئامادەکاریی نەکردووە، تۆماری دەنگدەرانمان پاک نییە و پڕە لە ناوی مردووان و دووبارە، پێشتریش بۆ ئەو مەبەستە سکاڵامان تۆمارکردووە".

بەهۆی شەڕی داعشەوە بە سەدان هەزار ئاوارە و پەنابەر ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، بەرپرسەکەی گۆڕان دەڵێت "لەم کاتەشدا نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و پەنابەر هەن و ڕەنگە بۆ ساختەکردن بەکاربهێنرێن. پاشان نەبوونی ئازادیی پێویست بۆ کاندید و حیزب و دەنگدەران لە سنوورێکی فراوانی کوردستان".

### یەکگرتوو چاوەڕێی یاساکەیە

بارزان ئەحمەد، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامی بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە کە وەکو ئیستیحقاق پێویستە لە مانگی ئەیلوولی ساڵی داهاتوودا هەڵبژاردن بکرێت، بەڵام تائێستا دیار نییە لە کاتی خۆیدا دەکرێت یان نا "پێویستە لایەنە سیاسییەکان دۆخەکە هێور بکەنەوە بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا هەڵبژاردن بەڕێوەبچێت".

بە گوتەی ئەو بەرپرسەی یەکگرتوو، لەبەرئەوەی نازانن بە چ یاسایەک هەڵبژاردن دەکرێت و لیستەکەش چ جۆرێک دەبێت، ئامادەکاریی ئەوتۆیان نەکردووە.

### کۆمەڵ ئامادەکاریمان کردووە

هاوژین عومەر، بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی بە ئاماژەدان بەوەی داوا دەکەن لە کاتی خۆیدا هەڵبژاردنەکە بکرێت، وەکو ڕای خۆیشی پێیوایە ساڵی داهاتوو هەڵبژاردن دەکرێت. بەڵام ڕەنگە لە کاتی خۆیدا نەبێت.

کۆمەڵی ئیسلامی دەستیان بە ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو کردووە. هاوژین گوتی "ئامادەکارییەکان بە چەند قۆناغێکە و قۆناغی سەرەتاییمان دەستپێکردووە، ئێستا لە ئامادەکارییە هونەرییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنی کاندیدەکانین و هیوادارین بتوانین تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ تەواویان بکەین".

### ئەنجوومەنی کۆمیسیاران بڕیار دەدات

هەڵبژاردنەکانی پێشتری هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە سەرپەرشتی کراوە، بەڵام دوای دامەزراندنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی کوردستان، لەمەودوا ئەو کۆمسیۆنە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان دەکات.

سلێمان مستەفا، جێگری سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی کۆمیسیۆن، هەر کاتێک لایەنی فەرمی داوامان لێبکات، ئەنجوومەنی کۆمیسیاران بڕیار دەدات کە ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردن لەڕووی کات و داراییەوە چەندی پێویستە".



(فۆتۆ: سێڤان محەمەد سەلیم)

### پارتی: هێشتا کات ماوە

### یەکێتی: ئامادەکاریی هونەری دەکەین

### گۆڕان: هەڵبژاردن بشکرێ، پاک نابێ

### کۆمەڵ: لە کاتی خۆیدا دەکرێ

### یەکگرتوو: چاوەڕێی میکانیزمی هەڵبژاردنەکە دەکەین

### هەمواركردنەوەی یاسای هەڵبژاردن

بەهۆی تێکچوونی پەیوەندیی پارتی و گۆڕانەوە، زیاتر لە ساڵێکە پەرلەمانی کوردستان کۆنەبووەتەوە. ئەگەر شێوازی هەڵبژاردنەکە بگۆڕدرێ، پێویستە یاسای هەڵبژاردنیش هەموار بکرێتەوە. ئەوەش پێویستی بە دانیشتنی پەرلەمان دەبێت. د.ڤالا فەرید، سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "مەرج نییە لە هەموو هەڵبژاردنێکدا یاسای هەڵبژاردن هەموار بکرێتەوە، بەڵام ئەگەر جۆری لیستەکە بگۆڕدرێ، ئەو کاتە یاساکە پێویستی بە هەمواركردنەوەیە".

## مەسروور بارزانی: ڕەگی ئایدۆلۆژیای داعش هەر دەمێنێ

**ڕووداو- هەولێر**

مەسروور بارزانی، ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، وەدەرنانی داعش لە مووسڵ بۆ سڕینەوەی داعش لە ناوچەکە بەس نییە "چونکە دوای ئۆپەراسیۆنی مووسڵیش ڕەگی ئایدۆلۆژیای توندئاژۆیی ئەو ڕێکخراوە هەر دەمێنێ". مەسروور بارزانی ڕۆژی 2016/11/6 لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ ڕۆیتەرز ڕایگەیاند، دوای ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە یەکەمین هێڵی بەرگریی داعشیان تێکشکاند، ئەوکاتە سوپای عێراق توانی پێشڕەوی باش بکات بۆ ڕۆژهەڵاتی مووسڵ. بارزانی پێشبینیکرد لە قۆناخی داهاتووی شەڕی مووسڵدا، هێزە عێراقییەکان ڕووبەڕووی بەرگرییەکی توندتری داعش ببنەوە.



# کێ کۆنتراکتی "شەڕی ڕەققە" دەباتەوە؟

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی یەکشەممە 2016/8/6 هێزەکانی سووریای دیموکرات لە کۆنفراسێکی ڕۆژنامەڤانیدا پلانی کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەققە، پایتەختی دیفاکتۆی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) یان ڕاگەیاند. هیواشیان خواست تورکیا دەست لە کاروباری نێوخۆیی سووریا وەرنەدا.

بریت مەکگورک، نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیی دژی داعش، هەمان ڕۆژ لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند کە ئەو هەنگاوەی هێزەکانی سووریای دیموکرات "قۆناغی یەکەمی ئۆپەراسیۆنی ڕەققەیە". ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە "ئۆپەراسیۆنەکە قۆناغ بە قۆناغ دەبێ. ئامانجی ئەم قۆناغەش دابڕینی ڕەققەیە لە ناوچەکانی دەوروبەری".

کۆنفرانسە ڕۆژنامەڤانییەکە لە عەین عیسا، لە باکووری ڕەققە بەڕێوەچوو. ئۆپەراسیۆنەکەش ناوی لێنرا "تووڕەیی فورات". بەگوێرەی ڕاگەیاندراوەکە 30 هەزار چەکدار بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەکەدا دەکەن. ئەم ئۆپەراسیۆنە لە کاتێکدا ڕادەگەیەنرێ کە سێ هەفتە بەسەر ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵدا تێدەپەڕێ. بەرپرسانی یەپەگە ڕایانگەیاندووە کە هیچ هەماهەنگییەک لەنێوان ئەم دوو هەڵمەتەدا نییە، بەڵام "هەردووکیان لە کاتێکی باشدا بەڕێوەدەچن".

دوای بەیاننامەکەی هێزەکانی سووریای دیموکرات، وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە ئۆپەراسیۆنی ڕەققە هیچ پەیوەندییەکی بە هەرێمی کوردستانەوە نییە.

پێشتر ئاژانسێکی ڕووسی بڵاوی کردبووەوە کە ژمارەیەک ئۆتۆمبێلی سەربازی بە چەک و تەقەمەنییەوە لە هەرێمی کوردستانەوە چوونەتە نێو خاکی سووریا.

جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هیچ چەک و تەقەمەنی و پێداویستییەکی سەربازی لە باشووری کوردستانەوە ڕەوانەی ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا نەکراوە". گوتیشی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەققە هیچ پەیوەندی بە ئەوانەوە نییە.

### کێشە نێودەوڵەتییەکانی ئۆپەراسیۆنەکە

پێشتر بەرپرسانی ئەمریکی دانیان بەوەدا ناوە کە دەرکردنی داعش لە ڕەققە کێشەی سیاسیی زۆر گەورەتری لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵ تێدایە، بەشی سەرەکیی کێشەکەش لە نێوان تورکیا و هێزەکانی سووریای دیموکرات بە سەرکردایەتی یەپەگەیە. بەگوتەی فەرماندە سەربازییەکانی هاوپەیمانانیش، هەر ئەم کێشەیە کاتی ڕاگەیاندن و دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەققەی دواخستبوو.

بە گوتەی فەرماندەکانی ئەمریکا، واشنتن لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی تورکیا و هێزەکانی سووریای دیموکرات و یەپەگە ڕازی بکات لە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی ڕەققەدا بەشداری بکەن، بەڵام وەک لە لێدوانەکانی هەفتەی ڕابردووی حکومەتی تورکیا و ڕاگەیەندراوەکەی ڕۆژی یەکشەممەی هێزەکانی سووریای دیموکراتدا دیارە، ئەم هەوڵانە هەتا ئێستا بە هیچ نەگەیشتوون.

هەفتەی پێشوو وەزارەتی بەرگریی تورکیا ڕایگەیاند، پێشنیازیان کردووە لە جیاتی هێزە کوردییەکان پشت بەو گرووپانە ببەسترێ کە ئەنقەرە پشتگیرییان دەکات. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیاش لە چەندین بۆنەدا جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ئەوان قەبووڵ ناکەن هێزە کوردییەکان ڕۆڵیان لە کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەققەدا هەبێ. لە ڕاگەیەندراوەکەی هێزەکانی سووریای دیموکراتیشدا هاتبوو "سووریا لە لایەن ڕۆڵەکانییەوە ئازاد دەکرێ".

یەکێک لە هۆکارەکانی دیکە کە وادەکات ئۆپەراسیۆنی ڕەققە لە هی مووسڵ سەختتر بێ، پەیوەندی بە جیاوازیی ڕەوشی نێوخۆیی و سروشتی جەنگی دژی داعش لەم دوو وڵاتە هەیە. حکومەتی عێراق خۆی بەشێکە لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا، هەر بۆیە هێزەکانی هاوپەیمانان بێ هیچ کێشەیەک دەتوانن لەگەڵ سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە هەماهەنگی بکەن. بەڵام لە سووریا بە پێچەوانەوە، حکومەتی ئەو وڵاتە بە ئاشکرا دژی بەشداریی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتییە، هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیش بە دەستدرێژی بۆ سەر خاکی سووریا وەسف دەکات. جگە لەمە بەشداریی ڕووسیا لە جەنگی نێوخۆیی سووریا بۆ پشتگیری لە مانەوەی ئەسەد بەربەست و تەنانەت مەترسیی گەورەی بۆ ئاستی بەشداریی هاوپەیمانان لەم وڵاتەدا دروست کردووە. بۆیە ئەمریکا و هاوپەیمانان ناچارن پشت بە هێزەکانی وەکوو یەپەگە، هێزەکانی سووریای دیموکرات و هۆزە عەرەبە سوننەکانی دژی بەشار ئەسەد ببەستن.



کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی ڕاگەیاندنی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەققە (فۆتۆ: AFP)

### کێشە نێوخۆییەکانی ئۆپەراسیۆنەکە

زۆرینەی دانیشتووانی شاری ڕەققە عەرەبی سوننەن. ئەمەش بەو مانایەیە کە هێزێکی گەورەی عەرەبی پێویستە بۆ ئەوەی هەم شارەکە کۆنترۆڵ بکاتەوە و هەمیش دواتر ئاسایش و ئارامیی شارەکە بپارێزێ. هێزەکانی سووریای دیموکرات ئەگەرچی ژمارەیەک یەکەی چەکداریی عەرەبیان هەیە، بەڵام بەشی سەرەکیی گرووپەکە لە کورد پێکدێ.

وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا بەمەبەستی چارەسەری ئەم کێشەیە لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا 250 سەربازی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی ئەمریکی ڕەوانەی سووریا کرد، بۆ ئەوەی پرۆسەی کۆکردنەوە و مەشقپێکردنی چەکدارە عەرەبەکان خێراتر بکات. بەگوێرەی ڕاپۆرتی پێنتاگۆن، لە مانگی نیساندا 6000 چەکداری عەرەب لە هێزەکانی سووریای دیموکراتدا بوون. لە مانگی ئەیلوولیشدا، فەرماندەی هێزە هاوبەشەکانی ئەمریکا ڕایگەیاندبوو ژمارەی چەکدارە عەرەبە سوننەکان بۆ 14 هەزار کەس بەرزبووەتەوە، بەڵام هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نەدابوو ئاخۆ چەند لەو هێزانە هاتوونەتە نێو هێزەکانی سووریای دیموکرات و چەندیان مەشقیان پێکراوە.

خاڵێکی دیکە کە تورکیا و بەریتانیای نیگەران کردووە ئەوەیە تەنیا ئەوەندە بەس نییە ئەو هێزانە عەرەب بن، بەڵکو دەبێ ئەجێندای خۆیان لە پەیەدە جیا بکەنەوە، ئەگینا دیسانیش ئەگەری سەرهەڵدانەوەی شەڕ و پێکدادانی نێوخۆیی لە ڕەققە دێتە ئاراوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ناوەندی ستراتفۆر، تورکیا پێشنیازی بە ئەمریکا کردبوو کە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی ڕەققە دوابخات، بۆ ئەوەی کاتی پێویستیان بۆ ڕاهێنانی چەکدارانی عەرەب لەبەردەست بێ، تەنانەت تورکیا دەستی بە ڕاهێنانی چەکدارە عەرەبەکانیش کردووە لە سنوورەکانی نێوان تورکیا و سووریا.

هەرچەندە واشنتن پەلەی بووە لەوەی پێش دەرچوونی ئۆباما لە کۆشکی سپی لە کانوونی دووەمی ساڵی داهاتوودا دەست بە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی ڕەققەش کرابێ، بەڵام پێناچێ ئۆپەراسیۆنی هێزەکانی سووریای دیموکرات ئامانجی گەورەی وەکوو گرتنەوەی ڕەققەی هەبێت لە داهاتوویەکی نزیکدا.

بەپێی پێشبینییەکانی ناوەندی ستراتفۆر، لە ماوەی جێبەجێکردنی قۆناغی یەکەمی ئۆپەراسیۆنەکەدا هاوپەیمانان کاتی پێویستیان بۆ ڕاهێنانی چەکداری عەرەب و ڕازیکردنی هۆزە عەرەبییەکانی ناوچەکە لەبەردەست دەبێ. ناوەندە ئەمریکییەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە ڕەنگە دواجار ئەمریکا بتوانێ سازشێک لە نێوان پەیەدە و ئەنقەرەدا بکات، بە جۆرێک هێزە کوردییەکان ئۆپەراسیۆنی دابڕاندنی ڕەققە بەڕێوەببەن و دواتریش تورکیا و گرووپە چەکدارە عەرەبەکانی ناوچەکە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی شارەکە جێبەجێ بکەن. لێدوانەکەی مەککگۆرگیش ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە کاتێک ڕایگەیاند "ئەو هێزانەی ڕەققە دەگرنەوە، دەبێ خەڵکی ناوچەکە بن. بۆ قۆناغەکانی داهاتووش هەماهەنگی لەگەڵ تورکیا دەکرێ".

محەممەد ئەنوەر، فڕۆکەوانی فڕۆکەی F16 لە هێزی ئاسمانیی عێراق بۆ ڕووداو:

# بەهۆی بۆردومانی ئێمەوە داعش 60%ی توانای خۆی لەدەستداوە

تا ئێستا زیاتر لە 100 جار بۆردومانی چەکدارانی داعشی کردووە، ئەو ڕۆژەی قسەی بۆ (ڕووداو) کرد سەرقاڵی ئامادەکاری بوو بۆ فڕین بەسەر ئاسمانی شاری مووسڵدا، ئامانجەکەشی بۆردومانکردنی دوو بارەگای داعش بوو لە نێو سەنتەری شاری مووسڵ.

محەممەد ئەنوەر، فڕۆکەوانی فڕۆکەی F16 یە لە هێزی ئاسمانیی عێراق. لە نێو فڕۆکەخانەی بەلەد سەرپەرشتی ئەو فڕۆکانە دەکات کە فڕینیان هەیە. ماوەیەکی زۆر نییە لە ئەمریکا گەڕاوەتەوە و تاوەکو ئێستا پێنج خولی ڕاهێنانی لەسەر فڕۆکەی F16 بینیوە. محەممەد ئەنوەر 31 ساڵ، لەدایکبووی شاری هەولێرە، یەکەمین کەسە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بووەتە فڕۆکەوانی فڕۆکەی F16. هێزی ئاسمانیی عێراق کە خاوەنی 10 فڕۆکەی جۆری F16 یە، لەلایەن محەممەد ئەنوەرەوە سەرپەرشتی دەکرێن کە پلەکەی ڕائیدە لە هێزی ئاسمانیی عێراق. ئەو لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو)، باسی ئەزموونی خۆی لە هێزی ئاسمانیی عێراق و بەکارهێنانی ئەو جۆرە فڕۆکەیە دەکات.

بەهرۆز فەرەیدوون
ڕووداو- بەلەد





## زیاتر لە 100 جار بۆردومانی داعشم کردووە

## ڕێژەی پێکانی ئامانج بە فڕۆکەی F16 سەد لە سەدە

**ڕووداو: جیاوازیی فڕۆکەی F16 و فڕۆکەیەکی دیکەی جەنگی چییە؟**

**محەممەد ئەنوەر:** فڕۆکەی F16 لەسەر ئاستی جیهان بە یەکێک لە فڕۆکە پێشکەوتووەکان دادەنرێت. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر دەوڵەت ئەو فڕۆکەیەی هەر نییە. دەکرێ بڵێین چەند وڵاتێکی وەکو مەغریب و ئیمارات و ئوردن و چەند وڵاتێکی دیکە خاوەنی ئەو جۆرە فڕۆکەیەن. ئەوەی فڕۆکەکە لە فڕۆکەی دیکە جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ڕێژەی پێکانی ئامانجەکەی سەت لە سەتە. بەپێی ڕاپۆرتەکان لەوەتای داعش لە عێراقە و ئێمە بۆردومانی دەکەین، 60%ی توانای خۆی لەدەستداوە.

**ڕووداو: کورد بەشدارە لەو ژوورە عەمەلیاتەی کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش پێکهێنراوە. لە کوردستان ژووری عەمەلیات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی دەکات، پەیوەندییەکانی ئێوە لەگەڵ ئەو ژوورە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە، یان دەم بە دەم پەیام و داواکارییەکان بە ئێوە دەگات؟**

**محەممەد ئەنوەر:** ژوورەکە هاوبەشە، من بۆ خۆم سێ چوار جار بەشداریم لە کۆبوونەوەکانی ئەو ژوورەدا کردووە. قسەی خۆمان هەبووە و گوێمان لە بەرپرسەکان گرتووە. بە نیسبەت کاری ئێمەوە، هەموو ئەوانی دیکە قسەیان لەسەر ئامانجەکان کردووە و بڕیاریان داوە، ئێمەش جێبەجێمان کردووە.

**ڕووداو: کەواتە پێشتر ئامانجەکان دیاریکراون یان دەفڕن و جموجوڵێک دەبینن و پاشان بۆردومانی دەکەن؟**

> ئەو سەردەمە بەسەرچوو بە هەڵە بۆردومانی خەڵک بکەی

**محەممەد ئەنوەر:** ئامانج هەیە پێشتر دیاریکراوە و ئێمە دەچین بۆردومانی دەکەین. ئامانجیش هەیە دەیبینین و سەرووی خۆمانی لێ ئاگادار دەکەینەوە و جوان بۆیان ڕوون دەکەینەوە کە چی دەبینین، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆردومانی ئامانجەکە دەکەین".

**ڕووداو: باسی هەستی خۆتمان بۆ بکە، کاتێک کوردێک بۆردومانی دوژمنەکەی دەکات، بە بەراورد بەو مێژووەی کە کورد هەمیشە بۆردومان کراوە.**

**محەممەد ئەنوەر:** هەستێکی خۆشە وەک کوردێک بەرگری لە خاکی عێراق و کوردستان دەکەم. من ئەوە دەزانم و ئێوەش دەزانن کە داعش جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکان ناکات، دەزانم کە لەڕێگەی فڕۆکەکەمەوە ژمارەیەکی زۆرم لێ کوشتوون، بەڵام ئەوان دڕندەن و هەست دەکەم مردن لە بەرامبەر دڕندەیی ئەوان هەر کەمە. کاتێک ئامانجەکانم دەپێکم هەست بەوەش دەکەم کە چەند ژن و منداڵ و گەنج و پیرم لە دەست دڕندەیی داعش ڕزگار کردووە. هەستێکی خۆشە کە بە قسە وەسف ناکرێت.

**ڕووداو: خەڵک لەسەر زەوی کاتێک گوێیان لە دەنگی فڕۆکە جەنگییەکان دەبێت، دەترسن و بیر لەوە دەکەنەوە کە فڕۆکەوان ئامانجەکەی لێ هەڵە ببێت، یان هاووڵاتی سڤیلتان لێ ببێتە دوژمن، ئێوە چۆن ئەمە لێک جیا دەکەنەوە؟**

**محەممەد ئەنوەر:** ئەو گومانە بۆ ئێستا دەست نادات. ئێستا سیستمەکە زۆر پێشکەوتووە، ئەوسا زۆربەی سیستمەکە ڕووسی بووە و زۆر پێشکەوتوو نەبووە. تەکنەلۆژیاش وەک ئێستا پێشکەوتوو نەبووە. ئێستا بە سیستمی جی پی ئێس و سیستمە زۆر پێشکەوتووەکان هەموو ئامانجەکان دیاری دەکرێت لەسەر زەوی، فڕۆکەوان تا سەت لە سەت لە ئامانجەکەی دڵنیا نەبێت، ناتوانێت بۆردومان بکات. من وا نزیک دەبێتەوە لە دوو ساڵ لەگەڵ هاوڕێکانم بۆردومانی داعش دەکەین، تاوەکو ئێستا هیچ ئامانجێکمان پێچەوانەی ئەو ئامانجە نەبووە کە بۆمان دیاریکراوە، یان بڕیاری لەسەر دراوە. جارێکیان چوومە سەر یەکێک لە ئامانجەکان، بەڵام وێنەکەی پێشتر کە دیبووم لەگەڵ ئەو وێنەیەی ڕاستەوخۆ لەڕێگەی کامێرای فڕۆکەکەمەوە دەمبینی دوو شتی جیاواز بوون، ئەگەرچی خاڵی دیاریکراو هەمان خاڵ بوو، بەڵام بۆردومانم نەکرد و گەڕامەوە بۆ فڕۆکەخانە.

**ڕووداو: تاوەکو ئێستا چەند جار داعشت بۆردومان کردووە؟**


**محەممەد ئەنوەر:** زیاتر لە 100 جار.

**ڕووداو: عێراق چەند فڕۆکەی F16ی هەیە؟**

**محەممەد ئەنوەر:** 10 فڕۆکە، هەموو فڕۆکەکانیش لەژێر سەرپەرشتیی مندان.

د.مەزهەر محەممەد ساڵح، گەورە ڕاوێژکاری ئابووریی سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ (ڕووداو):

# دوای گرتنەوەی مووسڵ هەماهەنگی هەولێر و بەغدا زیاتر دەبێ



د.مەزهەر محەممەد ساڵح، گەورە ڕاوێژکاری ئابووریی سەرۆکوەزیرانی عێراق، پێشتریش جێگری پارێزگاری بانکی ناوەندیی عێراق بووە. یەکێکە لەو کەسانەی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لەو بڕیارە ئابوورییانەی لە عێراق دەدرێن، ڕۆڵێکی سەرەکیشــی هەیە لە دارشــتنی پرۆژەی بودجەی گشتیی عێراق. د.مەزهەر لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) بە گەشــبینییەوە قسە لەسەر چارەسەرکردنی کێشــە و قەیرانەکانــی نێوان هەولێــر و بەغدا دەکات و دەڵێت ئیرادە و خواســتێکی سیاســیی لە هەردوولا هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان.

هەڤپەیڤین: محەممەد هادی و هێمن عەساف
ڕووداو- هەولێر

**ڕووداو: پەیوەندییەکانــی هەولێــر و بەغــدا خەریکــە باش دەبێت، پێتوایــە جارێکی دیکە بەغــدا پارە بۆ کوردســتان بنێرێ و هەولێریش نەوتەکەی خۆی ڕادەستی بەغدا بکات؟**

**د.مەزهەر:** دەمەوێت دڵنیاتان بکەمەوە، هەر کاتێک پرۆژە یاسای بودجەی حکومەتی فیدراڵی دادەڕێژرێ، پێداویســتییەکان و پشکی هەرێمی کوردستانیش شــوێنی لە بودجەدا دەکرێتەوە. حکومەتی فیدراڵی ناتوانێت هەرێمی کوردستان بێبەش بکات، چونکە لە کاتی دارشتنی پرۆژە یاســای بودجەدا هەماهەنگی لەگەڵ سندووقی نێودەوڵەتیی دراودا دەکرێ، ئەوان بە سەرجەم وردەکارییەکانەوە بەشــدار دەبن لە دارشتنیدا. کێشەیەک هەیە پێویستە باس بکرێت، ئەویش دۆزینــەوەی میکانیزمێکــە بۆ ئــەوەی هەرێمی کوردســتان داهاتەکانــی پێشکەشــی ناوەنــد بکات، تاوەکو حکومەتی ناوەندیش بەپێی ئەو میکانیزمــە پشــکی هەرێمی کوردســتان لەنێو پــرۆژە یاســای بودجــەدا دیاری بــکات.. واتە پێویســتە بەر لە قۆناغی دارشــتنەوەی پرۆژە

## زۆر گەشبینم بە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا

## هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی 17% لە قەرزەکانی عێراق وەربگرێ

## یەدەگی بانکی ناوەندی 50 ملیار دۆلارە

## زێڕ 6%ی یەدەگی عێراق پێکدێنێ

## دانانی بەشە بودجەی کوردستان لە بودجەی گشتیدا بەهۆی سندووقی نێودەوڵەتیی دراوە

یاســای بودجەی فیدراڵی، سەرجەم داهاتەکان یەکلایی بکرێنەوە و ســفر بکرێــن. بۆ نموونە، بەســرە ســەرجەم داهاتەکانــی پێشکەشــی حکومەت دەکات و لە داهاتی گشــتیدا پشــکی بەســرە دابین دەکرێــت. ئێســتا ئیرادەیەک و خواســتێکی سیاسی هەیە لە نێوان بەرپرسانی هەرێمی کوردســتان و ناوەند بۆ لێکگەیشتن و چارەسەرکردنی کێشەکانیان. بۆیە زۆر گەشبینم بە چارەســەرکردنی ئەو کێشانە. من کەسێکی زۆر نزیکــم لــە حەیــدەر عەبــادی، بەڕاســتی کەسێکی ڕاستگۆ و دروستە، بەهیچ شێوەیەک پەنا بۆ ئاشــووب و کێشــە نابــات. دەخوازێت کێشــەکان لە ڕێی دیالۆگ و گفتوگۆ چارەسەر بکرێن. خۆشــگوزەرانیی هەرێمی کوردســتان، خۆشگوزەرانیی ناوەندە، بەپێچەوانەش ڕاستە. هەرێمــی کوردســتان دووچاری قەیــران ببێت، بەغدا دەســتەوئەژنۆ دانانیشێ. من لە نزیکەوە ئاگادارم کە هەرێمی کوردستان گوشارێکی زۆری لەسەرە، بەتایبەتی لە وەرگرتنی ئاوارەکانی ئەو شــارانەی لەژێر دەستی داعشــەوە هەڵهاتوون. دەزانم کە چەندە گوشــارێکی داراییان لەسەرە و چەندە پێویســتیان بەهاوکاریــی ناوخۆیی و نێودەوڵەتــی هەیە. حەیــدەر عەبادی جەختی لــەوە کردووەتــەوە کە نیازی چارەســەرکردنی کێشــەکان و قەیرانەکانی هەیە. ئەوەی گرنگە بۆ ئێمەی ناوەند، شــەفافییەتە لە داهاتەکانی نەوت. من دڵنیام حکومەتی هەرێمی کوردستان بــۆ دەســتەبەرکردنی شــەفافیەتی زیاتــر لــە داهاتــی نــەوت کاردەکات، چونکــە ڕەوتــی دیموکراســیخوازی لە هەرێمی کوردســتان زۆر بەهێــزە. تەنانەت ئاگادارم خەڵکیش تامەزرۆی چارەسەرکردنی دۆخەکەن، ئەوانیش دەیانەوێت بزانن داهاتەکانیان چەندە، چۆنە، بە چ شێوازێک خەرج دەکرێت و سەرچاوەی نەبوونی مووچە و قەیرانەکانــی دارایی لە کوێ ســەری هەڵداوە؟ بەهەمانشێوە مافی هەرێمی کوردستانە ئەویش زانیارییەکــی شــەفافانەی هەبێــت لــە بارەی داهاتەکانــی نــەوت و بازرگانی و پیشەســازی و ســەرجەم داهاتەکانــی دیکەی عێــراق. بۆیە پێویســتە هەردوولایــەن شــەفاف بــن لەگەڵ یەکدی بۆ ئەوەی خاڵی هاوبەش و نزیکبوونەوە زۆرتــر بێت لە خاڵی کێشــە و دوورکەوتنەوە. ئەو هەماهەنگییە لەگەڵ سندووقی نێودەوڵەتیی دراو، گەرەنتی شەفافیەت دەکات لە داهاتەکانی عێراق و هەرێمی کوردســتان. ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنــگ و گەوهەرییــە بۆ چارەســەرکردنی کێشەکان. ئەو هەماهەنگییە باڵایەی نێوان هێزە عێراقییەکان لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵدا، ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ ئەوە و بەپێچەوانــەی هەندێک، من وای دەبینم دوای ئۆپەراســیۆنی مووســڵ هەماهەنگیی هەولێر و بەغدا زیاتر دەبێت.

**ڕووداو: عێــراق ســوود لــە یەدەگــی بانکی ناوەندی وەردەگرێ، بۆچی پشــکی کوردستان لەو یەدەگە نادرێ؟**

**د.مەزهــەر:** بانکــی ناوەنــدی عێراقــی دامەزراوەیەکی ســەربەخۆی عێراقە و یاســا و دەســەڵاتی تایبەت بەخۆی هەیــە. ئەو کاتەی من جێگــری پارێزگاری بانکــی ناوەندی بووم، بەهۆی ســەربەخۆییمانەوە ڕووبەڕووی کێشەی زۆر دەبووینــەوە. حکومەتــی ناوەند گوشــاری زۆری دەخســتە سەرمان و بەو هۆیەوە قەیرانی قووڵ سەری هەڵدەدا. هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی پشکی 17%ی سەرجەم داهاتەکانی پێ بدرێت جا قەرز بێت یان داهاتی هەمەچەشن و جیاواز، بەڵام بێبەشکردنی هەرێمی کوردستان لەو مافــە، بەهۆی نەبوونی لێکتێگەیشــتنەوە بــووە، پێویســتە زەمینــە خــۆش بکرێــت بۆ لێکتێگەیشتنی زیاتر تاوەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم مافەی خۆی دووبارە دەستەبەر بکاتــەوە. پێویســتە بەرپرســانی هەرێمــی کوردســتان داهاتی گومرگــی ئیبراهیم خەلیل بۆ بەرپرســانی ناوەند ئاشکرا بکەن بۆ ئەوەی ئەوانیش ئاسانکارییان بۆ بکەن.

**ڕووداو: ئێســتا یەدەگــی بانکــی ناوەندیی عێــراق چەنــدە؟ ئەو یەدەگانــە چین لە بانکی ناوەندی هەن؟**

**د.مەزهــەر:** ئێمە بــە یەدەگــی بیانی ناوی دەبەین کە بریتییــە لە زێڕ و دراوەکانی دیکە. ئێستا یەدەگی بانکی ناوەندی نزیکەی 50 ملیار دۆلار دەبێت. سەبارەت بە یەدەگی زێڕ بایەخی زۆری پێنادرێت، چونکە بەهای قورسە، یان زۆر قازانجی لێدەکــەی، یان زۆر زیانی لێ دەکەی. هەروەها بانکی ناوەنــدی ڕێککەوتنێکی لەگەڵ ســندووقی نێودەوڵەتیــی دراودا کــرد تەنیا بۆ دۆلار و قورســایی زیاتــری بە دۆلار دا، چونکە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ناوچەی دۆلار دەناســرێت. زێڕ 6%ی یەدەگی عێراق پێکدێنێ و دراوەکانــی دیکــەی وەکو یــۆرۆش بەهەمان شــێوەیە. بەهــەر حاڵ دۆخی بانکــی ناوەندی ئێستا زۆر باشە و کێشەیەکی ئەوتۆی نییە.

**ڕووداو: عێراق هەڵویستی چی دەبێت ئەگەر هەرێمــی کوردســتان ڕاســتەوخۆ لــە ناوەندە داراییەکانــی جیهــان قــەرز وەربگرێــت وەک سندووقی نێودەوڵەتیی دراو و بانکی جیهانی؟**

**د.مەزهــەر:** بۆ ئــەوەی حکومەتی هەرێمی کوردســتان قــەرز وەربگرێــت، پێویســتە ڕەزامەندیی بەغدا وەربگرێ، چونکە ئەم پرسە بەنــدە بە ســەروەریی وڵاتەوە. ئــەوە مەرجی سەرەکیی ســندووقی نێودەوڵەتیی دراوە، بۆ پێدانی قەرز. تەنانەت لە چەندین دانوستاندن و گفتوگــۆدا کە بەڕێز عەلی ســندی خۆیشــی ئاگادار بــوو، جەختیان لەســەر ڕەچاوکردنی ســەروەریی وڵات دەکــردەوە و بەڕاشــکاوی گوتیــان کــە مامەڵــە لەگــەڵ حکومەتــی ناوەندیــدا دەکــەن. ڕاســتە بڕگەیەکیان هەیە مافــی وەرگرتنــی قــەرز بــە هەرێمــەکان و شارەکانیش دەدات، بەڵام پێویستە حکومەتی ناوەنــدی ڕەزامەندی دەرببڕێت. چونکە ئەگەر حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان نەیتوانــی قــەرزەکان بگەڕێنێتــەوە، حکومەتی ناوەندی ناچار دەبێت قەرزەکە لە جیاتی ئەو بداتەوە. ئەمەش یەکێکە لەو کێشــانەی نێوان هەولێر و بەغدا کە چارەسەر نەکراوە.

**ڕووداو: خەرجیی شەڕی داعش چەند لەسەر عێراق دەکەوێ؟**

**د.مەزهەر:** تاوەکو ئێســتا تێچووی شــەڕی بەرەنگاربوونــەوەی داعــش 35 ملیــار دۆلار بووە. لە ســەردەمی پێش شــەڕی داعشــیش 17%ی بودجــەی عێــراق بۆ بواری ســەربازی خــەرج دەکــرا. لەم دۆخــەی ئێســتا پێموایە لانیکەم 27%ی کۆی گشــتیی بودجەی عێراق بــۆ خەرجیی ســەربازییە. ئەمە لــە کاتێکدایە نرخی نەوت زۆر دابەزیوە، بۆیە گوشارێکی زۆر کەوتووەتە ســەر شانی حکومەتی عێراق و بە دۆخێکــی زۆر دژواردا تێدەپەڕیــن. بە گوێرەی ســندووقی نێودەوڵەتیــی دراو، کورتهێنانــی داراییــی لە بودجەی گشــتیی عێراق بۆ ســاڵی 2017 نزیکــەی 21%ی کــۆی خەرجییــەکان دەبێت. ئەم بۆشــاییانە دەبێ بە قەرزی ناوخۆ یــان قــەرزی دەرەکــی یــان بەکەمکردنەوەی خەرجی پڕبکرێنەوە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئێستا پێویستمان بە زیادکردنی خەرجییەکانی شەڕ هەیە.

## حکومەتی عێراق 10 ملیار دیناری بۆ پێشمەرگە ناردووە

## 35 ملیار دۆلار لە شەڕی داعشدا خەرج کراوە

## 27%ی بودجەی عێراق بۆ خەرجیی سەربازییە

**ڕووداو: عێراق و هەرێمی کوردستان لەیەک بەرەدا شــەڕ دەکەن، بــەڵام یارمەتی ئێوە بۆ هێزی پێشــمەرگە زۆر کەمە، هیچ بەرنامەیەک هەیە لە داهاتوودا یارمەتیی پێشمەرگە بدرێ؟**

**د.مەزهــەر:** حکومەتی عێراق ڕێککەوتنێکی بەنــاوی MSF لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریــکا واژۆ کرد کە بریتییــە لە دابینکردنی خزمەتگــوزاری ســەربازی، لــە نێــو ئــەم خزمەتگوزارییــەدا پێشــمەرگە بەشــی خــۆی وەردەگرێ. ئەم ڕێککەوتنە لەســەردەمی بەڕێز هۆشــیار زێبــاری، وەزیــری پێشــووی دارایی ئیمــزا کرا کە بریتییە لــە دابینکردنی قەرزێک بــە ڕێژەی 2.7 ملیــار دۆلار، لەو ژمارەیە 400 ملیــۆن دۆلار بــۆ مووچەی پێشــمەرگە دابین کراوە. هەروەهــا حکومەتی عێراق بە بڕی 10 ملیار دینــار هاوکاریی پێشــمەرگەی کردووە. جگە لەمانەش بەهۆی ئەو هەماهەنگییە زۆرەی لە ئاســتێکی باڵاوە هەیە، دڵنیــام حکومەتی عێراق یارمەتییەکی باشی پێشمەرگە دەدات.

## هەرێمی کوردستان ناتوانێ بەبێ ڕەزامەندی عێراق قەرز وەربگرێ

## دۆخی بانکی ناوەندیی عێراق ئێستا زۆر باشە

**ڕووداو: عێــراق لــە چەنــد دامەزراوەیەکــی دارایی جیهانی قەرزی وەرگرتووە و وەردەگرێت، بۆچی پشکی کوردستان لەو قەرزە نەدراوە؟**

**د.مەزهەر:** هەر قەرزێک بەشــێکە لە بودجە و لــە بودجەشــدا هەرێمــی کوردســتان مافی وەرگرتنــی 17%ی هەیــە، قەرزیــش کاتێــک وەردەگیرێت بڕەکەی هەرچەند بێت، پێویستە پشــکی هەرێمی کوردســتانی لێ بدرێ. ئەگەر نەدرابێــت کەواتە کێشــەیەک هەیــە. ناکرێت ســندووقی نێودەوڵەتیــی دراو مــەرج بخاتــە ســەر حکومەتــی ناوەندی بۆ ئەوەی پشــکی 17% ڕادەستی هەرێمی کوردستان بکات. هەر لایەنێکی دیکەش کە قەرز دەبەخشێت بۆی نییە و ناتوانێ ئەم مەرجە لەسەر ناوەند بسەپێنێ، چونکە ئەمە دەچێتە قاڵبی دەســتێوەردان لە کاروبــاری عێــراق. ئەوان دەتوانــن ئامۆژگاری بکــەن و ڕاســپاردە بــدەن، بــەڵام وەک مەرج هەرگیــز بۆیان نییە و ناتوانن. ئەم ســەردەمە ســەردەمی هەمــوو عێراقییەکانە و پێویســتە بڕیاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە بەشــێوەیەکی زۆر ئاسان داهاتەکان و خەرجییەکان بۆ هاونیشــتمانیان ئاشکرا بکەن نەک قورسی بکەن کە ببێتە هۆی گەنگەشە و کەس لێی تێنەگات، یان لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێت.

**ڕووداو: وەک گــەورە ڕاوێژکارێکــی حەیدەر عەبادی پێشنیازت چییە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردســتان بۆ ئــەوەی لەو قەیرانــە داراییەی تێیکەوتووە دەربازی ببێت؟**

**د.مەزهــەر:** ســەرۆکوەزیران بەرنامەیەکی چاکســازیی دارشــتووە بۆ چاکسازی. ئێستا 67%ی هەمــوو جۆرە چالاکییەکان لە عێراق، کەرتــی گشــتی بەڕێــوەی دەبــات و ئەمەش هەڵەیەکی زۆر گەورەیە و نابێت بەم شێوەیە بەردەوام بێت. پێویســتە ناوەنــد و هەرێمی کوردســتان کار بکــەن بــۆ دروســتکردنی بازاڕێکــی ئازاد و خۆیشــیان هاوبەش بن لەو بازاڕە، بۆ ئەوەی هەلی کاری زیاتر دروســت ببێــت و خەڵکی هێندە مەیلی بۆ دامەزراندن لە کەرتی حکومی نەبێ. خواســت بۆ کەرتی تایبەتیش زیاد ببێت. پێشنیازی دامەزراندنی ســندووقێکی سەروەریی دەکەم بۆ داهاتەکان و پشکداری و هاوبەشی بۆ نەوت و داهاتەکانی دیکەش بەهەمانشێوە. داهاتی ئەم سندووقە بــۆ خەرجییە نائاســاییەکان و هاوســەنگیی بازاڕەکان دابین بکرێت. هەر کۆمپانیایەک کە بەپێی یاســا دامەزرابێت و لە باجەکان خۆی نەدزیبێتــەوە و هەموو بەرپرســیارێتییەکانی سەرشــانی جێبەجــێ کردبێــت، بــۆی هەبێ داوای قەرز لەو ســندووقە بکات. بەمشێوەیە بەردەوام گوژمەیەک پارە لە بەردەست دەبێ کە خەڵک و تاکی ئەم وڵاتە بەردەوام سوودی لێوەردەگرێــت و بــەردەوام بەکاردەهێنرێت و پاشان بەقازانجەوە دەگەڕێندرێتەوە. ئەڵمانیا ئەزموونێکــی زۆر ســەرکەوتووی ئەم بوارەی خســتەگەڕ و چەندین ســاڵ پشتی بەو جۆرە داهاتە بەســت و کەرتی تایبەتیش سوودێکی زۆری لێوەرگــرت و خۆیان لە ڕاگەیاندنەکاندا بــە خەڵکیــان دەگــوت فەرمــوون قــەرز وەربگــرن. بەپێی میکانیزمێــک قەرزەکانیان وەردەگرتــەوە و چالاکییەکی گەشەســەندنی بــەردەوام دەخولایەوە. بــۆ نموونە لە عێراق فەرمانبــەر 8 کاژێــر کار دەکات، بــەڵام بەرهەمــی 17 خولەکی هەیــە، واتە کرێی 7 کاژێر و 43 خولەک وەردەگرێت کە لە بنەمادا پێویستە کرێی 17 خولەک وەربگرێت. لێرەدا تواناکان بەهەدەر دەچن و پارەیەکی زۆریش بەمشێوەیە خەرج دەکرێ.

## لە عێراق فەرمانبەر هەشت کاژێر کار دەکات، بەڵام بەرهەمی 17 خولەکی هەیە

ڕووداو کوردستانی
ژمارە (431) - دووشەممە 2016/11/7

### ئەردۆغان: هەدەپە سیاسەتی قەندیل جێبەجێ دەکات

**ڕووداو– ئەنقەرە**

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، لە یەکەم لێدوانیدا لەبارەی دەستگیرکردنی سەلاحەدین دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداغ، هاوسەرۆکانی هەدەپە و ژمارەیەک پەرلەمانتاری ئەو پارتە ڕایگەیاند، "هەدەپە لەجیاتی سیاسەت لە پەرلەمان، خەریکی جێبەجێکردنی داواکانی قەندیل بوو". ڕۆژی یەکشەممە 2016/11/6، ئەردۆغان لەکاتی پێشکەشکردنی گوتارێکدا لە یەکێک لە زانکۆکانی تورکیا، لەبارەی HDP گوتی "داوامان لێکردن سیاسەت بکەن، لە پەرلەمان 80 کورسییان هێنا، بەڵام ڕۆژی دواتر خەڵکیان هاندا بچنە سەر شەقام، لەسەر شەقام 50 کەس کوژران، بکوژ و کوژراویش هەر کورد بوون".



# باکوور لە دەستگیرکردنی سەرکردەکانی هەدەپە بێدەنگە

## چاودێرانی کورد: ئەو بێدەنگییە لە ئەستۆی پەکەکەیە

**ڕووداو– هەولێر**

کاردانەوەی شەقامی کوردی لە باکووری کوردستان، بە بەراورد لەگەڵ گەورەیی ڕووداوی دەستگیرکردنی هاوسەرۆک و پەرلەمانتارانی هەدەپە، لاواز بوو. هەندێک کەس ئەو لاوازییە بۆ "ترساندن و ڕاگەیاندنی باری نائاسایی"یەوە دەگێڕنەوە و هەندێکی دیکەش دەیبەستنەوە بە نیگەرانیی شەقام لە سیاسەتەکانی پەکەکە.

پاش دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە لە ساڵی 1999، خۆپیشاندان و دەربڕینی ناڕەزایی وەکو نەریتێکی یاخیبوونی مەدەنیانە لە باکووری کوردستان دەرکەوت. بەتایبەتی لەو ساڵانەدا کە پەکەکە ئاگربەستی یەک لایەنەی ڕاگەیاند، خۆپیشاندان چەکی هەرە کاریگەری کورد بوو.

بەڵام لە ڕووداوی دەستگیرکردنی هاوسەرۆکانی شارەوانیی گەورەی ئامەد و پاشانیش هاوسەرۆکانی هەدەپە، دەنگی شەقامی کوردی زۆر کزە. ڕۆژی 2016/10/26 گولتان کشاناک و فورات ئانلی، هاوسەرۆکانی شارەوانیی گەورەی ئامەد دەستگیرکران. ڕۆژی 2016/11/4 سەلاحەددین دەمیرتاش و فیگان یوکسەکداغ، هاوسەرۆکانی هەدەپە و نۆ پەرلەمانتاری ئەو حیزبە دەستگیرکران، بەڵام کاردانەوە لە بەرامبەر ئەم زنجیرە دەستگیرکردنە زۆر لاواز بوو. میدیاکانی سەر بە ئاکپارتی ئەم بێدەنگییە وا دەخوێننەوە کە "ئیدی کورد پشتگیری لەو سیاسەتمەدارانە ناکات".

دەمیرتاش بەرلەوەی دەستگیر بکرێ، لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی پارتەکەیدا لەبەردەم شارەوانیی گەورەی ئامەد، دوای دەستگیرکردنی کشاناک و ئانلی گوتی "جگە لە گوشارکردن هیچ کارتێکی دیکەیان نییە. بەهۆی باری نائاسایی خۆیان لەسەرپێ دەگرن. خۆپیشاندان قەدەغەیە، ڕێپێوان قەدەغەیە، سیاسەتکردن قەدەغەیە. بەڵام لە هەموو شوێنێک بە هێزمان، جا ئەو هێزە پێنج کەس بێ یان 10 کەس، دێینە سەر شەقام".

ڕۆژنامەنووس مەحمود ئۆڕال، ئەیشاردەوە کە کاردانەوەی شەقامی کوردی لە باکوور لە بەرامبەر دەستگیرکردنی بەکۆمەڵی سیاسەتوانە کوردەکان لاوازە. ئۆڕاڵ بە (ڕووداو)ی گوت "کاردانەوەکان بەو شێوەیە نین وەکو ساڵانی ڕابردوو. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی زۆر لەوە نیگەرانن، بەڵام نازانین لە ڕۆژانی داهاتوودا چی ڕوودەدات".

مەحموود ئۆڕال باسی هۆکاری بێدەنگیی شەقامی کوردی دەکات و دەڵێت "ئەوە تەنیا بەو ترسەوە دەبەستینەوە کە دەوڵەت لە شەقامەکانی جەزیرە و سوور بڵاوی کردەوە. کوشتنی سەدان کەس بە توندوتیژی لە ڕادەبەدەری دەوڵەت، ترسی لە دڵی خەڵکدا چاندووە. بۆیە خەڵک دەترسێ و وەکو پێویست کاردانەوە نیشان نادات، بەڵام دوور نییە لەناکاو ئەو ترسە بشکێت و شتێکی دیکە ڕووبدات".

هێزە ئەمنییەکانی تورکیا ڕێوشوێنی توندیان گرتووەتەبەر، بە تایبەتی لەشاری ئامەد. هەر شوێنێک گومانی کۆبوونەوەی لێبکرێ هێزە ئەمنییەکان دەستبەجێ دەگەنە ئەوێ. ئۆتۆمبێلە گوللەنەبڕەکانی پۆلیس سەری کۆڵانەکان دادەخەن و ڕێگە لە خەڵک دەگرن بگەنە شوێنی مەبەست. هەر کاتێک بزانن خۆپیشاندان هەیە، هێڵی ئینتەرنێت دەبڕن بۆ ئەوەی خەڵک ئاگادار نەبێ. لە ساڵانی ڕابردوودا لە باکووری کوردستان، سۆشیال میدیا ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە هاندانی جەماوەر بۆ ئەوەی بڕژێنە سەر شەقام.

د.بیلال سەمبۆر مامۆستای زانکۆی یڵدرم بەیازد لە ئەنقەرە لە گۆشەیەکی فراوانترەوە سەیری ڕووداوەکان دەکات و پێیوایە ئەوەی ڕوودەدات پەیوەستە بەو هەوڵەی ماوەیەکی درێژە دەدرێت لە پێناوی دەرکردنی هەدەپە لە بازنەی سیاسەتی تورکیا.

سەمبور بە (ڕووداو)ی گوت "هەنگاوی یەکەمی ئەو هەوڵە بە هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتاران دەستی پێکرد. دواتر بە دانانی قەیوم لەسەر شارەوانییەکان هەنگاوێکی دیکە چووە پێشەوە. ئێستا هاوسەرۆک و پەرلەمانتاران دەستگیرکران. لەو کاتەی مەسەلەی سیستەمی سەرۆکایەتی گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، بە پێویستی دەزانن هەدەپە لە دەرەوەی بازنەی سیاسەت بێ و بێکاریگەریی بکەن".

سەبارەت بە ئەنجامی ئەو هەوڵانەی حکومەت. د.بیلال دەڵێت "گۆڕینی سیستەم بۆ سەرۆکایەتی پێویستی بە 50%ی دەنگی دەنگدەرانە. لەدوای کودەتاوە لە دەوروبەری گفتوگۆی نەتەوەپەرستی و لە سێدارەدان، کۆمەڵگایەک و ژیانێکی سیاسیی نوێ دروست بووە. بە دەستگیرکردنی هەدەپەییەکان کوتلەبەندی نێو کۆمەڵگە زیاتر دەبێت. ئەمە فاکتەرێکی گرنگە. پێموایە حکومەت هەموو ئەو ئەنجامانەی بەدەستهێناوە کە پێویستی پێیەتی".

د.بیلال سەمبور، بێدەنگیی شەقام دەبەستێتەوە بە ڕاگەیاندنی باری نائاسایی و دەڵێت "ئێستا لە تورکیا باری نائاسایی هەیە. بەهۆی ئەم بارودۆخەوە هەموو کەس نیگەرانن. بارودۆخی نائاسایی، فاکتەرێکی گرنگە لە بێدەنگکردنی خەڵکدا".

ئەحمەد ئەمین ئۆغلو یەکێکە لەو هەزاران مامۆستایانەی بەبیانووی پشتگیریکردنی تیرۆر لە کارەکەی دوورخراوەتەوە، ئەو لەبارەی لاوازیی کاردانەوەکان لەدژی گرتنی دەمیرتاش تیشک دەخاتە سەر لایەنێکی دیکەی ئەو مەسەلەیە "دوورخستنەوەی هەزاران کەس لە کارمەندانی کەرتی گشتی، هۆکارێکە بۆ لاوازیی کاردانەوەکان. زۆر کەس لە ترسی لەدەستدانی کارەکەیان بێدەنگی هەڵدەبژێرن، بەڵام ئەو بێدەنگییە درێژەناکێشێ و خەڵک توندتر لە جاران دەڕژێتە سەر شەقام".

### خەندەق شەقامی بێدەنگ کرد

هەندێک لە پسپۆڕان و کۆمەڵناسانی کورد، لاوازیی کاردانەوەکان بە لێدانی خەندەقەوە دەبەستنەوە کە پەکەکە لەدوای هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیرانی 2015 لەنێو چەندین شار و شارۆچکەی باکووری کوردستان پەیڕەوی کرد وماڵوێرانییەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا.

پرۆفیسۆر وەهاب جۆشکون لە زانکۆی دیجلە یەکێکە لەو کەسانەی ئۆباڵی بەشێکی گەورەی ئەو بێدەنگییە دەخاتە ئەستۆی پەکەکە، ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "سێ هۆکار هەن بۆ ئەو بێدەنگییەی شەقام: سیاسەتی لێدانی خەندەق. خۆپیشاندان بۆ کۆبانێ و هێرشەکانی پەکەکە بە ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو کە بووە هۆکاری ئەوەی خەڵک کاردانەوەی دیموکراتیانە نیشان نەدەن".

پرۆفیسۆر عەبدوڵڵا قڕان لە زانکۆی مووش ئۆباڵی لاوازیی کاردانەوەکان دەخاتە ئەستۆی پەکەکە و هەدەپە. قڕان بە (ڕووداو)ی گوت "بەهۆی سیاسەتی هەڵەوە کەسیان بەخۆوە نەهێشت. توانای خاوەندارێتیان لە خەندەقەکان بەهەدەر دا. ئیدی متمانە نەما. 90%ی بێدەنگیی خەڵک لە ئەستۆی ئەوانە".

#### بە دەنگی شەقام ئازادکران

بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە باکووری کوردستان بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1999 شارەوانیی گەورەی ئامەد و 37 شارەوانیی دیکەی بردەوە. فەرەیدوون چەلیک لەسەر کورسی سەرۆکایەتی شارەوانیی گەورەی ئامەد دانیشت، بەڵام جەندرمە و پۆلیس بەبیانووی هاوکاریکردنی پەکەکە، چەلیک و هەردوو سەرۆک شارەوانیی چەولیک و سێرتیان دەستگیر کرد. بەو هۆیەوە بە هەزاران کەس ڕژانە سەر شەقام. سەرەڕای توندوتیژیی پۆلیس، بەڵام تاوەکو سەرۆک شارەوانییەکان ئازادنەکران، خۆپیشاندەران نەچوونەوە ماڵەکانیان. ئەوە دوا خۆپیشاندان نەبوو، لە 16 ساڵی ڕابردوودا باکووری کوردستان چەندین جار خۆپیشاندانی ملیۆنیی بەخۆیەوە بینیوە.



دەستگیرکردنی سەباحەت تونجەل، پەرلەمانتاری هەدەپە لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە

(فۆتۆ: AFP)

## هودا کایا، پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان لە بازنەی ئیستانبوڵ بۆ (ڕووداو):

# دەستگیرکردنی پەرلەمانتارانی هەدەپە چاوەڕوانکراو بوو

هودا کایا ناوێکی دیارە لەنێو نێوەندە ئیسلامییەکانی جیهان، لەوانەش یەکێتیی نێودەوڵەتیی ژنانی موسوڵمان کە ئەندامی ئەو یەکێتییەیە، بەڵام لەنێو پارتێکی سیکولار خەبات دەکات، ئەویش پارتی دیموکراتی گەلانە. هودا کایا کە لە ساڵی 1960 لە ئیستانبوڵ لەدایک بووە، دوو خولە لەسەریەک دەبێتە پەرلەمانتاری هەدەپە لە بازنەی ئیستانبوڵ. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی دەستگیرکردنی هاوسەرۆکان و پەرلەمانتارانی هەدەپە دەکات و دەڵێت "ئەو کودەتا سیاسی"یەی لە 4/11/2016 دژی هەدەپە کرا، درێژکراوەی کودەتا سەربازییەکەی 15ی تەمموزە.

ڕووداو– هەولێر

**ڕووداو: ئۆپەراسیۆنی دەستگیرکردنی هاوسەرۆکان و پەرلەمانتارانی هەدەپە چاوەڕوانکراو بوو؟**

**هودا کایا:** بەهیچ شێوەیەک سوپرایز نەبوو. پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتاران هەڵگیرا، دۆسیە لە دژی هەموومان کرایەوە. لەهەموو شارەکاندا بەڕێوەبەرانی هەدەپە دەستگیرکران. هەڵمەتی پشکنین بۆ سەر هەموو بارەگاکانمان هەبوو. ئەو هەموو ڕووداوانە ڕۆژانە دووبارە دەبنەوە. ئەو کودەتایەی چەند مانگە درێژەی هەیە، ئەمڕۆ ئاراستەکەی بۆ کودەتایەکی سیاسی لە دژی هەدەپە گۆڕا. ئامانجەکەش خۆشکردنی زەمینەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە بەبێ هەدەپە. چونکە بە گوێرەی ئەو ڕاپرسیانەی کردوویانە، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئیدی هەدەپە ناگەڕێتەوە ژێر بەربەستی هەڵبژاردن. کاتێک زانییان دەرفەتی سەرکەوتنیان نییە، پلانی لەنێوبردنی هەدەپەیان جێبەجێ کرد.

**ڕووداو: پێتوایە پلانی ئۆپەراسیۆنی سەر هەدەپە لە کۆبوونەوەی ئەردۆغان – باخچەلی لە ڕۆژی 2016/11/2 داڕێژرابێت؟**

**هودا کایا:** بێگومان لەو کۆبوونەوەیەدا لەسەر هەنگاوی داهاتوویان قسەکراوە، بەڵام ئەمە ڕووداوێک نییە دوێنێ و ئەمڕۆ نەخشەی بۆ کێشرابێ. چەند مانگێک لەمەوبەر نەخشەی بۆ کێشراوە و جێبەجێ دەکرێت. دەستگیرکردنی هاوسەرۆکانی شارەوانی گەورەی ئامەد، هەوڵی پێشوەختی ئەم ئۆپەراسیۆنە بوو، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەگەڵ باخچەلی لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە، سەودایان لەسەر چەند مەسەلەیەک کردووە.

**ڕووداو: لەبەرامبەر دەستبەسەرکردنی هاوسەرۆکان و پەرلەمانتارانی هەدەپە، کاردانەوەکان لاوازن. هۆکاری ئەمە چییە، جەماوەرتان ترسێندراوە یان هۆکاری دیکە هەیە؟**

**هودا کایا:** نەخێر لاواز نییە، بەڵام لەوانەیە ڕەنگدانەوەی لاواز بێ. چونکە ئێستا لە تورکیا یەک جۆرە میدیا هەیە. جگە لە میدیای سێبەر، هەموو دەنگەکانی دیکە، بێدەنگ کراون. چەند هەفتەیەکە بەتایبەتی لە باکووری کوردستان ئینتەرنێت پچڕێندراوە. بەهۆی نەبوونی ئینتەرنێتەوە مرۆڤ ناتوانێ بزانێ چی ڕوویداوە. میدیایەک لە تورکیا نەماوە ڕووداوەکان بگەیەنێتە خەڵک. میدیای سێبەر ئەوەی پێویستە خەڵک بیزانێ پەخشی ناکات.

**ڕووداو: کاردانەوەکانی ڕای گشتیی جیهان بەتایبەتی کاردانەوەی ئەمریکا و ئەورووپا چۆن دەخوێننەوە؟**

**هودا کایا:** کاردانەوەی سیاسییەکانی جیهان، ڕای گشتیی جیهان، دەربارەی کودەتای سیاسیی چواری تشرینی دووەمی 2016 تا ئەو ئاستەی ئاگام لێیە، زۆر کاریگەرە. پێشموایە لە ڕۆژانی داهاتوودا کاریگەرییەکانی زیاتر دەبن.

**ڕووداو: هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا بە تایبەتی جەهەپە لەدژی دەستگیرکردنی هاوسەرۆکان و پەرلەمانتارانی هەدەپە چۆن دەخوێننەوە؟**

**هودا کایا:** ئەمڕۆ کە هاوسەرۆک و پەرلەمانتارانی سێیەمین پارتی گەورەی تورکیا زیندانی دەکرێن و هەڵدەکوترێتە سەر ماڵەکانیان، ئەرکێکی قورس و مێژوویی دەخاتە سەر شانی ئۆپۆزسیۆنی تورکیا. دەبێت چی بکەن؟ پێویستە بەرپرسان و کادیران، جەماوەر و دەوروبەریان بە ڕۆحی 15ی تەمموز دژی کودەتا بجوڵێنن. چۆن لە 15ی تەمموز بە دروشمی "خاوەندارێتی لە ئیرادەی دیموکراتیانە، خاوەندارێتی لە سیستەمی پەرلەمانی و چارەنووس و دواڕۆژمان دەکەین" بۆ چەند هەفتەیەک لە مەیدانەکان ناڕەزاییان نیشان دا، ئەمڕۆش بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی لە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی جەهەپە و جەماوەرەکەیدایە. پێویستە لەدژی ئەو کودەتا سیاسییە، لەدژی ئەو زوڵمە، کاردانەوە نیشان بدەن. بەڵام ئەمڕۆ لەناو ئەو جەنجاڵییەدا تا ئەو ئاستەی بینیم، ئەو هەڵوێستەمان لە بەڕێز سەرۆکی جەهەپە و سەرکردەکانی ئەو پارتە نەدیت. جارێکی دیکە بە زمانێکی دەوڵەتی و نەتەوەپەرستانە، بە زمانێکی لاواز ڕەخنەی لەو بارودۆخە گرت. پێویستە ڕەخنە و دەنگی جەهەپە لەوە بەهێزتر بێت و بێ شەرم لەدژی ئەو مەسەلەیە بوەستێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە هەڵوێستی ڕاستی جەهەپە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لە جەماوەرەکەیان دەبینین. پێموایە بەشێوەیەکی سەردەمیانەتر، مرۆڤدۆستانەتر کاردانەوەی پێویست نیشان دەدەن.

**ڕووداو: پێتوایە پێویستە هەدەپە لەمەودوا چی بکات؟**

**هودا کایا:** هەدەپە ئەو ڕێگایەی گرتوویەتیەبەر نایگۆڕێ. هەدەپە تا دوێنێ دەیگوت "دادپەروەری، یەکسانی، ئازادی، سەروەریی یاسا و ئاشتی" ئەمڕۆش دوای دەستگیرکردنی هاوسەرۆکانمان و ئەگەر زیندانیش بکرێن، لە ئاشتیی پاشگەز نابینەوە. لە بنەما و ئامانجەکانمان گۆڕانێک نییە و نابێت. زوڵم و کودەتا لەهەر ئاستێکدا بێ، لە داواکردنی ئاشتی پاشگەز نابینەوە.

**ڕووداو: دوای ئەو ئۆپەراسیۆنە، توندوتیژی زیاتر دەبێت یان ئاستی توندوتیژی بەرەو کەمبوونەوە دەچێت؟**

**هودا کایا:** کاردانەوەی میللەت و هەستی تۆڵەسەندنەوەی بەرپرسانی حکوومەت وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە. پێموایە خەڵک و جەماوەر لەدژی ئەو کودەتایە، ڕێگای توندوتیژیی زیاتر ناگرێتەبەر. هیوادارم و لەخودا دەپاڕێمەوە ڕووبەڕووی ئەو بارودۆخەمان نەکاتەوە کە هەموومان پێمان ناخۆشە و بە ڕاستی نازانین.

**ڕووداو: چاوەڕێ دەکەن تورکیا ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنوور بکات؟ بۆ نموونە باس لە تەلعەفەر دەکرێ.**

**هودا کایا:** ئێستا ڕای گشتی بە دەرد و سەرئێشەی خۆیانەوە خەریک دەکەن، وەکو ئەوەی لە ڕابردوو ڕوویداوە، دەتوانین بڵێین دوور نییە ئەمڕۆ یان سبەی لە ناوچەکەش لە دەرەوە کارێک بکەن. ئەنجامدانی ئەو ئۆپەراسیۆنە مومکینە. لەو کاتەی هەموو سەرنجەکان بۆ سەر وێستگەیەک ڕادەکێشێت، لە وێستگەیەکی دیکە هەڵمەتێکی سیاسی یان سەربازی دەکات. ئەگەری هەموو شتێک لە ئارادایە. ئەگەر ئەمڕۆ هیچ لەبەرچاو نەگرێت و هێرش بکاتە سەر سێیەمین پارتی گەورەی تورکیا، بەدووری نازانم بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ شتێک، هەموو جۆرە کردەوەیەک بکەن.

**ڕووداو: بەگوێرەی هەندێک کەس و ناوەند ئەگەر هەدەپە لە دوای حەوتی حوزەیران لە مەسەلەی سەرۆکایەتی سەودایەکی باشی کردبایە، ئەوەی ئەمڕۆ ڕوویدەدا، ڕای تۆ چییە؟**

**هودا کایا:** مەسەلەکە مەسەلەی سیستەمی سەرۆکایەتی نییە، مەسەلەکە ئەوەیە کە سەرۆککۆمار بەدوای چ سیستەمێکی سەرۆکایەتیدا دەگەڕێت؟ ئێمە داوای تورکیایەکی دادپەروەر، دیموکرات و ئازاد دەکەین. ئەو سیستەمەی ئەوان داوای دەکەن و ئەمڕۆ بە کردەوە جێبەجێی دەکەن، هیچ میکانیزمێکی دیموکراتی، دادپەروەری و ئازادیی تێدا نییە. ئەوەی ئەمڕۆ کردوویانە بە واقیع و دەخوازن بە یاسایی بکەن، سیستەمێکی دیکتاتۆریی تاکە کەسییە. ئێمە لەدژی ئەو سیستەمە دروست بووین، لەدژی ئەو سیستەمە هاتووینەتە پەرلەمان. هەدەپە بە قەبوڵکردنی سیستەمێکی تاکە کەسی دیکتاتۆریانە خیانەت لە بنەماکانی خۆی دەکات.

> دەستگیرکردنی پەرلەمانتارانی هەدەپە زەمینە خۆشکردنە بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت

> چەند هەفتەیەکە ئینتەرنێتی باکووری کوردستان پچڕێندراوە

> جەهەپە بە زمانێکی نەتەوەپەرستی ڕەخنەی لە گرتنی پەرلەمانتارانی هەدەپە گرت

# پاداشتی داعش بۆ کەسوکاری خۆکوژێک 400 دۆلار بوو

ناسر عەلی
ڕووداو– فازڵییە

چەکدارێکی داعش لە گەیارە خۆی دەتەقێنێتەوە، دوای کردەوەکەش داعش سەردانی خێزانەکەی دەکەن و 400 دۆلار وەکو پاداشت دەدەنە کەسوکاری. دایکی ئەو خۆکوژەی داعش دەڵێت کوڕەکەی لە ڕێگەی مزگەوت هەڵخەڵەتێنرا.

ئەو چەکدارەی داعش کە ناوی عەبدولباقی یەحیا محەممەد بوو، عەرەبێکی خەڵکی گوندی فازڵییە بوو. عەبدولباقی ماوەیەک لەمەوبەر لە گەیارە خۆی بە هێزە عێراقییەکاندا تەقاندەوە و داعشیش بەڵگەنامەی خۆتەقاندنەوەکەی داوەتە کەسوکارەکەی.

گوندی فازڵییە لە سنووری ناحیەی باشیک کە زۆربەی دانیشتووانی کوردی شەبەکن، ژمارەیەک خێزانی عەرەبیش لەخۆدەگرێ. گوندەکە هەفتەی ڕابردوو لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە کۆنترۆڵ کرایەوە. کەسوکاری عەبدولباقی هێشتا لە نێو گوندی فازڵییەن و دوای ئازادکردنی گوندەکە، لەبارەی خۆتەقاندنەوەکەی کوڕەکەیان قسەیان بۆ (ڕووداو) کرد.

دایکی عەبدولباقی باسی پەیوەندیی کوڕەکەی بە چەکدارانی داعشەوە دەکات و دەڵێت "کوڕەکەم تەمەنی 23 ساڵ بوو. پێش هاتنی داعش بۆ مووسڵ، لە ناوچەی پیشەسازیی مووسڵ کاری دەکرد. دوای هاتنی داعش کاری نەما. لە گوندەکەمان هاوڕێیەتی کەسێکی دەکرد بەناوی بەرزان کە داعش بوو. نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر ئێوارەیەک نەگەڕایەوە، برادەرەکانی گوتیان بووەتە داعش".

فرمێسک لە چاوەکانی دایکی عەبدولباقی دێنەخوارێ و بە گریانەوە دەڵێ "کوڕەکەم لە ڕێگەی مزگەوت هەڵخەڵەتێنرا. بردیان بۆ مووسڵ. چوار مانگ مەشق و ڕاهێنانیان پێکرد. مێشکیان پڕکرد. هەر ئاگای لە ئێمە نەما".

## دایکی خۆکوژەکە:
## کوڕەکەم لە ڕێگەی مزگەوت هەڵخەڵەتێنرا

عەبدولباقی، برایەک و چوار خوشکی هەبوو، بە گوتەی دایکی، لەو ماوەیەی پەیوەندی بە چەکدارانی داعشەوە کرد، تەنیا دوو جار بە سەردان گەڕابووەوە ماڵەوە. دایکی گوتی "زۆرمان لەگەڵ گوت واز لە داعش بێنە، بەڵام بە قسەی نەکردین و دەیگوت دایە ئەوە جیهادە. زانیمان مێشکیان پڕکردووە، قسەکردن لەگەڵی هیچ سوودێکی نەبوو".

دایکی عەبدولباقی ڕەتیکردەوە کە ئەوان هیچ پەیوەندییەکان بە داعشەوە هەبێ "وەڵڵا ئێمە لەگەڵ داعش نەبووین. دوای ئەوەی کوڕەکەم چووە نێو داعش، من و باوکی لە خەفەتان تووشی نەخۆشیی شەکرە بووین، زۆرمان پێ ناخۆش بوو، بەڵام چی بکەین، هیچ دەسەڵاتمان نەبوو".

دایکی عەبدولباقی باسی خۆتەقاندنەوەی کوڕەکەی دەکات و دەڵێت هەرچەندە تەرمی کوڕەکەی نەبینیوە، بەڵام دڵنیایە کوڕەکەی لە ژیاندا نەماوە. ئەو گوتی "چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ئەمیری داعش لە گوندی عومەر قامچی کە سەرپەرشتی گوندی فازڵییەی دەکرد، لەگەڵ دوو چەکداری دیکە سەردانی کردین، نووسراوێکی پێداین و پێیگوتین کوڕەکەتان شەهید بووە، 400 دۆلاریشی پێداین و گوتی ئەوە پاداشتی خوێنی کوڕەکەتانە".

بۆ ئەوەی کەسوکارەکەی قەناعەتیان بێت کە کوڕەکەیان خۆی تەقاندووەتەوە، ئەمیرەکەی داعش گرتەیەکی ڤیدیۆییان پێشان دەدات. دایکی عەبدولباقی گوتی "ڤیدیۆیەکیان پێشان داین کە کوڕەکەم لە پێش ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو وەستاوە و دەڵێت دەچم بۆ بەهەشت. بۆیە 100% دڵنیاین کوڕەکەم خۆی تەقاندووەتەوە". گوتیشی "ئەمیرەکەی داعش دڵنەوایی ئێمەی دایەوە و گوتی خەمی عەبدولباقیتان نەبێت، ئەو ئێستا لە بەهەشتە".

برایەکی عەبدولباقی کە ریشێکی درێژی هەیە، باسی براکەی کرد و گوتی "هاوڕێکانی هەڵیانخەڵەتاند، ئەگینا ئەو نەیدەزانی داعش چییە". سەبارەت بە مووچەی براکەشی لە نێو داعش، گوتی "نازانین مووچەی هەبوو یان نا، لەلای ئێمە باسی نەکردووە و هیچیشی بە ئێمە نەداوە".

زۆربەی ئەوانەی لە چنگی داعش ڕزگاریان کردووە، ریشی خۆیان تاشیوە. بەڵام براکەی عەبدولباقی لەبارەی هێشتنەوەی ریشی گوتی "من دەرچووی کۆلیژی شەریعەم، پێش داعشیش ریشم هەبوو، بەڵام هیچ باوەڕم بە کار و ڕەفتارەکانی داعش نییە".


بەڵگەنامەی وەفاتی عەبدولباقی کە لەلایەن داعشەوە دروستکراوە

# داعش لە کاتی زەماوەندیدا بردیان بۆ "شەرعیە"


(فۆتۆ: AFP)

ناسر عەلی
ڕووداو– دهۆک

محەممەد، لەسەر داوای دەزگیرانەکەی کە بڕیار بووە خێزان پێکەوە بنێن، بڕیار دەدات ریشە درێژەکەی کورت بکاتەوە. دەچێتە بەردەم ئاوێنە و چەند جارێک دەست بە ریشیدا دێنێ. بەڵام لە ترسی چەکدارانی داعش دوودڵ دەبێ لە تاشینی یان کورتکردنەوەی، دواجار بڕیار دەدات کورتی بکاتەوە و ئەو بڕیارەشی بێ سزا دەرباز نابێ.

محەممەد نەجم، گەنجێکی کوردی شەبەکە و دانیشتووی گوندی فازڵییەیە. دوای ئەوەی چەکدارانی داعش گوندەکەیان داگیر کرد، لەسەری فەرز کراوە ریشی درێژ بکات. محەممەد ماوەیەک لەمەوبەر ژنی هێناوە و بڕیاری داوە ریشی کورت بکاتەوە، بەڵام لەلایەن چەکدارانی داعشەوە لەسەر ئەو کارەی سزا دراوە.

محەممەد بە (ڕووداو)ی گوت "زۆر ڕقم لە ریشی درێژە، بەڵام لە ترسی چەکدارانی داعش ناچار بووم بیهێڵمەوە. ئەوە یاسای داعش بوو، پیر و گەنج دەبووایە ریشیان بهێڵنەوە".

محەممەد ماوەیەک لەمەوبەر ژنی هێناوە و باسی مارەکردنی ژنەکەی دەکات و دەڵێت "لە هەر ناوچەیەک شوێنێک هەبوو، پێیاندەگوت شەرعیە کە ڕۆڵی دادگای دەبینی، کێشەی خەڵکی تێدا چارەسەر دەکرا و مامەڵەکانی مارەبڕین و تەڵاقیش هەر لەوێ بوو، گوندی ئێمە سەر بە شەرعیەی گوندی عومەر قامچی بوو، دەزگیرانەکەم لەوێ مارەکرد".

محەممەد باسی ڕۆژی هاوسەرگیرییەکەیان دەکات و دەڵێت "دەزگیرانەکەم داوای لێکردم، کەمێک ریشم کورت بکەمەوە. لە ڕۆژی گواستنەوە چوومە بەردەم ئاوێنە، دەستم بە ریشمدا هێنا و چەند جارێک دەستم بۆ مەکینەی ریشتاشین برد، بەڵام دووڵ بووم، دەترسام داعش سزام بدات. دواتر بڕیارم دا ریشەکەم کەمێک کورت بکەمەوە و گوتم قابیلە داعش زاوا سزا بدات؟!".

محەممەد دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە خۆی دەگۆڕێت و سواری ئۆتۆمبێل دەبێ و بەدوای بووکێدا دەچێت. دەڵێت "بووکم هێنایەوە ماڵەوە، هیچ شایی نەبوو، چەپڵە و هەلهەلە نەبوو، تەنیا کەسە نزیکەکانم کۆبووینەوە".

زاوا لە تەنیشت بووکێ دانیشتووە، لە ناکاو دوو چەکداری داعش وەژوور دەکەون و زاوا دەستگیر دەکەن. محەممەد گوتی "دیار بوو کەسێک ئەوانی ئاگادار کردبووەوە کە من ریشم تاشیوە. یەکسەر گوتیان ئەوە بۆ ریشت کورتکردووەتەوە. منیان برد بۆ گوندی عومەر قامچی، دوو کاژێر لە شەرعیە مامەوە، 50 هەزار دینار غەرامەیان لێوەرگرتم ئینجا ئازادیان کردم".

ئەو گەنجە کوردە ناخۆشیی زۆری بەدەستی داعشەوە بینیوە، بەڵام دەڵێت هیچیان هێندەی ئەو دەستگیرکردنە ناخۆش نەبووە "قەت ئەو کاتە لەبیر ناکەم، لە تەنیشت هاوژینەکەم دەستگیریان کردم، ئەو هەرچەند هاواری کرد توخوا مەیبەن، بەڵام گوێیان پێنەدا".

### لە سەرتاشخانە نۆرە گیراوە

دوو ڕۆژ بوو گوندی فازڵییە ئازاد کرابوو، کاتێک تیمی (ڕووداو) چووینە نێو ئەو گوندە، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشاین قەرەباڵغیی سەرتاشخانەکانی بوو، خەڵک نۆرەیان گرتبوو بۆ قژ و ریش تاشین.

لە سەرتاشخانەیەکی گوندەکەدا نزیکەی 30 کەس نۆرەیان گرتبوو. نەکتەل جاسم، تەمەن 37 ساڵ کە نۆرەی گرتبوو بۆ ئەوەی ریشە درێژەکەی بتاشێ بە (ڕووداو)ی گوت "دوو ساڵە بە دەست چەکدارانی داعشەوە ئازار دەچێژین".

ئەو گەنجە باسی ریشەکەی خۆی کرد و گوتی ناچاربوون درێژی بکەن. ئەو باسی خێزانەکەی دەکات کە چەند جارێک داوای لێکردووە ریشەکەی بتاشێ "هەموو شەوێک گلەیی دەکرد، دەیگوت ئەو ریشە لابدە، ریشێکی دەستکردت بۆ دروست دەکەم کە چوویتە دەرەوە بەکاری بێنە، بەڵام لە ترسی چەکدارانی داعش نەمدەوێرا ئەوە بکەم".

## ژمارەی قوربانیانی هێرشەکەی کەرکووک 381 کەس بووە

## نیویۆرک تایمز:

# چەکداری یەمەنی و داعشی کورد بەشدارییان لە هێرشەکەی کەرکووکدا کردووە

ڕووداو– هەولێر

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی، لە هێرشەکەی ڕۆژی 2016/10/21دا بۆ سەر شاری کەرکووک، 84 چەکداری داعش کوژراون. بەرپرسانی ئەمنیی شارەکەش دەڵێن ژمارەی ئەو هاووڵاتیانەی لە هێرشەکەدا بەرکەوتن، 381 کەسن.

ڕاپۆرتەکە لە زاری بەرپرسانی ئەمنیی کوردستان و کەرکووکەوە باسی شەهیدبوونی 116 کەس دەکات (43 پۆلیس، 33 پێشمەرگە و ئاسایش، 21 هاووڵاتی) هەروەها 265 کەسیش بریندار بوون.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی نیویۆرک تایمز، پۆلیسی کەرکووک خەریکی پەنجەمۆر و تاقیکردنەوەی دی ئێن ئەی و گەڕانە بە نێو مۆبایلی داعشەکاندا. بەشێک لە هەوڵەکانی پۆلیس و ئاسایشی کەرکووک لە ماوەی یەک هەفتەی ڕابردوودا بۆ ئەوە بووە دڵنیا ببنەوە لەوەی شارەکە، مەترسیی هێرشی دیکەی لەسەر نییە.

بەرپرسانی ئەمنی لە سلێمانی و کەرکووک بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەیان ڕاگەیاندووە کە داعش لەو هێرشەدا ئامانجی گەورەی هەبووە و بە وردیش پلانی بۆ داڕشتبوو. ئامانجی یەکەمیشیان دەستگرتن بووە بەسەر ناوەندە حکومییەکاندا.

بە گوتەی د.نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک، پێشتر زانیارییان هەبووە کە کەرکووک مەترسیی هێرشی لەسەرە، بەڵام ئەوەی ڕوویدا زۆر لە چاوەڕوانیی ئەوان زیاتر بوو.

نزیکەی 100 چەکدار لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشەوە بەرەو دەوروبەری داقوق جووڵەیان پێکراوە. بە حەوت بارهەڵگر هاتوونەتە نێو کەرکووک.

بەرپرسە ئەمنییەکان دەڵێن دیارە داعش پێشبینی ئەوەی کردووە کە هێزی پشتیوان لە سلێمانییەوە دێن، بۆیە پلانیان بۆ دانانی بۆسە هەبووە، داعش هەروەها ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراویشی لە بەرەکانی شەڕ بەکارهێنابوو، بۆ ئەوەی نەکرێ ئەو هێزانە بۆ بەرگریی لە کەرکووک بجووڵێنرێن.

بەگوتەی پۆلاد تاڵەبانی، بەرپرسی هێزی دژەتیرۆر، ئەو چەکدارانەی داعش کە هێرشیان کردبووە سەر کەرکووک تەنیا عەرەبی سوننەی عێراق نەبوون، بەڵکو ژمارەیەک کورد و چەکداری بیانیی خەڵکی یەمەنیشیان لەگەڵ بووە.

ئامانجی سیاسی داعش لە هێرشەکە ئەوە بوو کە ئاوارە عەرەبە سوننەکانی کەرکووک هان بدات لە دژی دەسەڵاتدارانی شارەکە بڕژێنە دەرەوە و دەست بەسەر ناوەندە حکومییەکانی شارەکەدا بگرن.

لە هێرشەکەی کەرکووکدا چواردە قوتابی کچی مەسیحیش کەوتبوونە تەڵەوە. بەشە نێوخۆیی ئەو قوتابییە مەسیحییانە لە نزیک هۆتێل سنەوبەر بووە و چەکدارانی داعش چووبوونە نێو بەشە نێوخۆییەکە. ئەبوو دورەید، بەرپرسی یەکێک لە کەنیسەکان، بە قوتابییەکانی گوتبوو بێدەنگ بن و مۆبایلەکانیان بکوژێننەوە و بچنە نێو ژوورەکانیان و خۆیان لە ژێر تەختەکانی خەودا بشارنەوە.

یەکێک لە قوتابییەکان، بە ناوی مارلین تەمەن 22 ساڵان، باسی ڕەوشی خۆیانی بۆ ڕۆژنامە ئەمریکییەکە کردووە و گوتوویەتی "نەماندەتوانی هەناسە هەڵکێشین، تەنیا نزامان دەکرد". کاتێک چەکدارەکان لە باڵەخانەی بەشە نێوخۆییەکە دەرچوون یان خۆیان تەقاندەوە، ستافی کڵێساکە کچەکانیان بۆ شوێنێکی ئارام گواستبووەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، فەرماندەیەکی باڵای داعش، بە ناوی ئەبوو ئیسلام، دەستگیر کراوە. ئەبوو ئیسلام پێشتر لە ریزەکانی ئەلقاعیدەی عێراقدا بووە و چەندین هێرشی بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە ڕێکخستووە.

لە دوای هێرشەکانی کەرکووکەوە، ئاڵۆزی لە پەیوەندیی دانیشتووە کورد و عەرەبەکانی شارەکەدا زیاتر بووە. نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاندووە کە سەدان خێزانی ئاوارەی عەرەب دوای هێرشەکانی 21ی مانگی پێشوو ناچارکراون شارەکە جێبهێڵن. بەڵام پارێزگاری کەرکووک ئەو ڕاپۆرتانە بە ناڕاست دەزانێ.

د.نەجمەدین کەریم دەڵێت کێشەکە پێویستی بە چارەسەرێکی سیاسییە "چونکە ئەگەر ئەم کێشە سیاسییانە چارەسەر نەکرێن، ئەوە ئەوان (واتە عەرەبە سوننەکان) ڕوو لە قاعیدە، ئەنسار ئیسلام و گرووپی نەقشبەندی دەکەن".

د.نەجمەدین کەریم ڕەتیکردەوە ئەو کێشەیە هەر خۆبەخۆیی کۆتایی بێت و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە "پێویستە ئاشتەوایی سیاسی هەبێ، هەتا ئێستاش ئەمە ڕووی نەداوە".

(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

## بازرگانانی کوردستان دەچنە چیک

**ڕووداو– سلێمانی**

وا بڕیارە ڕۆژی 2016/11/11 پێشانگایەکی نێودەوڵەتی لە شاری براگی پایتەختی چیک بکرێتەوە و بازرگانانی هەرێمی کوردستانیش بەشداری لە پێشانگاکەدا دەکەن. بەختیار مەلا ئەحمەد بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی هاوردە و ناردنکارانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو پێشانگایە لە بوارەکانی خواردن و جوانکاری و پزیشکی و چەند بوارێکی دیکەیە. 16 ئەندامی یەکێتییەکەمان بانگهێشتکراون. گوتیشی "ئەو پێشانگایە ساڵانەیە و پێشبینی دەکرێت زیاتر لە 20 هەزار کەس سەردانی بکەن، چەند ساڵێکە بازرگانانی کوردستانیش بەشداری دەکەن، ئەگەر وەکو ساڵانی پێشتریش بێت پێشبینی ئەنجامدانی گرێبەستی بازرگانی دەکرێت".

## وەزارەتی کشتوکاڵ قەدەغەی دەکات

# ساڵانە 100 ملیۆن دۆلار بۆ گەنمەشامی دەچێتە دەرەوە



جووتیارانی کوردستان ساڵانە تەنیا 30 تۆن گەنمەشامی بەرهەمدێن

### کارگەکانی ئالیک ساڵانە 400 هەزار تۆن گەنمەشامی بەکاردێنن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو– هەولێر**

بەئامانجی بەبازاڕکردنی بەرهەمی گەنمەشامی، وەزارەتی کشتوکاڵ هاوردەکردنی گەنمەشامی بۆ کاتێکی نادیار ڕاگرت. دوای بڕیارەکەش سێ کارگەی دروستکردنی ئالیک ئامادەییان بۆ کڕینەوەی بەرهەمی جووتیاران دەربڕی، بەڵام جووتیاران لە نرخەکانی کڕینەوە ڕازی نین.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە حەوت ساڵی ڕابردوودا بەرهەمی گەنمەشامی بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بە جۆرێک لە سێ هەزار تۆنەوە بۆ 30 هەزار تۆن زیادی کردووە، بەڵام ئەو بڕە تەنیا بەشی 8%ی پێداویستیی کارگەکانی ئالیک دەکات.

بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی کارگەکانی ئالیک، ساڵانە زیاتر لە 370 هەزار تۆن گەنمەشامی هاوردە دەکرێ کە نرخی هەر تۆنێک نزیکەی 300 دۆلارە، بەوەش ساڵانە نزیکەی 100 ملیۆن دۆلار تەنیا بۆ هاوردەکردنی گەنمەشامی دەچێتە دەرەوەی کوردستان.

بەپێی توێژینەوە کشتوکاڵییەکان، کەشوهەوا و خاکی هەرێمی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ چاندنی گەنمەشامی و دەتوانرێت ئەم بەرهەمە لە هەردوو وەرزی بەهار و پایزدا بچێنرێ.

بۆ گەشەپێدانی بەرهەمی گەنمەشامی، وەزارەتی کشتوکاڵ لە ساڵی 2009 بۆ 2011 زیاتر لە یەک ملیار دیناری بۆ دابینکردنی بنەتۆ و پێدانی بڕێک پارە بۆ کێڵان و دروێنە و گواستنەوە بە جووتیاران داوە.

کامیل محەممەد، بەڕێوەبەری خزمەتگوزاریی کشتوکاڵی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو پاڵپشتییە بووە هۆی ئەوەی جووتیارێکی زۆر روو لە چاندنی گەنمەشامی بکەن و بەرهەم بەشێوەیەکی خێرا گەشە بکات، بەڵام بەهۆی نەکڕینەوەی بەرهەمەکە لەلایەن بەغدا و وەستانی پرۆژەکان، گەشەی بەرهەم سست بوو".

بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمی جووتیاران و هاندانیان بۆ چاندنی گەنمەشامی، وەزارەتی کشتوکاڵ ماوەی دوو ساڵە لە وەرزی پێگەیشتنی گەنمەشامیدا هاوردەکردنی قەدەغە دەکات و داواش لە کارگەکانی ئالیک دەکات بە نرخێکی گونجاو گەنمەشامیی جووتیاران بکڕنەوە.

کارگەکانی ئالیک تۆنێک گەنمەشامی بە عەرنوسەوە بە 200 هەزار دینار و تۆنێک گەنمەشامیی دەنکیش بە 240 هەزار لە جووتیاران دەکڕنەوە، ئەم نرخەش بەراورد بە نرخی گەنمەشامیی هاوردە کەمە.

مستەفا محەممەد، جووتیارێکی پێشکەوتووی شاری هەولێرە، ئەمساڵ 200 دۆنم گەنمەشامی لە دەشتی شەمامک چاندووە، پێشبینی کرد 700 تۆن بەرهەمی هەبێ. ئەو دەڵێت "ئەو بڕیارەی وەزارەتی کشتوکاڵ کاریگەریی باشی بۆ ساخکردنەوەی گەنمەشامی هەیە، بەڵام دەبووایە کارگەکانیش ناچار بکات بە نرخێکی گرانتر لێمان بکڕنەوە.

مستەفا محەممەد کە ئەندازیاری کشتوکاڵییە، باسی تێچووی چاندنی گەنمەشامی دەکات و دەڵێت "تێچووی چاندنی دۆنمێک گەنمەشامی 250 هەزار دینار لەسەر جووتیار دەکەوێت. ئەگەر جووتیار تۆوی باشی چاندبێ و خزمەتی باشی کێڵگەکەی کردبێ، نزیکەی 3.5 تۆنی لە دۆنمێک دەستدەکەوێ. ئەگەرنا هەر تۆنێک تاوەکو دوو تۆنی دەستدەکەوێ، بۆیە ئەگەر کەسێک شارەزایی لە چاندنی گەنمەشامی نەبێت، قازانج ناکات".

کارگەی باراش یەکێکە لەو کارگانەی ئامادەکاری بۆ کڕینەوەی 20 هەزار تۆن گەنمەشامی لە جووتیاران کردووە. بارزان عەدنان، خاوەنی کارگەکە دەڵێت "بۆ دیاریکردنی نرخی کڕینەوەی بەرهەمی جووتیاران پشتمان بە نرخی بۆرسەی جیهانی بەستووە، نرخەکەش گونجاوە".

بەهۆی ئەو بەها بەرزە خۆراکییەی هەیەتی، گەنمەشامی لە ڕیزی بەرهەمە ستراتیژییەکان دانراوە و لە دوای گەنم و برنجەوە دێت. بۆیە لە هەندێک وڵات زۆر گرنگی بە چاندنی دەدرێ، بەڵام لە هەرێمی کوردستان چاندنی ئەم بەرهەمە تازەیە و جووتیاران وەک پێویست لێی شارەزا نین.

بارزان عەنان دەڵێت "ئێستا هەرێمی کوردستان لەقەیراندایە، حکومەت ناتوانێ پاڵپشتی کڕینەوەی بەرهەمی گەنمەشامی بکات، بەڵام دەکرێت لە ڕێگەی ڕێنمایی جووتیاران لەسەر کات و شێوازی چاندن، هاوکاریی جووتیاران بکات و بە هێنانی تۆوی باوەڕپێکراو و فرۆشتنەوەی بە جووتیاران گەشە بەو بەرهەمە بدات".

لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، 60%ی پێکهاتەی ئالیکی پەلەوەر گەنمەشامیە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بەهۆی گرانیی نرخەکەی کارگەکان تەنیا 25% بەکاردەهێنن، بۆ پڕکردنەوەی بەشەکەی دیکە ڕێژەیەک ڕۆنی سۆیا بەکاردەهێنن.

بارزان عەدنان دەڵێت "کارگەکانی ئالیک لە هەرێمی کوردستان ساڵانە نزیکەی 400 تۆن گەنمەشامی بەکاردێنن. لەو بڕەشدا تەنیا نزیکەی 30 هەزار تۆنێک بەرهەمی خۆماڵییە، ئەوەی دیکە هاوردە دەکەین".

بڕیارەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ لە ڕۆژی 2016/10/23 دەرچووە. مۆڵەتی 15 ڕۆژی بەو کۆمپانیایانە داوە کە پێشتر مۆڵەتی هاوردەکردنیان وەرگرتووە و لەو ماوەیەدا بۆیان هەیە گەنمەشامی هاوردە بکەن. بەڵام خاوەن کارگەیەکی ئالیک دەڵێت نەدەبوو وەزارەت ئەو 15 ڕۆژە مۆڵەت بدات.

دەوەن موحسین، خاوەنی کارگەی ئالیکی کۆسار دەڵێت "بڕگەی دووەمی بڕیارەکە کە مۆڵەتی 15 ڕۆژی داوەتە کۆمپانیاکان، دەرفەتی باشی بۆ کۆمپانیاکان ڕەخساندووە، بۆ ئەوەی لە ماوەی ئەو 15 ڕۆژەدا زۆرترین گەنمەشامی هاوردە بکەن. دەبووایە بڕیارەکە بە جۆرێک بووایە کە تاوەکو بەرهەمی خۆماڵی ساخ نەکرێتەوە، ڕێگە بە هاوردە نەدرێ".

کارگەکەی دەوەن ڕۆژانە 1200 تۆن گەنمەشامی وشک دەکاتەوە و لە دروستکردنی ئالیک بەکاریدێنێ. ئێستاش گرێبەستی کڕینەوەی بەرهەمی لەگەڵ 500 جووتیار واژوو کردووە.

دەوەن موحسین دەڵێت "ئامانجمان لە کڕینەوەی بەرهەمی جووتیاران ئەوەیە هانی جووتیار بدەین ئەم بەرهەمە زیاتر بچێنن و پێویستیی ناوخۆ پڕبکەنەوە".

### بەغدا بەڵێنی داوە

حکومەتی عێراق هەر تۆنێک گەنمەشامی لە جووتیاران بە 430 هەزار دینار وەردەگرێت، بەڵام بەبیانووی ئەوەی پارەی پاڵپشتی وەرگرتنی گەنمەشامی لە بودجەی 17% دەدرا، گەنمەشامی جووتیارانی کوردستانی نەدەکڕییەوە.

کامیل محەممەد، بەڕێوەبەری خزمەتگوزاری کشتوکاڵی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە (ڕووداو)ی گوت "چەندین نووسراومان ئاراستەی بەرپرسانی بەغدا کرد، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو، ئەمەش وای کرد بەشێک لە جووتیاران واز لە چاندنی گەنمەشامی بهێنن".

گوتیشی "دەسەڵاتدارانی بەغدا بەڵێنیان داوە ساڵی داهاتوو گەنمەشامی کوردستانیش بکڕنەوە، بەڵام دڵنیا نین لەو بەڵێنە".

## لە 11 هەزار تۆنەوە بۆ 213 هەزار تۆن زیادی کردووە

# بەرهەمی پەتاتە لە کوردستان ژمارەی پێوانەیی تۆمار دەکات



هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە 90 هەزار تۆن پەتاتە هەیە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو– هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت، بەرهەمی بەهارەی پەتاتەی ئەمساڵی جووتیارانی کوردستان ژمارەی پێوانەیی تۆمار کرد، بەڵام بەهۆی گرفتی بەبازاڕکردن، بەشێک لە جووتیاران زەرەریان کردووە.

حەوت ساڵ لەمەوبەر بەرهەمی جووتیارانی کوردستان لە پەتاتە تەنیا 12 هەزار تۆن بوو، بەڵام ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ دەریدەخات کە بەرهەمی پەتاتە بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و ئەمساڵ گەیشتووەتە 213 هەزار تۆن.

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، هەشت ساڵ لەمەوبەر، بەدابەشکردنی 51 تۆن تۆوی پەتاتە بەبێ بەرامبەر بەسەر جووتیاراندا، دەستی بە پرۆژەی پەرەپێدانی بەرهەمی پەتاتە کرد.

سەمیر ئیسماعیل، بەڕێوەبەری باخداری لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت ئامانجمان لە پرۆژەی پەرەپێدانی بەرهەمی پەتاتە باشکردنی بژێویی ژیانی جووتیاران و ڕاهێنانیان بوو لەسەر چاندنی جۆرێکی دیکە لە بەرهەم و گەیشتن بە ئاستی خۆژیاندن".

لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەرهەمی پەتاتە بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. بۆ ئەوەی جووتیارانی کوردستان تووشی زەرەر نەبن، وەزارەتی کشتوکاڵ لە کاتی پێگەیشتنی بەرهەم، باجی سەر پەتاتەی هاوردە زیاد دەکات، ئاسانکاریشی بۆ وەبەرهێنەران کردووە کارگەی جبس و فینگەر دابمەزرێنن.

بەپێی بەدواداچوونی وەزارەتی کشتوکاڵ، تێکرای بەرهەمی پەتاتەی بەهارە و پایزەی ساڵی ڕابردووی جووتیاران 150 هەزار و 383 تۆن بووە. هەر تۆنێک پەتاتە بە 589 هەزار دینار فرۆشراوە. داهاتی ناپوختەی جووتیاران 88 ملیار و 575 ملیۆن دینار بووە، دوای خەرجی گواستنەوە و تێچووی بەرهەمهێنان داهاتی پوختە 39 ملیار و 856 ملیۆن دینار بووە، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی دابەزینی نرخ وەک پێویست قازانجیان نەکردووە.

بەپێی توێژینەوەکان کەشوهەوا و خاکی کوردستان بۆ چاندنی پەتاتە گونجاوە و دەتواندرێ لە وەرزی بەهار و پایزدا بچێنرێت، بەڵام بەرهەمی پایزە زۆر باش نییە، بۆیە جووتیاران زۆرترین بڕ لە وەرزی بەهاردا دەچێنن.

جووتیاران لە مانگی ئایار تاوەکو ئاب دەست بەهەڵگرتنەوەی بەرهەمی پەتاتە دەکەن، بەڵام بەکاربردنی پەتاتە لەو ماوەیەدا لەنزمترین ئاستیدایە، بۆیە بەهۆی ساغنەبوونەوەی بەرهەمەکە لە بازاڕەکانی کوردستان و کەمیی کۆگا بۆ هەڵگرتنی، نزیکەی 80%ی پەتاتەکە هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێت.

هاوار ئەسعەد کەتۆ، جووتیارێکی قەزای بەردەڕەشە، ئەمساڵ 800 تۆن پەتاتەی لە زەوییەکەی هەڵگرتووەتەوە، ئەو دەڵێت "ئەمساڵ بەرهەممان باش بوو، بەڵام لە بازاڕ پارەی نەکرد، چونکی لە وەرزی پێگەیشتنی بەرهەم، بازاڕەکانی کوردستان ناتوانن ئەو بەرهەمە زۆرەی جووتیاران لەخۆبگرن، تێچووی هەڵگرتنی بەرهەمەکەش لە کۆگاکانی ساردکەرەوە زۆر لەسەر جووتیار دەکەوێت، بۆیە جووتیاران بە ناچاری بەرهەمەکانیان هەناردەی شارەکانی عێراق دەکەن. ئەمساڵیش حکومەتی عێراق دەرگای بۆ پەتاتەی ئێرانی خستە سەر پشت، بۆیە بەشێکی زۆر لە جووتیاران زەرەریان کرد".

چاندنی پەتاتە لە هەرێمی کوردستان خەریکە ڕێچکەی خۆی دەگرێ. ئێستا 675 جووتیار بەچاندنی پەتاتەوە خەریکن و 5 کۆمپانیاش لەو بوارە کاردەکەن.

کۆمپانیای کوردستان هۆڵەند (K.H) بریکاری سەرەکی کۆمپانیای (HZPC)ی هۆڵەندییە لە هەرێمی کوردستان و عێراق، ماوەی 6 ساڵە بە هێنانی بنەتۆوی هۆڵەندی هاوکاریی وەزارەتی کشتوکاڵ و جووتیاران دەکات، بۆ وەرزی بەهاری ئەمساڵ 12 هەزار تۆن بنەتۆوی هاوردە کردووە.

سەعدی ئەسعەد، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای K.H بۆ بازرگانی و دابینکردنی پێداویستییەکانی کشتوکاڵ بە (ڕووداو)ی گوت "خاکی هەرێمی کوردستان هەموو توخمە پێویستەکانی بۆ گەشەی پەتاتە تێدایە، بۆیە بڕی بەرهەم و کوالیتییەکەی زۆر بەرزترە لە وڵاتانی دەوروبەر".

سەعدی ئەسعەد دەڵێت لەگەڵ کۆمپانیایەکی هۆڵەندی ڕێککەوتبوون کە کۆمپانیا هۆڵەندییەکە بنەتۆ و ئەوانیش زەوی بۆ چاندنی پەتاتە دابین بکەن و وەبەرهێنان لە پەتاتەدا بکەن. سەرەتا بەشی عێراق و کوردستان بەرهەم بهێنن. پاشان پەتاتە هەناردەی کوێت و سعودیە بکەن، بەڵام بەهۆی شەڕی داعشەوە پرۆژەکە وەستا.

بەگوتەی سەعدی ئەسعەد، شارەکانی عێراق ساڵانە پێویستیان بە 1.5 ملیۆن تۆن پەتاتە هەیە، بۆیە دەڵێت "ئەگەر هەماهەنگییەکی باش لەنێوان هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم و بەغدا هەبێت، بەرهەمی جووتیاران بگاتە 500 تۆنیش، گرفتی ساغکردنەوەی بەرهەمیان نابێت".

پارێزگای دهۆک لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لەڕووی چاندن و بڕی بەرهەمهێنانی پەتاتەوە، لەکۆی ئەو 213 هەزار تۆن پەتاتەی ئەمساڵ لە کورستان بەرهەم هاتووە 163 هەزار تۆنی لە دهۆک بووە.

بایز عەبدوڵڵا ، جووتیارێکی پێشکەوتووی قەزای بەردەڕەشە، لە وەرزی بەهاری ئەمساڵ 700 تۆن پەتاتەی چاندبوو، 9 هەزار تۆن بەرهەمی هەبوو. بەڵام دەڵێت "زۆربەی جووتیاران بەهۆی دابەزینی نرخەوە تووشی زەرەر بوون، منیش بەشێکی زۆری پەتاتەکانم هەرزانفرۆش کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی کڕیاری تایبەتیم هەبوو، وەکو جووتیارانی دیکە زەرەرم نەکرد".

### لێی زیادە و هاوردەشی دەکات

بەپێی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە 90 هەزار تۆن پەتاتەیە و ئەمساڵ 213 هەزار تۆن بەرهەمی هەبووە، بەڵام هێشتا پەتاتە لە ئێران و تورکیاوە هاوردە دەکرێ. سەمیر ئیسماعیل، بەڕێوەبەری باخداری لە وەزارەتی کشتوکاڵ بە (ڕووداو)ی گوت "بەهۆی کەمیی کۆگای ساردکەرەوە بۆ هەڵگرتنی پەتاتە، ناچارین بۆ پڕکردنەوەی پێویستیی هاووڵاتیان، لە کۆتایی مانگی ئەیلول تاوەکو ناوەڕاستی مانگی ئایار پشت بەهاوردە ببەستین. هەرکات کۆگای ساردکەرەوەی پێویستمان هەبوو، هاوردەکردنی پەتاتە بە یەکجاری رادەگرین".

**بەرهەمی پەتاتە (بە تۆن) لە هەشت ساڵی ڕابردوودا**

| پارێزگا | 2009 | 2010 | 2011 | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 1.170 | 5.100 | 8.146 | 14.700 | 13.547 | 26.700 | 34.614 | 42.257 |
| سلێمانی | 960 | 1.004 | 227 | 2.215 | 2.623 | 3.600 | 6.380 | 6.453 |
| دهۆک | 8.715 | 21.087 | 47.065 | 62.000 | 70.720 | 82.150 | 98.373 | 163.009 |
| گەرمیان | 1.020 | 1.034 | 2.021 | 2.300 | 474 | 1.006 | 1.220 | 1.637 |
| گشتی | 11.865 | 28.224 | 59.660 | 81.615 | 87.264 | 113.456 | 140.587 | 213.356 |

# بۆ چارەسەری موعجیزەئاسای قەیرانی دارایی مەگەڕێن



د.ئاشتی هەورامی*

**بەبێ چاکسازییەکی ڕاستەقینە، ئەگەر ڕۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل نەوت بە بەهای 100 دۆلاریش بەرهەم بهێنین، دیسان داهاتی نەوت بەشی خەرجییە زێدەڕۆییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناکات، کە خوومان پێوەگرتووە.**

کاتی ئەوە هاتووە سەرکردەکانی کوردستان بێن و ڕووبەڕووی ڕاستییەکانی ئەو تەحەدا ئابوورییانە ببنەوە کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە. کاتی ئەوە هاتووە جیاوازییەکان بەلاوە بنێن و پێکەوە کار بکەن بۆ ئەوەی چارەسەرێک بۆ ئەو ڕەوشە بدۆزنەوە، واتە ئەو چارەسەرانەی بناغەیەکی تەندروستی ئابووری بۆ داهاتووی کوردستان دادەنێن.

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕاوێژکاریی بانکی جیهانی کۆمەڵێک ئامادەکاریی کردووە بۆ ئەوەی چاکسازیی پێکهاتەیی بکات، بەڵام هەتا ئێستاش فۆکەسی سەرەکی بەرپرسان، پارتە سیاسییەکان و میدیا لەسەر داهاتەکانی حکومەت (واتە داهاتی نەوت) ماوەتەوە، هەڵبەت بەبێ ئەوەی خەرجییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پشکنینیان بۆ کرابێ.

ئەم دۆخەی ئێستا بەردەوام نابێ، بەڵام ڕاستییەکی سادە هەیە کە هەرێمی کوردستان لە ڕابردوودا و ئێستاش بە جۆرێک ژیاوە، هاوسەنگ نییە لەگەڵ سەرچاوەکانی داهاتی. دەبێ هەموومان بەرپرسیارێتی ئەمە هەڵبگرین: واتە هەم حکومەت، هەم پەرلەمان، هەم پارتە سیاسییەکان و میدیاش. ئەگەر ئاواتەخواز بین بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوت بەشێوازێکی موعجیزەئاسا کێشەکە چارەسەر دەکات، ئەوە ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسی جددیمان هەڵنەبژاردووە. چونکە ئەمە بەهیچ شێوەیەک ئەو دۆخە بنەڕەتییە داراییە پڕ کێشەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەر ناکات.

ئەوانەی سەرەوە ئەو پەیامە ڕاشکاوانە بوون کە لە گوتارەکەی خۆمدا لە کۆڕبەندی ساڵانەی پەیمانگای لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناسراو بە (MERI) لە هەولێر پێشکەشم کردن. لە گوتارەکەمدا بە زانیاریی پشتئەستوور و بە فاکت وردەکاریی داهات و خەرجییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانم لە ساڵی -2010 وە خستەڕوو، بۆ ئەوەی پێشانی بدەم کە هەموو ساڵێک خەرجییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو ئاستی داهاتیان تێپەڕاندووە.

لەوێدا ئەوەم خستەڕوو کە سەرهەڵدانی داعش، لێشاوی کۆچبەران و ئاوارەکان بەرەو هەرێمی کوردستان، بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە و شکانی نرخەکانی نەوت لەسەر ئاستی جیهان گوشارێکی زۆریان لەسەر ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست کردووە. ئەم هۆکارانە کاریگەرییان لەسەر توانای کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانیش داناوە کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، واتە کاریگەرییان لەسەر توانای وەبەرهێنان و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خاوی هەرێم بۆ یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا داناوە، کە ئامانجی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو بۆ 2016.

## بڕیارم داوە تێڕوانینی خۆم بۆ خەڵک ئاشکرا بکەم

هەروەها تیشکم خستە سەر قەرزە روو لە زیادبوونەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو جیاوازییە گەورەیەی لە نێوان داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و خەرجییەکانی لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا هەبووە، هۆشداریشم دا کە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکوو جاران بەردەوام بێ و خەرجییەکانی نەگرێتەوە و چاکسازییەکی ڕاستەقینە نەکا، ئەوا ئەگەر ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی نەوتی خاومان بگاتە یەک ملیۆن بەرمیل و نرخی هەر بەرمیلێک نەوتیش بگەڕێتەوە 100 دۆلار، دیسان بەشی پێویستییە داراییەکانی خۆمان ناکات.

## 28 تریلیۆن دینارمان بۆ پاڵپشتییە داراییەکانی سووتەمەنی و کارەبا خەرج کردووە

لە میدیاکانی کوردستاندا، ئەم خاڵەی دواییان بە تایبەتی قسەی زۆری لێکەوتەوە، هەندێک ناوەندی میدیایی نابەرپرسیار قسەکانی منیان شێواند، بە جۆرێک کە خزمەتی ئەجێندای خۆیان بکات.

## هەندێک ناوەندی میدیایی نابەرپرسیار قسەکانی منیان شێواند

گرنگە ئەم ڕاستییانەی خوارەوە لەبەرچاو بگیرێن:

1- کۆی گشتیی قەرزەکانی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی 24 تریلیۆن دیناری عێراقی (واتە 20 ملیار دۆلاری ئەمریکی)یە کە چوار تریلیۆن دیناری مووچەی نەدراو (پاشەکەوتکراو)ی فەرمانبەرانی کەرتی گشتییە. ئاشکرایە هۆکاری ئەم قەرزە زەبەلاحە بۆ ئەو 28 تریلیۆن دینارە دەگەڕێتەوە کە لە پاڵپشتییە داراییەکانی سووتەمەنی و تێچوونەکانی کارەبادا خەرج کراوە. ئەم پاڵپشتییە داراییانە لە 2010وە بە بڕێکی کەم دەستیان پێکرد، بەڵام دواتر لە کۆنترۆڵ دەرچوو، بە جۆرێک لە 2011 و 2012 بە ڕێژەی سێ بەرامبەر زیادیان کرد. سەرەڕای بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە و شکانی نرخەکانی نەوت، پاڵپشتە داراییەکان لە 2013 و 2014ش بەردەوام بوون، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوتبووە نێو ڕەوشێکەوە کە نەیدەزانی چۆن ئاستی زیانەکان سنووردار بکات. ڕاستییەکەی، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمان، بە تایبەتیش ژمارەیەک لە ئەندامانی لیژنەی وزەی پەرلەمان و پشتیوانە سیاسییەکانیانەوە، گوشاری خرابووە سەر بۆ ئەوەی پاڵپشتییە داراییەکان زیاتر بکات. ئاکامەکەشی بەرزبوونەوەی ڕێژەی قەرزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو.

2- کاتێک نرخی یەک بەرمیل نەوت لە 2012 و 2013دا لەسەرووی 100 دۆلار بوو، خەرجیی ساڵانەی وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان نزیکەی 18 تریلیۆن دیناری عێراقی بوو. ئەو بودجەیەی بەغداش بۆ هەرێمی کوردستانی دەنارد لەنێوان 14،5 بۆ 15 تریلیۆن دینار بوو، واتە 3 بۆ 3،5 تریلیۆن دینار کورتهێنانی بودجە هەبوو. وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم کورتهێنانەی پڕدەکردەوە، بۆ ئەم مەبەستەش قەرزێکی زۆری لە بانکە تایبەتەکانی نێوخۆ وەردەگرت، بۆ بەشێکیشی لە پارەی ئەو کۆمپانیایانەی دەگرتەوە کە لە بواری ئاوەدانکردنەوە و بەرهەمهێنانی کارەبادا کاریان دەکرد و گرێبەستیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەبوو.

3- جگە لەو 18 تریلیۆن دینارەی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەی ساڵانە خەرجی دەکرد، وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیش هەموو ساڵێک لە نێوان 5 بۆ 6 تریلیۆن دیناری بۆ بەکارهێنانی نێوخۆیی و بەرهەمهێنانی کارەبا خەرج دەکرد. هەر بۆیە کاتێک نرخی یەک بەرمیل نەوت نزیکەی 100 دۆلار بوو، خەرجی گشتیی ساڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان 23 بۆ 24 تریلیۆن دینار بوو (واتە 1،9 بۆ 2 تریلیۆن دینار بۆ هەر مانگێک).

4- ئەگەر نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە داهاتوودا بگەڕێتەوە 100 دۆلار (کە بۆ نەوتی کوردستان 90 دۆلارە، چونکە بەشێکی نرخەکە بەهۆی کواڵیتی نەوتەکە و تێچوونی دارایی ئەو پارانە دەڕوات کە پێشوەخت وەردەگیرێن) و ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنێ (واتە 100 هەزار بەرمیل بە پاڵاوتن و 900 هەزار بەرمیلیش بۆ هەناردەکردن)، ئەوە داهاتی گشتیی مانگانەی هەرێمی کوردستان لە نێوان 2،8 بۆ 2،9 تریلیۆن دینار دەبێ. پاش تێچوونی گواستنەوەی نەوت و دانی پارەی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان بەپێی ئیستیحقاقاتی گرێبەستەکانیان، بڕی داهاتی پوختەی مانگانەی هەرێمی کوردستان دەبێتە 2 بۆ 2،1 تریلیۆن دینار.

## سالانە 3 بۆ 3،5 تریلیۆن دینار کورتهێنانی بودجە بە قەرز پڕدەکرایەوە

5- ئەگەرچی لەسەر وەرەقە، ئەم داهاتە پوختەیە لەگەڵ هەموو خەرجییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا یەکی دەگرتەوە، هەڵبەت ئەگەر خەرجییەکان لە ئاستی قۆناغی پێش بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و بەر لە شکانی نرخەکانی نەوتدا مابنەوە، دیسانیش بەم سیاسەتانەی ئێستا، ئەو داهاتە زۆرەش بەشی ئەوەی نەدەکرد کاروبارەکانی پێ بەرەوپێش ببردرێ.

6- بۆ نموونە هیچ پارەیەکی زیادە نامێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەو 4 تریلیۆن دینارەی مووچەی پاشەکەوتکراوی پێ بدرێتەوە، یان ئەو 20 تریلیۆن دینار قەرزە کەڵەکەبووەی پێ بدرێتەوە. هەروەها ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو سیاسەتەی بەردەوام بێ، ئەوە هیچ داهاتێکی زیادەی نابێت بۆ ئەوەی مووچەی پێ زیاد بکرێ، یان فەرمانبەری زیاتر دابمەزرێنێ، یان مەودای پاڵپشتییە داراییەکانی پێ فراوان بکات (کە بۆ نموونە دەکرێ بۆ دابینکردنی کارەبای 24 کاژێری بەکاربهێنرێ)

7- بەدەر لە هەموو ئەمانە، لەگەڵ بەرزبوونەوەی داهاتی نەوت، داواکاری بۆ دانەوەی دەمودەستی قەرزەکانیش بەرز دەبێتەوە. لە 24 مانگی داهاتوودا پێویستی دەکرد مووچەی پاشەکەوتکراو و قەرزەکانی دیکەمان بدەینەوە. بۆ ئەم مەبەستە دەبێت 800 ملیار دینار لە داهاتی مانگانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پاککردنەوەی ئەم قەرزانە بەلاوە بنرێ.

## حکومەتی هەرێمی کوردستان 20 ملیار دۆلار قەرزدارە

## دەبێت مانگانە 800 ملیار دینار بۆ پاککردنەوەی قەرزەکانمان وەلا بنێین

دوای ئەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستان 1،2 بۆ 1،3 تریلیۆن دیناری بەدەستەوە دەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی خەرجییەکانی خۆی پێ پڕ بکاتەوە کە لە نێوان ساڵانی 2011 بۆ 2013 لە نێوان 1.9 بۆ 2 تریلیۆن دیناردا بووە بۆ هەر مانگێک.

کەوابێ، ئەگەر چاکسازی لە سیستەمەکەماندا نەکەین، داهاتمان بەش ناکات. وڵاتە دەوڵەمەندەکانی کەنداویش لە دۆخێکی هاوشێوەی ئێمەدان. حکومەتەکان خەریکی دەرکردنی بڕیاری قورسن، وەکوو بڕینی پاڵپشتی دارایی لە هەموو کەرتەکان. هەروەها پلانیشیان هەیە بۆ ئەوەی لەمەودوا لەڕادەبەدەر پشت بە داهاتی نەوت نەبەستن.

## خەڵکی کوردستان مافی خۆیانە ڕاستییەکان بزانن

## بەغدا 15 تریلیۆن دیناری دەنارد، کەچی خەرجیی ئێمە 18 تریلیۆن دینار بوو

ئێمەش لە کوردستان پێویستە کێشەکە چارەسەر بکەین و کۆمەڵێک چاکسازیی پێکهاتەیی (structural reforms) بکەین بۆ ئەوەی وابەستەیی خۆمان بە نرخی سەرچاوەکانی وزەوە کەم بکەینەوە. پێویستە هەندێک لە خەرجیە نابەجێکانمان لابدەین، زۆربەی پاڵپشتییە داراییەکانمان کەم بکەینەوە و کۆمەڵێک سەرچاوەی نوێی داهاتی نانەوتی بدۆزینەوە. پێویستە لە دەرەوەی کەرتی نەوت و غاز پەرە بە پیشەسازیی نوێ لە کەرتی تایبەتدا بدەین، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە گەشە بکەین.

دواجار دەزانم ڕەنگە هەندێکجار بیستنی ڕاستییەکان بێزارکەر و تەنانەت ئازاربەخشیش بێ، بەڵام بڕوام بەوەیە خەڵکی کوردستان هەقی خۆیانە ڕاستییەکان بزانن.

لە ماوەی 10 ساڵ کارکردنم لە هەرێمی کوردستاندا، هەموو کەموکوڕییە ئابوورییەکانم بینیوە، ئێستاش بڕیارم داوە تێڕوانینی خۆم بۆ خەڵک ئاشکرا بکەم. ئامانجی من ئەوەیە دیبەیتێکی ڕاستەقینە لەسەر ئەم پرسە زۆر گرنگە بهێنمە ئاراوە، هەر بۆیە گوتم حکومەت و پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە بەرپرسیارێتی ئەم قەیرانەی ئێستای هەرێمدا هاوبەشن.

هیچ چارەسەرێکی موعجیزەئاسا لە ئارادا نییە. بەرزبوونەوەی نرخی نەوت قەیرانەکە چارەسەر ناکات. هیچ کۆگایەکی شاراوەی داهاتەکانی نەوت لەئارادا نییە. حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بە تەنیا و بەبێ ئیرادەی سیاسیی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان ناتوانێ کێشەکان چارەسەر بکات.

وەکوو لە گوتارەکەمدا لە پەیمانگای (مێری)ش جەختم لەسەر کردەوە، پێویستە سەرکردە سیاسییەکان هەست بە واقیعەکە بکەن و پێکەوە کار بکەن بۆ ئەوەی چارەسەرێکی هاوبەش و درێژخایەن بۆ تەحەدا ئابوورییە قووڵەکانی هەرێمی کوردستان بدۆزنەوە.

*** وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان**



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

داعش لێرە بوو...

# چیرۆکە سامناکەکانی داعش هێشتا لە گەیارەن

فرمان عەبدولڕەحمان
ڕووداو- هەولێر

ڕێگای سەرەکیی گەیارە لەمێژە هامشۆی پێدا نەکراوە، داعش پردی سەرەکیی گەیارەی تەقاندبووەوە، بەو ئومێدەی ڕێ لە هێرش بگرێ، بەڵام ئەم هەوڵە نەیتوانی کۆمەکی بکات و ڕۆژی 27ی ئابی 2016 سوپای عێراق، شارۆچکەکەی کۆنترۆڵ کردەوە.

پێش ئەوەی بگەینە ناو گەیارە، خێرا خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری شارۆچکەکە بەرەو ڕوومان دێن و باسی ستەم و ڕۆژە ڕەشەکانی ژێر دەستی داعش دەکەن و چیرۆکەکانیان دەگێڕنەوە.

سەرحان مەحموود، گەنجێکی دانیشتووی گەیارە، هێشتا ترس و خەمی سەردەمی داعش بە سیمایەوە دەبینرا، گوتی "گرنگترین شت ئەوەیە ڕزگارمان بوو لە ستەمی داعش. 10 ڕۆژ دەستگیریان کردم بە تۆمەتی ئەوەی جگەرەم فرۆشتووە". ڕەنگە سزاکەی سەرحان سووکترین سزا بووبێ لەلای داعش.

کاتێک دەچیتە دەروازەی شارۆچکەکە، وێرانکارییەکی گەورە دەبینیت. وێرانکارییەک کە گومان دەکەیت بومەلەرزەیەکی بەهێز لە شارۆچکەکەی دابێ. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم وێرانکارییە شوێنەواری بۆردومانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانانە. بەپێی ئەو لاشانەی چەکدارانی داعشیش بێت کە لەو ناوەدا کەوتبوون، پێدەچێ داعش لەوێ بەرگرییەکی سەختی کردبێ.

گەیارە لەڕووی ئەو دابەشبوونە ئیدارییەی داعش بۆ ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی کردبوو، ناوەندی ویلایەتی دیجلە بووە کە لە هەرسێ ناحیەی گەیارە و شەرگات و زاب پێکهاتبوو، بەڵام ئەوەی گەیارە لە شوێنەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی داعش جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە بە درێژایی دوو ساڵی فەرمانڕەوایی داعش لە شارۆچکەکەدا، زۆرینەی دانیشتووانی ئەم شارۆچکەیە کە ژمارەیان نزیکەی 89 هەزار کەسە و هەموویان سوننەن، شایەتحاڵی هەموو ئەو تاوان و ڕەفتارە توندئاژۆیانەن کە داعش بەرامبەر خەڵکی کردبووی.

ئەبو حەنان، دانیشتوویەکی شارۆچکەی گەیارە، لەبارەی سەختیی ڕۆژگارەکانی حوکمی داعش گوتی "ئاوارەیان کردین. برسییان کردین. ستەمیان لێکردین. هیچیان بۆ ئیسلام نەهێشتەوە، ئەوان بانگەشەی ئیسلامیان دەکرد، بەڵام موسوڵمان نەبوون. بەناوی ئیسلامەوە ستەمیان لە خەڵک دەکرد. تەنیا لە شارۆچکەی گەیارە نزیکەی 500 کەسی بێتاوانیان کوشت".

یەکێک لە دامەزراوەکانی داعش بریتییە لە حوسبە کە ڕۆڵی پۆلیس دەبینێ بۆ جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی داعش و هەر کەسێ سەرپێچی بکات لەلایەن ئەو دامەزراوەیەوە سزای جەستەیی و دارایی دراوە.

بەپێی بەدواداچوونەکانی (ڕووداو) زۆرینەی دانیشتووانی گەیارە لەلایەن حوسبەی داعشەوە سزادراون. هەر بۆیە زۆرترین بنکەکانی داعش لە نێو شارۆچکەی گەیارەدا، بنکەو زیندانی حوسبە بوون.

شارۆچکەی گەیارە تەنیا 22 کیلۆمەتر لە شارۆچکەی مەخموورەوە دوورە. داعش توندئاژۆترین و سەرسەختترین چەکدارەکانی خۆی لەو شارۆچکەیە دانابوو کە سوپایەک بوو بەناوی دابق و زۆرینەی چەکدارەکانی بیانی بوون، بۆیە چیرۆکە کارەساتئامێزەکان لێرە زۆر لەوە زیاتر بوون کە پێشبینی دەکرا.

لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا داعش ژمارەیەک خەڵکی گەیارەی کۆکردووەتەوە بۆ پەڕاندنی دەستی گەنجێک کە بە دزیکردن تۆمەتبارکراوە، ئەو گەنجە ناوی عەباس عەلیە. دوای ئازادکردنی گەیارە بەدیار شاشەی کۆمپیوتەرێکەوە دانیشتووە و تەماشای دیمەنی دەستپەڕاندنەکەی خۆی دەکاتەوە کە لەلایەن داعشەوە وێنەی گیراوە. عەباس لەنێو گرتە ڤیدیۆکەدا یەکێک لە داعشەکان دەناسێتەوە کە ناوی ئەبو ماجیدە، بەڵام نازانێ ئێستا چی لێ بەسەرهاتووە.

ئێستا عەباس دەستی ڕاستی نەماوەو کەمئەندام بووە. ئازاری ئەو ڕۆژانەی هەرگیز بیر ناچێتەوە. ئەو گوتی "شەوانە کەلوپەلم لە شوێنی حەوانەوەی داعشەکان دەبرد، چی بکەم دۆخی ئابووریمان زۆر خراپ بوو ناچار بووم. هەتا شەوێک دەستگیرکرام. سەرەتا تۆمەتی سیخوڕیکردنیان دایە پاڵم، بەڵام پێمگوتن هاتووم کەلوپەلتان لێ بەرم، دواتر درامە دادگای شەرعی، قازی شەرعی بڕیاری دا دەستم بپەڕێنن، کە دەستیان بڕیمەوە هەستم بە هیچ نەکرد، چونکە بێهۆش کرابووم، بەڵام دواتر ئازارێکی زۆرم هەبوو".




زۆرینەی دانیشتووانی گەیارە لەلایەن حوسبەی داعشەوە سزادراون.

(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

گەنجێک بەدەم تەماشاکردنەوەی ڤیدیۆی پەڕاندنی دەستییەوە:

## کە دەستیان بڕیمەوە هەستم بە هیچ نەکرد

لە ماوەی دوو ساڵی فەرمانڕەوایی داعشدا پرۆسەی خوێندن لە گەیارە زیانی زۆری بەرکەوت، چونکە خوێندنی پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردەی عێراق وەستێنرابوو، تەنیا یەک خوێندن هەبووە ئەویش خوێندنی داعشی بوو کە منداڵان فێری بیروباوەڕی توندئاژۆیی دەکران. بۆیە زۆر کەس لە گەیارە بایکۆتی خوێندنیان کرد.

سەلمان ئەلشممەری دانیشتوویەکی گەیارەیە گوتی "20 ساڵ ئێمەیان گەڕاندەوە دواوە. قوتابخانەیان نەهێشت، زانستیان نەهێشت، تێگەیشتنیان نەهێشت، بەهۆی داعشەوە منداڵەکانمان نەخوێندەوار بوون. دەبوو کوڕەکەم لە پۆلی سێی سەرەتایی بێت، بەڵام ئێستا نەخوێندەوارە".

لە کاتێکدا داعش بۆ ماوەی دوو ساڵ دووکەڵی جگەرەی قەدەغە کردبوو گوایە زیانی بۆ مرۆڤ هەیە و حەرامە، کەچی لە 17ی ئابی 2016دا ژمارەیەک بیری نەوتی لە گەیارە تەقاندەوە و دووکەڵی ڕەش و زیانبەخشی کردە هەوا و ئاسمانی شارۆچکەکەی ڕەش داگەڕاند.

ئەبو عومەر، دانیشتووی گەیارە، شایەتحاڵی تەقاندنەوەی بیرە نەوتەکانی نێو گەیارەیە لەلایەن داعشەوە، ئەبو عومەر گوتی "داعش بە ڕۆژێک پێش ئازادکردنی گەیارە بیرە نەوتەکانی تەقاندەوە. سەرەتا بە فیشەک بۆریەکانیان کون کرد بۆ ئەوەی نەوتەکەی لەبەر بڕوات، دواتر نەوتەکە بە گەڕەک و ماڵەکاندا بڵاوبووەوە. پاشان بۆمبێکیان هێنا و کردیانە نێو بیرە سەرەکییەکە و تەقاندیانەوە".

ئەگەرچی لە دوو ساڵی دەسەڵاتی داعشدا لە گەیارە بەکارهێنانی مۆبایل قەدەغە نەبوو، بەڵام ئەوانەی لەسەر بەکارهێنانی مۆبایل تۆمەتی سیخوڕییان دراوەتە پاڵ و سزای کوشتنیان بەسەردا سەپێنراوە، کەم نین. لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا داعش بە بەرچاوی خەڵکی گەیارەوە، بە تۆمەتی سیخوڕی لەڕێی مۆبایلەوە، ژمارەیەک کەس گوللەباران دەکات و ژمارەیەکیش سەردەبڕێ.

یەکێک لە چیرۆکە کارەساتئامێزەکان لەو گرتە ڤیدیۆییەی داعشدا ئەوە بوو کە دوو کەس لەوانەی گوللەباران دەکرێن ئەندامی یەک خێزان بوون. داعش پێشتر کوڕێکی دیکەی هەمان خێزانی بێ سەروشوێن کردبوو. ئەو خێزانە، خێزانی عەبدوڵڵا حەموود بوون لە گەیارە. حەموود بە (ڕووداو)ی گوت "هیچ شتێک قەرەبووی ئێمە ناکاتەوە، سێ شەهید کەم نییە. وایان لێکردم ئەم شارۆچکەیەم لە بەرچاو بکەوێ، ئەگەرچی باب و باپیرانم لێرە لەدایک بوون".

داعش لە گەیارە ژمارەیەکی زۆر زیندانی دروستکردبوو بۆ سزادانی ئەوانەی ڕێنماییەکانی ئەوانیان جێبەجێ نەدەکرد. لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا، داعش زیندانەکانی خۆی وەک شوێنێکی سەردەمیانە پێشان دەدات، بەڵام لە ڕاستیدا زیندانەکانی داعش زۆر لەوە سامناکتر و ترسناکتر بوون کە پێشبینی دەکرا.

حامید ئەلحودی کە هەفتەیەک لە زیندانەکانی داعشدا بووە، گوتی "25 کەس لە ژوورێکی دوو مەتر بە سێ مەتریدا زیندانی بووین. لە گەرمای هاویندا تەنیا یەک ساردکەرەوە هەبوو کە بەبێ ئاو کاری دەکرد".

داعش لە شارۆچکەی گەیارە شکستی هێنا، بەڵام پێدەچێت یادەوەرییە سەختەکانی دەسەڵاتی داعش، تاماوەیەکی درێژ لە خەیاڵی دانیشتووانی شارۆچکەکەدا بمێننەوە.

# ئیسلامییەکانی کوردستان خۆیان کۆدەکەنەوە

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

**یەکگرتوو: گۆڕەپانی ئیسلامیی کوردستان بۆ کاری هاوبەش گونجاوە**

**کۆمەڵ: هەنگاو بۆ یەکگرتن دەنێین**

**بزووتنەوە: گوشاری جەماوەرمان لەسەرە**

**بزاڤی چاکسازی و گەشە: ئیسلامییەکان یەکناگرن**

ڕەنگە هیچ کاتێک نێوانی پارتە ئیسلامییەکان و ڕەوتە ئاینییەکانی کوردستان هێندەی ئێستا باش نەبووبێت، ئەوەش بەهۆی بوونی پرۆژەیەکی هاوبەشی کارکردن لەنێوانیاندا. بەرپرسە ئیسلامییەکان ئومێدی زۆریان بە سەرکەوتنی ئەو پرۆژەیە هەیە.

ئیسلامییەکانی کوردستان 17 کورسییان لە پەرلەمانی کوردستان هەیە (یەکگرتوو 10، کۆمەڵ شەش و بزووتنەوەش یەک کورسی). لە دەرەوەی ئەو سێ پارتە، چەند ڕەوتێکی دیکەش هەن، لەوانە بزاڤی چاکسازیی و گەشە کە لەلایەن د.محەممەد بازیانی سەرکردایەتی دەکرێت و ڕەوتی سەلەفییەکان کە لەلایەن د.عەبدوللەتیف سەلەفی ڕابەرایەتی دەکرێ.

دوای بوونەوەی بە ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە دوایین کۆنگرەی ئەو حیزبەدا، سەڵاحەددین بەهائەددین جارێکی دیکە پرۆژەی پێکەوە کارکردنی ئیسلامییەکانی ورووژاندەوە. لەو کاتەشەوە دەستی بە کۆبوونەوە کردووە لەگەڵ حیزب و ڕەوتەکانی دیکە.

هەفتەی ڕابردوو بارەگای ڕابەری بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان بووە ڕووگەی ئیسلامییەکان. ڕابەری بزووتنەوەی ئیسلامی بە جیا لەگەڵ هەر یەک لە عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵ و د.عەبدوللەتیف ئەحمەد، ڕابەری ڕەوتی سەلەفییەکانی کوردستان کۆبووەوە.

### بزووتنەوە: گوشاری جەماوەرمان لەسەرە

کامیل مەحموود، گوتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، خواست و گوشارێکی زۆری جەماوەر و ڕێکخراوە مەدەنییە ئیسلامییەکان لەسەر حیزبە ئیسلامییەکانە بۆ کاری هاوبەش.

کامیل مەحموود گوتی "دوا قۆناغی گفتوگۆکان، لەگەڵ برایانی کۆمەڵ دانیشتین و گەیشتینە کۆمەڵێک لێکتێگەیشتن و بڕیاری چارەنووسساز بۆ ئایندەی کار و پرۆژەکە".

کامیل مەحموود ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەو ساردییەی پێشتر بەهۆی جیابوونەوەی کۆمەڵ لە بزووتنەوە لە نێوانیاندا هەبوو، ئێستا نەماوە "بەهۆی ڕەهەندە دینییەکەوە کۆنترۆڵی خۆمان کردووە و برایەتی نێوانمان هێشتەوە. ئێستاش بڕیارمانداوە ڕێگە لە هەر تەشەنوج و ساردییەک بگرین کە لە کادیری خوارەوە ڕوودەدات".

گوتیشی "لیژنەی هاوبەش بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان و گەڵاڵەکردنی پرۆژە هاوبەشەکە دروست دەکرێت. دواتر لەگەڵ یەکگرتووش لیژنەی سێ قۆڵی دروست دەکرێت".

خەلیل ئیبراهیم، ئەندامی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی یەکگرتووی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەپێی ئەو دانیشتنانەی لەگەڵ لایەن و کەسایەتییە ئیسلامییەکان کردوویانە، بۆیان دەرکەوتووە تێگەیشتنی باش بۆ پرۆژەکە هەیە و گوتی "دەمانەوێت چوارچێوەیەکی باش بۆ ئەو کارکردنە دابنرێت کە بتوانین هەڵوێست و سیاسەت و کاری هاوبەشمان هەبێت".

کارکردنی هاوبەشی یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی بۆ دوو ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە کاتێک فراکسیۆنەکانیان لە ئەنجوومەنی پارێزگاکان تێکەڵ کرد. ڕێبوار حەمەد، گوتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی گوت، ئەوان هەر لەسەرەتاوە کە کۆبوونەوەی لوتکەیان لەگەڵ یەکگرتوو کردووە مەبەستیان یەکگرتن بووە.

ڕێبوار گوتی "داوامان کردووە هەنگاو بۆ یەکگرتن بنێین، بۆ پرۆژە هاوبەشەکەش لەگەڵ یەکگرتوو کۆدەبینەوە. لەگەڵ بزووتنەوەش بڕیاری دروستکردنی لیژنەی هاوبەش دراوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەربەستەکان لاببەین و هەنگاو بۆ یەکڕیزی بهاوێین".

### سێ پرۆژە بۆ کاری هاوبەش

بە گوتەی کامیل مەحموود، هەر سێ لایەنەکە پرۆژەی خۆیان بۆ کاری هاوبەش هەیە "هەریەکەمان پرۆژەیەکمان هەیە، دواتر دەیکەنە یەک پرۆژە، بەڵام خاڵی هاوبەشمان زیاترە و ئەگەریش بتوانین بگەینە پرۆژەیەکی هاوبەش، ئەو کاتە لەگەڵ ڕەوت و کەسایەتییەکانی دیکەش ئاسانترە بتوانین پێکەوە کار بکەین".

خەلیل ئیبراهیمیش دەڵێت جیاوازییەکانیان زۆر کەمن و ڕۆژ بەڕۆژیش نزیکتر دەبنەوە "هەمووان ئیدانەی توندڕەوی دەکەن و باوەڕیان بە هەڵبژاردن و کاری پەرلەمانی هەیە و گۆڕەپانی ئیسلامی کوردستانیش بۆ ئەو پرۆژەیە گونجاوە".

گوتەبێژەکەی کۆمەڵیش دەڵێت "ئێستا کار لەسەر کەمکردنەوەی جیاوازییەکان دەکەین و ئەگەر تواناکان یەک بخەین، کاریگەریمان زیاتر دەبێت".

بەڵام پێناچێت یەکگرتوو وا زوو لەگەڵ یەکگرتنی لایەنە ئیسلامییەکاندا بێت، خەلیل ئیبراهیم گوتی "ڕەنگە هەندێکیان تەماحی زۆریان هەبێت و دەیانەوێت ببینە یەک حیزب کە ئەوە ئامانجێکی دوورتر و ستراتیژییە، بەڵام ئێمە هەنگاو بە هەنگاو دەڕۆین".

### بازیانی: ئیسلامییەکان یەکناگرن

د.محەممەد بازیانی، ڕێکخەری گشتی بزاڤی چاکسازی و گەشە کە ڕەوتێکی دیکەی ئیسلامییە، ئاگاداری پرۆژەکەیە و دەڵێت "ئێمە هەشت ساڵ لەمەوبەر ئەو پێشنیازەمان کرد، بەڵام ئیسلامییەکان یەکناگرن، بۆیە پێویستە لە پرۆژەیەکی هاوبەشدا بە تایبەتمەندیی خۆیانەوە کار بکەن".

### "سەلەفییەکان بە پرۆژەکە دڵخۆشن"

ڕۆژی 2016/10/4 د.عەبدوللەتیف ئەحمەد، ڕابەری سەلەفییەکانی کوردستان، سەردانی عیرفان عەلی عەبدولعەزیز، ڕابەری گشتی بزووتنەوەی کرد. د.عەبدوللەتیف سەلەفی لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک سەبارەت بەو سەردانە دەڵێت "لەو سەردانە باسی کاروباری دەعوە کرا کە تەرکیز بخرێتە سەر بڵاوبوونەوەی ئیسلامێکی پاک دوور لە خورافات و کاڵبوونەوە و دەمارگیریی حیزبی، هەوڵ بدرێت کاری گەورە و سەرەکیمان بریتی بێت لە ڕێنماییکردنی خەڵک و دەرهێنانیان لە تاریکاییەوە بۆ ڕووناکی".

گوتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامی لەبارەی ئەو سەردانەی ڕابەری سەلەفییەکان بۆ لای بزووتنەوە گوتی "سەردانەکەی د.عەبدوللەتیفیش دەتوانین بڵێین وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە کاری ئەو ڕەوتە لە کوردستان، یەکەمجارە بێنە بارەگای ئیسلامییەکان". گوتیشی "ئەوان ڕەخنەیان لێگرتین کە ئیسلامییەکان، حیزبەکانیان کردووەتە فاکتەری جیاوازی لە نێوان موسڵمانان. پێیانگوتین کە بەو پرۆژەیە دڵخۆشن".



### بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو پێکەوەن

کامیل مەحموود، گوتەبێژی بزووتنەوەی لەئێستاوە دڵنیایە لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستاندا ئیسلامییەکان بەیەک لیست بەشداری دەکەن "جگە لەوەی پرۆژەیەکی هاوبەش هەیە، 80%ش بڕاوەتەوە کە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو بە یەک لیست بەشداری دەکەین". بەڵام خەلیل ئیبراهیم، ئەندامی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێت "بۆ لیستی هاوبەش هێشتا بڕیاری کۆتایی نەدراوە".

تاراوگە
ڕووداو
ژمارە (431) - دووشەممە 2016/11/7



## سوێد پرۆژەی بۆ ژنانی پەنابەر هەیە

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

حکومەتی سوێد چەند پرۆژەیەکی بەدەستەوەیە بۆ ئەو ژنانەی پاشخانی خوێندنیان باش نییە و ماوەیەکی زۆر لە ماڵەوە بوون. ئامانجیش لە پرۆژەکە ئەوەیە ئەو ژنانە بچنە نێو بازاڕی کار. لە گەڕەکی رینکەبی لە ستۆکهۆڵم یەکێک لەو پرۆژانە جێبەجێ دەکرێ کە پرۆژەی فێرگەی سەرەتایی ئاشنابوونە. لەو فێرگەیە ژنانی پەنابەر فێری زمانی سویدی دەکرێن. ئانسام ژنێکی بە رەگەز عێراقییە دەڵێت لەو ماوەی ئەو 10 ساڵەی لە سوید ژیاوە لە ماڵەوە بووە، نە کاری کردووە نە خوێندویەتی. ئەو دەڵێت سویدی نازانم لەبەرئەوەی لە ماڵەوە لەگەڵ سێ منداڵەکەم بووم.

## شەڕ لە مووسڵە و تۆزەکەی لە سوێدە

# شەڕی مووسڵ کێشە دەخاتە نێو عەرەبەکانی سوێد

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

ئەو ئۆپەراسیۆنەی بۆ وەدەرنانی داعش لە مووسڵ دەستی پێکردووە، تۆزەکەی گەیشتووەتە نێو کەمپی پەناخوازانی عەرەبی عێراقی لە سوێد، لە یەکەم کاردانەوەشدا ئۆفیسێکی شیعەکانی عێراق لە شاری مالموێ سووتێندرا. سەردیوارەکانی هەندێک شوێنی ئەو شارەش پڕبوون لە دروشمی دژ بە سوننە.

دەستپێکردنی شەڕی مووسڵ، تەنیا لەسەر ناوچەکانی شەڕ نا، بگرە کاریگەری لەسەر تاراوگەنشینانیش داناوە. هەر لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە هێرش کرایە سەر ناوەندێکی ئاینیی شیعەکان لە شاری مالموێی سوێد. شیعەکان پێیانوایە ئەوە کاری سوننەکانی ئەو وڵاتە بووە، بۆیە چەندین دروشمیان لە دژی سوننە لەسەر دیوارەکان نووسی.

"هیچ ڕووداوێک، هێندەی شەڕی داعش کاریگەری لەسەر پەرتبوونی تاراوگەنشینانی سوێد نەبووە، بەتایبەت لە نێوان ئێمە (سوننە و شیعەکان)". ئەمە گوتەی حەیدەر نعمان، چالاکڤانی ئیسلامیی شیعەیە.

نعمان، یەکێک بووە لەو موسوڵمانە شیعانەی لە هێرشەکانی شاری مالموێ رزگاری بووە کە لەگەڵ شەڕی مووسڵ کرایە سەریان و بارەگاکەیان سووتاندن.

ئەگەرچی پۆلیسی مالموێ رەتیکردەوە ئەم ڕووداوانە پەیوەندی بە ئیسلامی توندڕەوەوە هەبێت، بەڵام ئەم چالاکڤانە شیعەیە دەڵێت "تەنیا تۆڵەی ئەوان بوو لە ئێمەی شیعە، بەڵام شەرم دەکەم باس لەم جیاوازیانە دەکەم، پێش ئەم ڕووداوانە ژیانێکی ئارام و پەیوەندیی ئاساییمان هەبوو".

شاری مالموێ کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای سوێد، زۆرترین عەرەبی عێراقی لەخۆگرتووە.

هادە جەلیل فەیلی کە لە مالموێ دەژی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە تێداماوین و نازانین خۆمان بە کام بەشەی موسڵمانی ئەو شارە بزانین".

هادە کە خۆی بە کوردێکی شیعە ناساند، گوتی "یەک لە کاریگەرییە خراپەکانی دوای شەڕی داعش ئەم شەڕە کۆمەڵایەتییەیە. سوننەکان پەنا بۆ ئێمە دێنن، بەڵام ئێمە زیاتر لە شیعەکان نزیکین".

بەها عودەی، ئەندامی ئەنجوومەنی موسوڵمانانی سوێد، خەڵکی شاری مووسڵە و سوننە مەزهەبە. ئەو دەڵێت "ئەوەی پارتە ئیسلامییە شیعەکان دەیکەن، هاوشێوەی کارەکانی داعشە، لێرەش ژیانیان لێ تاڵ کردووین".

### داعشەکانی سوێد دەگەڕێنەوە

سوێد پێش زۆربەی وڵاتانی ئەورووپی ڕایگەیاند کە ئەو کەسانە دادگایی دەکات بەشداریی شەڕەکانی سووریا و عێراق دەکەن. لە یاسای نوێی سوێدیشدا سەبارەت بە تیرۆر هاتووە "هەر جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ گرووپە توندڕەوەکان و سەفەرکردن بە مەبەستی بەشداری لە شەڕ، قەدەغەیە و دەچێتە خانەی تیرۆر".

بەڵام حکومەتی سوێد ئامادەیی خۆی نیشانداوە بۆ وەرگرتنەوەی ئەو سوێدیانەی چوونەتە نێو گرووپە توندڕەوەکان. بەپێی ئەو زانیارییانەی لە پۆلیسی سوێد دەست (ڕووداو) کەوتوون، لەکۆی ئەو 300 کەسەی لە سوێدەوە چووبوونە ڕیزی داعش و گرووپەکانی دیکەوە، 130 کەسیان گەڕاونەتەوە. ئەوان زۆرتر دانیشتووی گەڕەکە پەراوێزخراوەکانی ستۆکهۆڵم و هەردوو کۆمۆنی لوند و ئێوریبرو بوون.

ماری یۆهانسن، توێژەر و مامۆستای زانکۆ، گەڕانەوەی ئەو کەسانە بە هەڕەشە لەسەر وڵاتەکەی دەزانێت و دەڵێت "ڕێگەدان بە گەڕانەوەی ئەو کەسانە، هەڕەشەیە لەسەر حکومەتی ئێستای چەپەکانی سوێد و هەموو خەڵکی وڵاتیش".

یۆهانسن نزیکە لە پارتی سوێدییە دیموکراتەکان کە بە ئاشکرا دژایەتی بیانی دەکەن، ئەو گوتی "دەبێت بیانییەکانی ئەم وڵاتە بە ئاشکرا ئەو جۆرە خەڵکانە لە نێو خۆیان دەربکەن".

یۆهانسن لەبارەی ڕووداوەکانی مالموێ و ئەو کێشانەی لە دوای ئۆپەراسیۆنی مووسڵ لەنێو سوننە و شیعەکانی ئەو وڵاتە دروست بووە، کوردی بە نموونەیەکی باش هێنایەوە کە پشتگیریی هیچیان ناکات و گوتی "باش دەکەن کە وەک میوانێکی ئەم وڵاتە، ڕێز لە پرەنسیپ و بەها کۆمەڵایەتییەکان دەگرن".

### کوردی سوێد نیگەرانن

هیچ پێکهاتەیەک لە بیانییەکانی سوێد، هێندەی کورد نیگەران نین لە بڕیاری وەرگرتنەوەی ئەو کەسانەی پێشتر لە نێو گرووپە توندڕەوەکاندا بوون.

ئادەم جەباری، کوردی دانیشتووی سوێد کە پێشتر وەکو خۆبەخشێک گەڕاوەتەوە کوردستان و شەڕی لە دژی داعش کردووە، دوای گەڕانەوەی بۆ سوێد لێپرسینەوەی لەگەڵ کرابوو. ئەو گوتی "وەکو تاوانبارێک مامەڵەم لەگەڵ کرا، بەڵام داعشەکان وەردەگرنەوە و ڕێزیان لێدەگرن و خولیان بۆ دەکەنەوە، گوایە ئەمانە قوربانین".

پارتی سۆسیال دیموکرات، وەک پارتی یەکەمی دەسەڵات زیاتر لە هەموویان لەم بارەیەوە تاوانبار دەکرێت، بەڵام میکی هانس کە کادرێکی ئەو پارتەیە دەڵێ "دەبێت وەک یەک سەیر بکرێن، ئەوانەی تاوانیان نەکردبێ، ئاساییە وەربگیرێنەوە، ئەوانیش قوربانیی جەنگن و پێویستیان بە خولی شیاندنی کۆمەڵایەتی هەیە".

لاوێن ڕێدار ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیسی پارتی سۆسیال دیموکراتەکان، پێشتربە (ڕووداو)ی گوتبوو "ئەو کەسانەی بەشداریی شەڕیان کردووە، هەموویان پێویستیان بە پرۆسەیەکی تایبەت بۆ شیاندنەوە و دوورکەوتنەوە لە کاری توندوتیژی هەیە، جا لە هەر پێکهاتەیەک بن".



چالاکییەکی عەرەبە شیعەکان لە گۆڕەپانێکی ستۆکهۆڵم (فۆتۆ: ڕووداو)

---

**کوردێکی فەیلی:**
**لە نێوان شیعە و سوننەی سوێد تێداماوین**

**عەرەبێکی شیعە:**
**سوننەکان تۆڵەی شەڕی مووسڵ لە ئێمە دەکەنەوە**

**عەرەبێکی سوننە:**
**شیعەکان هاوشێوەی داعش ڕەفتارمان لەگەڵ دەکەن**

---

### مزگەوتیان پێ باشترە

بەپێی توێژینەوەیەکی دامەزراوەی نا بۆ کەسایەتی لادەر و ڕووخاو (VarkenHo-raellerKuvad) لە سوێد، کە یەکێک لەوانەی کاری تێدا کردووە کوردە، دەرکەوتووە زۆربەی ئەو تاراوگەنشینانەی پشتگیری لە داعش دەکەن، دەکەونە گەڕەک و ناوچە پەراوێزخراوەکانی شارە گەورەکانی سوێدەوە.

هەر بەپێی ئەو توێژینەوەیە کە هەفتەی ڕابردوو ڕۆژنامەی (Dagensnyheter) ئەنجامەکەی بڵاوکردەوە "%49ی گەنجانی بیانی، دامەزراوە ئاینییەکانیان لە دامەزراوەیەکی دەوڵەتیی وەکو قوتابخانەکان پێ باشترە". هەروەها "لەکۆی ئەو 1200 کەسەی بۆ توێژینەوەکە بۆچوونیان وەرگیراوە، 130 کەسیان گرووپێکی وەکو داعشیان پێ باش و قبوڵکراو بووە".

## چەندین منداڵی کوردیان تێدایە

# 10 هەزار منداڵی کۆچبەری بێکەس لە سوێد هەن

**ڕووداو- هێلسنکی، ستۆکهۆڵم**

شەپۆلی دەریا تەرمی هاوژینەکەی و یەکێک لە منداڵەکانی لەگەڵ خۆی برد، تەرمی منداڵە بچووکەکەشی لەسەر دەست بوو، بەڵام بەهۆی گەڕان بەدوای منداڵێکی دیکەیدا، ناچار بوو تەرمی منداڵە بچووکەکەشی ڕادەستی شەپۆلەکانی دەریا بکات. فریاد سێ تەرمی لەدەست چوو، هیچیش لە بارەی چارەنووسی زریان نازانێت.

زریان یەکێکە لەو هەزاران منداڵە کۆچبەرەی کە لە ڕێگەی کۆچدا دیار نەماون، هەندێک لەو منداڵانە لەنێو دەریادا خنکاون و تەرمەکانیان نەدۆزراوەتەوە، هەندێکیشیان تەرمەکانیان دۆزراوەتەوە و لە تورکیا نێژراون، بەڵام هەندێک لەو منداڵانە گەیشتوونەتە وڵاتانی ئەورووپا کە فریاد بەهیوایە کوڕەکەی ئەو یەکێک بێت لەوان.

فریاد محەممەد، 31 ساڵ کە خێزانەکەی لە ئاکامی تێکشکانی بەلەمێک لە دەریای ئیجەدا لەنێوچوو، ئێستا لە کەمپێکی باکووری ڕۆژئاوای فینلاند نیشتەجێیە. فریاد لە کوردستان پێشمەرگە بوو، لە هیچی کەم نەبوو، بەڵام قسەی خەڵک پاڵی پێوەنا بۆ کۆچکردن.

فریاد یەکێک بوو لەو 200 کۆچبەرەی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە هەماهەنگیی یەکێتی ئەورووپا لە یۆنان گواسترانەوە و بەسەر وڵاتانی ئەورووپادا دابەشکران. فریاد لە فینلاند گیرسایەوە.

بیر و خەیاڵی فریاد هەر لەلای زریانە "لەو کاتەی ڕزگارکراین خۆم گوێم لە دەنگی بوو کە هاواری دەکرد باوکە ماوم. چەند کەسێکیش لە ڕزگاربووەکان زریانیان بە چاوی خۆیان بینیبوو کە موغەزیی بۆ دانراوە".

دوای ڕزگاربوونیان، بەهۆی پاڵنان و گوشاری پۆلیس و قەرەباڵغیی کۆچبەران، فریاد نەیتوانیوە زریانی کوڕی بدۆزێتەوە. فریاد گوتی "دوای ئەوەی ڕزگارمان بوو، بەرەو کەمپە کاتییەکان بەڕێکراین لە یۆنان، زۆر تکام کرد بوارم بدەن بەدوای منداڵەکەمدا بگەڕێم، گوێیان لێ نەدەگرتم، دوای ماوەیەکی زۆر داوای وێنە و ناسنامەیان لێ دەکردم، بەڵام هیچم پێ نەمابوو".

هیچ ئامارێکی ورد لەبەردەست نییە کە چەند منداڵی کورد وەکو زریان چارەنووسیان دیار نییە، بەڵام کەیسی هاوشێوە زۆرن.

موئەیەد فەتاح، گەنجێکی خۆبەخشە و هەندێک زانیاری لەبارەی ئەو منداڵە ونبووانە هەیە، دەڵێت "دەیان کەیسم هەیە، کە چارەنووسیان دیار نییە، تەنیا ئەوە دەزانرێ کە لە ژیاندا ماون".

موئەیەد فەتاح بەهەماهەنگی لەگەڵ چەند ڕێکخراوێک، ڕووی لە ئەورووپا کردووە و ئێستا لە سوێدە. پێشتریش هەر لە ڕێگەی ئەوەوە هەماهەنگی لەگەڵ باڵیۆزخانە و چەند ڕێکخراو و دامەزراوەیەکی تورکی کراوە و بەوهۆیەوە دەیان تەرم هێنراونەتەوە کوردستان.

موئەیەد لەبارەی چارەنووسی زریان، دەڵێت "زریان ماوە، تەنیا ئەو نییە و چەند منداڵێکی دیکەشن، بەڵام دۆزینەوەیان ئەستەمە. چونکە لەنێو ئەو منداڵە کۆچبەرانەی لە ئیزمیر نێژراون کە ژمارەیان سەدان منداڵ دەبێ، ژمارەیەکی کەمیان دۆسیەیان بۆ کراوەتەوە و زانیاری و هەندێک وێنەی تێدا هەڵگیراوە، ئەوانەی دیکە تەنیا گۆڕێکی بچووک و ژمارەیەکە و هیچیدی".

پێشتر دامەزراوەی کۆچی سوێد بڵاوی کردەوە ئەو منداڵانەی بە تەنیا هاتوونەتە سوێد ژمارەیان 10 هەزار منداڵە و هەندێکیان هیچ زانیارییان لەبارەی ڕابردوویان نییە.

بەشێکی زۆر لەو منداڵانەی بەتەنیا چوونەتە سوێد، دەوڵەت بەخێویان دەکات و کارئاسانییان بۆ دەکات.

هانس ئیندرشۆن لە ڕێکخراوی منداڵپارێزی سوێدی دەڵێت "دۆزینەوەی تاکەتاکەی ئەو منداڵانە ئەستەمە و بەشێکیان هیچ لەبارەی ڕابردوویان نازانن".

ئەو چالاکڤانە سوێدییە ڕەخنەی لە دەوڵەت هەیە کە کەمتر بایەخ بەو منداڵانە دەدات و گوتیشی "ژمارەی منداڵانی تەنیا لە سوێد لە سەرووی 10 هەزارەوەیە. لە نێویاندا هەیە کە نێردراون بەمەبەستی ئەوەی لە داهاتوودا ببنە سەرچاوەی ژیانی خێزانەکەیان، بەشێکیان ڕابردوویان دیار نییە و بەڕاستی بێکەسن، بەڵام دەوڵەت بە یەک چاو سەیریان دەکات".

ئەندێرش دانیلسون، سەرۆکی دامەزراوەی کۆچی سوێد پێشتر ڕایگەیاندبوو کە هەموو ئاسانکارییەک دەکەن بۆ منداڵانی بێکەس، بەڵام کێشەی زۆریان هەیە "هەندێک لە کۆچبەران کە بە فێڵ تەمەنی خۆیان بچووک کردووەتەوە، کێشەی زۆری بۆ دروستکردووین". ڕەنگە هەر ئەوە بێت کە ئێستا حکومەتی سوێدی ناچار کردووە تەمەن لە ڕێگەی پشکنینی (DNA) دەستنیشان بکات.

هانس ئەمە بە شتێکی باش دەزانێت، بەڵام دەڵێت "ناکرێت بەهۆی ژمارەیەکی کەم لە کۆچبەران کە کێشەیان هەیە، چارەنووسی دەیان هەزار منداڵی بێکەس بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە".

بەشێکی زۆر لەو منداڵانە بەسەر خێزانەکاندا دابەشکراون و بە پاڵپشتی و هاوکاریی ماڵیی دەوڵەت بەخێودەکرێن و هەندێکیشیان ڕاستەوخۆ لەلایەن کۆمۆنەکان چاودێری دەکرێن و لە کەمپی تایبەت دانراون.

هانس هیچ زانیاری لەسەر کەیسێکی وەک زریان نەبوو، بەڵام گوتی "سەدان کەیسی منداڵانی بێکەس هەن کە کێشەی تایبەت و جۆراوجۆریان هەیە. بەشێک لەو منداڵانە زمانی ڕەسەنی خۆیان لەبیر کردووە".

ئەم بابەتە تەنیا لە سوێد نییە و هەمان کێشە لە نەرویج و ئەڵمانیا و فینلاندیش هەیە.

هەڵۆ جەمال، چالاکڤان و پارێزەر لە فینلاند کە ماوەیەکە لە بواری پەنابەران کار دەکات، بە (ڕووداو)ی گوت "کەیسی چەند منداڵێک ئاشکرا بووە کە هەندێک خێزان خاوەندارێتییان دەکەن، پێدەچێت مەبەستی بازرگانی تێدا هەبووبێت و منداڵی خۆیان نەبێت".

ئاسانکاریی دەوڵەت بۆ ئەو خێزانانەی منداڵیان لەگەڵە، هانی چەند خێزانێکی داوە جۆرێک لە ساختەکاری بکەن.

هەڵۆ دەڵێت "خێزان هەبووە، بەزۆر و لەژێر گوشاردا منداڵی دیکەیان کردووەتە منداڵی خۆیان، بەڵام دواتر ئاشکرا بووە".

بوونی ئەم چیرۆکانە لە کەمپەکانی فینلاند و زانیارییەکانی هانس، گومانەکانی فریاد زیاتر دەکەن لەسەر ئەوەی کە دۆزینەوەی منداڵەکانیان ئەستەم بێت.



هەندێک لە منداڵە بێکەسەکانی سوێد زمانی دایکیان بیرچووەتەوە (فۆتۆ: ڕووداو)

## عەممان بە تەمای فیلمسازانی کوردە

**دەریاز یونس/ ڕووداو – هەولێر**


کۆتایی ئەم مانگە، یەکەم خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم لە عەممان بەڕێوەدەچێت، بەڕێوەبەرایەتیی فێستیڤاڵەکە بەفەرمی داوایان لە سینەماکارانی کورد کردووە فیلمەکانیان بۆ بەشداریکردن لە فێستیڤاڵەکە بنێرن. شەهلە غامد، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی یەکەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم لە عەمما بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەزموونی سەرکەوتووی فیلمەکانی هەرێمی کوردستانیان لە فێستیڤاڵە جیهانییەکاندا بینیوە، بۆیە بە فەرمی داوایان لە سینەماکارانی کورد کردووە فیلمەکانیان بۆ فێستیڤاڵەکە بنێرن.

غامد گوتیشی، چەند فیلمێکی کوردییان پێگەیشتووە و ڕەزامەندییان داوە لەسەر بەشداریکردنیان لە بەشی پێشبڕکێی سەرەکیی فێستیڤاڵەکە. لە دەیان وڵاتی دیکەی جیهانیشەوە فیلم بۆ فێستیڤاڵی فیلمی عەممان دێن.



### هونەرمەند نەجمەدین غوڵامی بۆ(ڕووداو):

# بە شان و باڵی حیزبدا هەڵنالێم، بۆیە هاوکاریی ناکرێم



دەنگەکەی لەو دەنگە دەگمەنانە بوو کە ورەی دەدایە بەر پێشمەرگە. چەندین سروودی بۆ پێشمەرگە تۆمار کردووە. ئەو دەیەوێ دیسان بەو دەنگەوە هانی پێشمەرگە بدات بۆ شەڕی دژی داعش.

هونەرمەند نەجمەدین غوڵامی، ناوێکە سروودە شۆڕشگێڕییەکانی بەسن بۆ پێناسەکردنی. ئەو کە لە تاراوگە دادەنیشێ، لە کەناڵی نەورۆزی سەر بە پژاک کاردەکات، بەڵام ڕەتیدەکاتەوە پەیوەندی بەو ڕێکخراوەی سەر بە پەکەکەوە هەبێت.

نەجمەدین غوڵامی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستانە، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی هۆکاری گەڕانەوەی دەکات.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

**ڕووداو: ماوەیەکە لە هەرێمی کوردستانی، چ بەرنامەیەکت بەدەستەوەیە؟**

**نەجمەی غوڵامی:** سەردانەکەم بۆ باشووری کوردستان بۆ دوو مەبەستە، یەکێکیان سازکردنی کۆنسێرتێک بە هاوکاریی ماڵی موزیک کە 15 ژەنیارم لەگەڵدایە و بڕیارە ڕۆژی 2016/11/11 لە هۆڵی تەلاری هونەر لە شاری سلێمانی سازی بکەین. چونکە مانگی ئایاری ئەمساڵیش کە گەڕامەوە پێشنیازی ئەو کۆنسێرتەم کرد بۆ پشتگیریی پێشمەرگە، بەداخەوە لایەنە پەیوەندیدارەکان جێبەجێیان نەکرد، بۆ کۆنسێرتەکەی ئەمجارەش دیسان بەداخەوە هیچ کۆمپانیایەک و هیچ لایەنێک هاوکاریی ماڵی موزیکیان نەکرد. مەبەستی دووەمیشم تۆمارکردنی چەند ئەڵقەیەکە لە بەرنامەی ئێوارەت باش کوردستان بۆ نەورۆز تیڤی.

**ڕووداو: بەرهەمەکانی کۆنسێرتەکە چی دەبن؟**

**نەجمەی غوڵامی:** گۆرانی و سروودی نەتەوەیی. بەرهەمی نوێشی تێدایە، لەگەڵ چەند گۆرانییەکی پێشترم بە موزیکی نوێوە.

**ڕووداو: کۆنسێرتەکە هەر لە شاری سلێمانی دەبێت، یان لە شارەکانی دیکەش؟**

**نەجمەی غوڵامی:** هەر لە سلێمانی، چونکە بەداخەوە دەرفەتم نییە ئەگەرنا لە هەولێر و دهۆکیش دەمانکرد.

**ڕووداو: زۆرجار دەگوترێت ئێستا کاتی شەڕە و چەندین قەیران هەیە، ناکرێت کۆنسێرت بکرێ؟**

**نەجمەی غوڵامی:** ئەوە بەڕاست نازانم، چونکە هونەر خۆراکی مێشکە، بەهۆی ئەو شەڕەوە میللەتەکەمان ئەو هەموو کارەساتە دەبینێ. بەدرێژایی شۆڕشەکانی ڕابردووش، هەمیشە موزیک و گۆرانی پاڵپشتی شۆڕش و پێشمەرگە بووە.

**ڕووداو: تۆ لە کاتی پرۆسەی ئازادیی عێراق گۆرانییەکت بۆ پێشمەرگە تۆمار کرد، بەڵام بۆ شەڕی داعش بەرهەمت نەبوو، بۆچی؟**

**نەجمەی غوڵامی:** چەندین مانگە سروودێکم بۆ پێشمەرگە لەسەر ئەرکی خۆم تۆمارکردووە. ڕۆژی 2016/11/2 لەگەڵ تەلەفزیۆنی خاک قسەم کرد بۆ کلیپکردنی. سروودێکیشم بۆ کۆبانێ بەدەنگ بڵاوکردووە، بەڵام بەداخەوە کەمتەرخەمیی لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕاگەیاندنەکانە کە وەکو پێویست نەهاتوونەتە پێشەوە.

**ڕووداو: تۆ هونەرمەندێکی دیار و بەئەزموونیت، بۆچی ڕاگەیاندنەکان بەو شێوەیە مامەڵەت لەگەڵ دەکەن؟**

**نەجمەی غوڵامی:** هۆکارەکەی ئەوەیە کەسێکی حیزبی نیم و بە شان و باڵی حیزبدا هەڵنالێم، بەڵکو نەتەوەییم و پێمخۆشە لە خزمەتی گەل و نیشتمانەکەمدا بم. ڕێزم بۆ هەموو حیزبەکان هەیە و هەر کامیان کاری باش بۆ نەتەوەکەم بکەن دەستخۆشییان لێدەکەم. هەر کامیشیان کاری خراپ بکەن ڕەخنەیان لێدەگرم.

**ڕووداو: ئێوە لە سەردەمی شاخدا گۆرانیتان بۆ پێشمەرگە دەگوت، پێتوایە هونەرمەندان لەم قۆناغەدا توانیبێتیان بە هونەرەکەیان پشتگیریی پێشمەرگە بکەن؟**

**نەجمەی غوڵامی:** چۆن پارە بە چەک دەدرێت بۆ دژایەتی دوژمن، ڕاستە قەیرانی داراییە، بەڵام دەبێت بەهەمانشێوە پارەی تایبەت بۆ هونەریش تەرخان بکرێت، بۆ ئەوەی وره بە کۆمەڵگە بدرێتەوە، چونکە ئەگەر وا نەبێت کۆمەڵگە تووشی خەمۆکی دەبێت، من تاڕادەیەک ئاگادارم هونەرمەندانیش درێغییان نەکردووە.

**ڕووداو: چەند ساڵێکە کاری میدیایی دەکەیت، چۆن بوو چوویتە ئەو بوارە؟**

**نەجمەی غوڵامی:** کاتێک لە سوید بۆشاییم هەبوو، برادەرانی نەورۆز تیڤی پێشنیازی ئەو بەرنامەیان بۆ کردم. منیش پێم خۆش بوو بیکەم و خەڵکیش زۆر بینەری بەرنامەکەن.

**ڕووداو: هەست ناکەیت هاوکارینەکردنی لایەن و کەناڵە کوردییەکان، زۆرتر لەبەر ئەوە بێت کە لە کەناڵی نەورۆز بەرنامە پێشکەش دەکەی و ئەو کەناڵەش نزیکە لە پەکەکە؟**

**نەجمەی غوڵامی:** لەوانەیە هەندێک کەس ئەو هەستیارییەیان هەبێت، بەڵام هەموو میدیایەکی کوردی خزمەتی گەل و نیشتمان دەکات، پاشان کەسێکی حیزبی نیم و نیشتمانیم، ئەوانیش ڕۆڵەی ئەم میللەتەن و خوێنیان لەسەر خاکی کوردستان دەڕژێت.

**ڕووداو: بەرهەمی تازەت هەیە؟**

**نەجمەی غوڵامی:** بەڵێ ئەلبوومێکی نوێم بە دەستەوەیە، تاوەکو ئێستا حەوت گۆرانیم ئامادەیە و سێی دیکەشیان ئامادە دەکەم، بەڵام نازانم کەی بڵاودەکرێتەوە، شێوازی گۆرانییەکانیش پۆپ و ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی و ئۆرکسترایییە.

هونەریش وەکو چەک پێویستی بە پارەیە

ئەلبوومە نوێیەکەم 10 گۆرانییە

کارکردنم لە نەورۆز تیڤی، پەیوەندی بە حیزبایەتییەوە نییە

### نەجمەی غوڵامی کێیە؟

نەجمەی غوڵامی، لە یەکەم ڕۆژی نەورۆزی ساڵی 1958 لە گەڕەکی گوڵشەنی شاری سنە لەدایک بووە. لە تەمەنی 18 ساڵییەوە لە ڕادیۆی سنە و کرماشانەوە دەستی بە گۆرانیگوتن کردووە. لە کاتی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران پەیوەندی بە کۆمەڵەوە کردووە، هەشت ساڵ پێشمەرگەی ئەو حیزبە بووە. دواتر چووەتە سوێد. نەجمەی غوڵامی لەگەڵ کچە خاڵێکی خۆی خێزانی پێکەوە ناوە، خاوەنی دوو کوڕە بەناوەکانی هێرش و هێژا. خاوەنی چەندین ئەلبوومی گۆرانییە لەوانە: شەتاو 1995، پیری موغان، 1997، خان و مان، 1998، من و تۆ 2001، نیشتیمان 2005 و هاژەی خۆزگە 2007.

### ئیسلام زاخۆیی بۆ(ڕووداو):

# ئیشێکی باشترم دەستبکەوێ، واز لە گۆرانیگوتن دێنم

ڕۆژی لەدایکبوونەکەی بۆ ئەو دەبێتە دوو جەژن، لەلایەک یادی لەدایکبوونی دەکاتەوە و لەلایەکیش یادی ڕۆژی جیهانیی میوزیک دەکاتەوە. بەڵام هونەر لەلای ئەو پیشەی سەرەکی نییە و دەڵێت ئەگەر کارێکی باشتری دەستبکەوێ واز لە گۆرانیگوتن دێنێ.

ئیسلام عەبدولڕەحمان ناسراو بە ئیسلام زاخۆیی، لە 1/10/1982 لە شاری زاخۆ لەدایک بووە. برای هونەرمەند عەبدولقەهار زاخۆییە و دەڵێت براکەی پەیمانگەیەک بووە بۆ پێگەیاندنی ئەو.

ئیسلام زاخۆیی تائێستا سێ ئەلبووم و چەندین گۆرانی بەشێوەی تاک بڵاوکردووەتەوە. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی ژیانی تایبەتی و هونەریی خۆی دەکات.

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی



**ڕووداو: پێدەچێ لە بنەماڵەیەکی دیندار بی، کێ ناوی لێنای "ئیسلام"؟**

**ئیسلام زاخۆیی:** سوپاس بۆ خودا بنەماڵەیەکی دیندارین و باوکم ئەو ناوەی لێناوم.

**ڕووداو: هەوڵت نەداوە ناوەکەت بگۆڕی؟**

**ئیسلام زاخۆیی:** نەخێر، ناوەکەم بەلاوە خۆشە.. هەرچەندە لە سەرەتای کاری هونەریمدا ژمارەیەک موزیسیان ویستیان ناوەکەم بۆ ناوێکی هونەری بگۆڕن، بەڵام قبوڵم نەکرد، چونکە بە شەرەفێکی گەورەی دەزانم ناوم ئیسلامە.

**ڕووداو: تۆ بە ڕێکەوت لە ڕۆژی جیهانیی موزیک (یەکی ئۆکتۆبەر)دا لەدایک بوویت، ئێستا ئەو ڕۆژەت بەلاوە چۆنە؟**

**ئیسلام زاخۆیی:** بەلامەوە زۆر خۆشە و زۆر جاریش لەو ڕۆژەدا بەشداریی ڕۆژی جیهانیی موزیک دەکەم و ئەو ڕۆژە بۆ من دەبێتە دوو جەژن.

**ڕووداو: تۆ برای هونەرمەند عەبدولقەهار زاخۆییت، تەنیا تۆ و عەبدولقەهار سەروکارتان لەگەڵ هونەر هەیە؟**

**ئیسلام زاخۆیی:** ئێمە شەش براین و ئەوانی دیکەش دەنگیان خۆشە، بەڵام تەنیا من و کاک عەبدولقەهار گۆرانی دەڵێین. براکانی دیکەمان هاوکاریمان دەکەن و هەندێ جار بەرهەمیشمان بۆ هەڵدەبژێرن، جگە لەوە باوکیشم گۆرانی دەگوت، باپیریشم (باوکی دایکم) گۆرانی گوتووە و بەرهەمی هەیە.

**ڕووداو: لە بادینان ژمارەیەک هونەرمەندی دیار هەن، چۆن توانیت لەنێو ئەواندا بناسرێی؟**

**ئیسلام زاخۆیی:** بەراورد بە هونەرمەندانی زاخۆ، من زوو دەرنەکەوتم، چونکە من لە 1997ەوە گۆرانی دەڵێم، بەڵام لە 2003 بە گۆرانی "ئەڤرۆ سپێدەیە" ناسرام.

**ڕووداو: عەبدولقەهاری برات هونەرمەندێکی بەئەزموونە، تا چەند سوودت لێ وەرگرتووە؟**

**ئیسلام زاخۆیی:** کاک عەبدولقەهار پەیمانگەیەکی هونەرییە بۆ من. ئەو و زۆربەی میوزیسیانەکانی زاخۆ هاوکارییان کردووم.

**ڕووداو: گۆرانیت بە شێوەزاری سۆرانی هەیە، ئەو ئەزموونە چۆن دەبینی؟**

**ئیسلام زاخۆیی:** حەزم لە گۆرانیگوتنە بە شێوەزاری سۆرانی، چونکە هەموومان کوردین. زۆربەی گۆرانیبێژ و موزیسیان و شاعیرە سۆرانییەکان هاوڕێمن و هاوکارییان کردووم.

**ڕووداو: ئەلبوومی تازەت هەیە؟**

**ئیسلام زاخۆیی:** بەرهەمم بۆ ئەلبووم ئامادەیە، بەڵام بەهۆی دۆخی ئێستاوە کاری تێدا ناکەم و ڕەنگە گۆرانییەکی نەتەوەیی بەشێوەی تاک بڵاوبکەمەوە، ئەم ماوەیە زیاتر بەشداری لە ئاهەنگەکانی بووکگواستنەوە دەکەم.

**ڕووداو: زۆرجار ڕەخنەتان لێ دەگیرێت کە نابێت بەشداری ئەو جۆرە ئاهەنگانە بکەن؟**

**ئیسلام زاخۆیی:** بژێوی ژیانمان لەسەر ئاهەنگەکانی بووکگواستنەوەیە، چونکە ئیشی دیکە ناکەین، ئەگەر نەچینە ئەو ئاهەنگانە، ناتوانین بەرهەم تۆمار بکەین.

**ڕووداو: بەنیاز نین لەگەڵ عەبدولقەهار بەرهەمێکی هاوبەش بڵێن؟**

**ئیسلام زاخۆیی:** پێشتر لەگەڵ ئەو و هونەرمەندانی دیکە کاری هاوبەشمان کردووە، بۆ کاری دوێتیش پێمخۆشە کارێکی نەتەوەیی بێت.

**ڕووداو: بۆچی هەمان ستایلی عەبدولقەهار بۆ گۆرانیگوتن بەکارنامێنێ.**

**ئیسلام زاخۆیی:** لە دەنگ وەکو یەکین، بەڵام ستایلمان جیاوازە، ئەو زیاتر ئەرەبیسک دەڵێت.

**ڕووداو: دەگوترێت تۆ لە عەبدولقەهار کراوەتری، ڕاستە؟**

**ئیسلام زاخۆیی:** کاک عەبدولقەهار بەگشتی کەسێکی زۆر بێدەنگ و لەسەرخۆیە، بەڵام من زیاتر حەزم لە قسەی خۆشە و کراوەم.

**ڕووداو: پێشتر عەبدولقەهار باری تەندروستی باش نەبوو، ئێستا چۆنە؟**

**ئیسلام زاخۆیی:** ئێستا زۆر باشە و دەچێتە ئاهەنگەکان.

**ڕووداو: بۆ هەر ئاهەنگێک چەند وەردەگری؟**

**ئیسلام زاخۆیی:** حەز ناکەم ئاشکرای بکەم.

**ڕووداو: بۆچی تاوەکو ئێستا ژنت نەهێناوە؟**

**ئیسلام زاخۆیی:** قسمەت نەبووە، بەڵام نزیکەی سێ ساڵە خۆشەویستم هەیە و بەم نزیکانە مارەی دەکەم.

**ڕووداو: خۆشەویستەکەت چ سیفاتێکی تێدا بووە کە بە دڵت بووە؟**

**ئیسلام زاخۆیی:** زۆر حەزم بە جوانی نییە، بەڵکو زیاتر گرنگیم بە مەعریفەت و ئەدەب داوە.

**ڕووداو: خۆشەویستەکەت لە بواری موزیکدا کار دەکات؟**

**ئیسلام زاخۆیی:** نەخێر، (بەکەمێک پێکەنینەوە) پێموابێت یەک گۆرانی منیشی لەبەرە، چونکە بەهۆی هونەرمەندبوونمەوە بڕیاری نەداوە هاوسەرگیری بکەین، هەموو کاتیش دەڵێت گۆرانیبێژ بیت و گۆرانیبێژیش نەبیت هەر خۆشم دەوێی.

**ڕووداو: بەنیازی تا کەی گۆرانی بڵێیت؟**

**ئیسلام زاخۆیی:** حەز دەکەم ڕاستییەک بڵێم، ئەگەر ئیشێکی باشترم دەستبکەوێ، چیدی گۆرانی ناڵێم، چونکە تێڕوانینی خەڵکی بادینان بۆ ئێمە دوو جۆرە، هەندێک بەلایانەوە ئاساییە و ڕێزمان لێدەگرن، بەڵام لای هەندێکی دیکە گۆرانیبێژ بە کەم و خراپ سەیر دەکرێت، تەنانەت هەندێک گۆرانیبێژی هاوڕێم لەبەرئەوەی گۆرانیبێژن ژنیان نەداونەتێ.

ژیانمان لەسەر ئاهەنگەکانی بووکگواستنەوەیە

شانازی بە ناوەکەمەوە دەکەم

ڕۆژی لەدایکبوونم دەبێتە دوو جەژن

عەبدولقەهاری برام بۆ من پەیمانگەیەکی هونەرییە


Family Mall
Shopping & Entertainment Center
Erbil
Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ
www.familymallarbil.com
E-mail: info@familymallarbil.com
Phone Number: 009647505618484


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MiLk
powder



## خوشکەکەی خۆی دەکوژێت

**ڕووداو- پێنجوێن**

شەوی 2016/10/31 لە قەزای پێنجوین، کچێکی تەمەن 16 ساڵ کە دەگوترێ یاری بە دەمانچەی باوکی کردووە، گوللە لە دەمانچە دەردەچێ و بەر خوشکە گەورەکەی دەکەوێ و دەستبەجێ گیان لە دەست دەدات. نەقیب سائیب سەلام، گوتەبێژی پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کوژراوەکە ناوی هەنار حەسەنە و 22 ساڵە، بکوژیش ناوی (س)ە و 16 ساڵە. گوتیشی "باوکیان پۆلیسە، ئەو شەوە خوشکە بچووکە یاری بە دەمانچەی باوکی کردووە و گوللەیەکی لەدەست دەرچووە و بەر خوشکە گەورەکەی کەوتووە و گیانی لە دەستداوە. ڕووداوەکە قەزا و قەدەرە، لە سەرەتای ڕووداوەکەش بکوژ باری دەروونی تێکچووە، بۆیە دادوەر بەکەفالەتی ملیۆنێک دینار ئازادی کردووە، بەڵام لێکۆڵینەوە بەردەوامە".

## 7%ی گرێبەستەکانی مارەبڕین بۆ ژنی دووەم یان سێیەم بووە

# 20 هەزار کەس لە دەرەوەی دادگاکانی کوردستان ژنی دووەمیان مارە کردووە



**سەرباز سیامەند**
**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی ئامارێک، لە ماوەی شەش ساڵی پێشتر و شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، زیاتر لە 20 هەزار کەس بۆ مارەبڕینی ژنی دووەم و سێیەم، پەنایان بۆ دادگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بردووە. لە هەر 100 گرێبەستی مارەبڕینیش کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان کراون و لە دادگاکانی کوردستان پەسەند کراون، حەوتیان گرێبەستی هێنانی ژنی دووەم یان سێیەم بووە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتیی پلان و ئامار لە ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی شەش ساڵی پێشتر و شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 299 هەزار و 403 حاڵەتی مارەبڕین لە دادگاکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکوک/ گەرمیان و دهۆک تۆمارکراوە. لە هەمان ماوەدا 832 کەس بەشێوەی یاسایی ژنی دووەم و سێیەمیان هێناوە، 20 هەزار و 326 کەسیش لە دادگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ژنی دووەم و سێیەمیان مارە بڕیوە و لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان مارەبڕنەکانیان پەسەند کراوە.

سەرەڕای دەرچوونی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی و هەمواری یاسای باری کەسی کە فرەژنی زۆر سنووردار و مەرجدار کردووە، بەڵام ئامارەکانی ئەنجوومەنی دادوەری دەریدەخەن هێشتا فرەژنی برەوی هەیە.

ئەوانەی ئارەزووی فرەژنی دەکەن، پەنا بۆ دادگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەبەن، دواتر گرێبەستی مارەبڕینەکە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان پەسەند دەکەن.

بەپێی ئامارەکەی ئەنجوومەنی دادوەری، مارەبڕینی ژنی یەکەم لەم شەش ساڵەی ڕابردوودا 93.39% بووە، ڕێپێدان بە هێنانی ژنی دووەم بەشێوەی یاسایی 0.20% بووە، پەسەندکردنی هێنانی ژنی دووەم و سێیەم لە دادگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان 6.36% بووە. واتە لە هەر 100 حاڵەتی گرێبەستی مارەبڕین، حەوت گرێبەستیان بۆ هێنانی ژنی دووەم و سێیەم بووە.

لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، دادگاکان بەپێی یاسای عێراق کار دەکەن، ئەمەش هەلی بەو کەسانە داوە کە دەیانەوێ ژنی دووەم یان سێیەم بهێنن و پەنا بۆ ئەو دادگایانە دەبەن.

### پەرلەمانتارێک:
### یاسا نەبووەتە ڕێگر لەبەردەم فرەژنی

ڤیان عەباس عومەر، ئەندامی لیژنەی داکۆکی لە مافەکانی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان ژمارەیەک یاسای دەرکردووە یان هەموار کردووە، بەڵام ئەمانە نەبوونەتە هۆکار بۆ ڕێگری لە فرەژنی. لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، کار بەو یاسایانەی پەرلەمانی کوردستان ناکرێت، هەندێک کەسیش ئەوەی بە دەرفەت زانیوە و لەو ڕێگەیەوە ژنی دووەم یان سێیەمی هێناوە".

### سزای فرەژنی

بەپێی یاسای ژمارە 15ی ساڵی 2008ی یاسای هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای باری کەسێتی ژمارە 111ی ساڵی 1959 ، نابێت هاوسەرگیری لەگەڵ پتر لە ژنێک بکرێ، مەگەر بە ڕێپێدانی دادوەر نەبێ. ئەویش چەند مەرجێکی بۆ دانراوە، لەوانەش ڕەزامەندیی ژنی یەکەم. تووشبوونی ژنی یەکەم بە نەخۆشییەک کە توانای سەرجێیی نەمێنێ. پیاوەکە توانای دارایی باش بێ و.. هتد. بەپێی یاساکە هەر کەسێک نەیتوانی ئەو مەرجانە جێبەجێ بکات، سزا دەدرێت بە حەپسکردن بۆ ماوەیەک کە لە شەش مانگ کەمتر و لە ساڵێک زیاتر نەبێ، لەگەڵ غەرامەکردنی بە بڕی 10 ملیۆن دینار. پەرلەمانتار ڤیان عەباس دەڵێت "فرەژنی بەبێ ڕەزامەندی و هۆکارە پێویستەکان، توندوتیژییە، بەڵام تاوەکو ئێستا هچی ژنێک نەهاتووە سکاڵا تۆمار بکات کە ژنی بەسەرهێنراوە".

# پەرلەمان بیر لە سزای توندتر بۆ پیاوانی دەستدرێژیکار دەکاتەوە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

### ڕێزان شێخ دلێر:
### پیاوی تەمەن 40 ساڵ دەستدرێژی کردووەتە سەر کچی 14 ساڵ و دوای هاوسەرگیرییش جیابوونەتەوە

### چالاکڤانێکی ژنان: ئەو هاوسەرگیرییە هاوشێوەی هاوسەرگیریی لای داعشە

ژنانی پەرلەمانی عێراق دەیانەوێت ماددەیەکی یاسای سزادانی عێراقی هەموار بکەن، بۆئەوەی چیدی ڕێگە بەو کەسانە نەدرێ کە دەستدرێژی دەکەنە سەر ئافرەتان و دواتریش یاری بە چارەنووسیان دەکەن.

ماددە 398ی هەموارکراوی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111 تەنیا کاتێک باسی توندکردنەوەی سزا لەسەر پیاوی دەستدرێژیکار دەکات کە هاوسەرگیریی لەگەڵ دەستدرێژی لێکراو کردبێت و پێش تێپەڕبوونی ماوەی سێ ساڵ، بەبێ پاساوێکی ڕەوا ژنەکە تەڵاق بدات، یان بە بڕیاری دادگا جیابنەوە و هۆکارەکەشی پیاوەکە بێت.

ڕێزان شێخ دلێر، ئەندامی لیژنەی ژنان و منداڵان لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بڕیاردەری لیژنەکەیان 66 واژووی بۆ هەموارکردنەوەی ئەو ماددەیە کۆکردووەتەوە و ئەوانیش بەهەموو شێوەیەک پشتگیری دەکەن.

ئەو گوتی "قازانجی ئەو ماددەیە تەنیا بۆ ئەوەیە شەرەف بۆ خێزانەکان بگەڕێتەوە، چونکە دوای دەستدرێژی بۆ سەر کچەکەیان، ئەوانیش کچەکەیان ناوێت، بەڵام ماددەکە پێویستی بە دووبارە هەموارکردنەوەیە و دەبێت سزای دەستدرێژیکار بدرێت، چونکە لەڕووی یاساییەوە، نایاساییە و لەڕووی مرۆڤایەتیشەوە، کارێکی نامرۆڤانەیە".

ڕێزان شێخ دلێر چەندین حاڵەتی لە کوردستان و عێراق بینیوە کە پیاوی دەستدرێژیکار ئافرەتەکەی مارە کردووە و دواتر تەڵاقی داوە "بۆ نموونە پیاوی تەمەن 40 ساڵ دەستدرێژی کردووەتە سەر کچێکی 14 ساڵان و دوای ئەوەی مارەی کردووە و ماوەیەک لەلای بووە، لێی جیابووەتەوە. ئەو هاوسەرگیرییە تەنیا بۆ دەربازبوونە لە سزا".

ڕێزان کە قسەی لەگەڵ هەندێک لەو ژنانە کردووە، باسی ڕەوشی ئەو ژنانە دەکات و دەڵێت "باری دەروونییان زۆر خراپە، هەندێکیان دەیانگوت کە پیاوەکە دێتە لایان وا دەزانن هەمان ئەو ڕۆژەیە کە دەستدرێژییان کراوەتە سەر، هەندێکیان مامەڵەی ئەوەندە خراپیان لەگەڵ کراوە، ناچار بوون داوای جیابوونەوە بکەن".

هەرچەندە 66 واژوو بۆ هەموارکردنی ئەو ماددەیە کۆکراوەتەوە، بەڵام ڕێزان دەڵێت "کێشەکە لەوەدایە هەموارکردنەوەی یاسای سزادان زۆر قورسە".

هەرێمی کوردستان کار بە یاسای سزادانی عێراقی دەکات، هەرچەندە بەشێک لە بڕگە و ماددەکانی لە بەرژەوەندیی ئافرەتانی کوردستان دەستکاری کراون.

ڤیان عەباس، ئەندامی لیژنەی داکۆکی لە مافی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پێم باشە ئەو ماددەیە لە بەرژەوەندیی ژنان هەموار بکرێ، بە جۆرێک ئەو کەسەی دەستدرێژی دەکاتە سەر کچێک، سزای توند بدرێت".

سروود محەممەد، بەڕێوەبەری ئۆفیسی کەرکووکی کۆمەڵەی ئەمەلی عێراقی لەگەڵ هەموارکردنەوەی ئەو ماددەیەیە و دەڵێت "ئەو ماددەیە گەورەترین پێشێلکارییە بەرامبەر ژن، چونکە قوربانییەکە لەلایەن کەسێکەوە دەستدرێژیی دەکرێتە سەر و ناچاریش دەکرێت بە زۆر شووی پێ بکات".

سروود دەڵێت چەندین حاڵەتی لەو شێوەیەی بینیوە "قەت ژیانی ئەو ژنانە ئاسایی نابێت، وەکو ئەوە وایە لەگەڵ چەکدارێکی داعش بژیت".

### بە ئاسایی وەریبگرن

جوان حەسەن، سەرۆکی لیژنەی ژنان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە پێویستی نازانێت ماددەی 398 لە یاسای سزادانی عێراقی هەموار بکرێتەوە. جوان حەسەن بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر ئەو ماددەیە هەموار بکرێتەوە پێویستە بەدیل بدۆزرێتەوە، بەدیلەکەش تەنیا بە گۆڕینی عەقڵیەتی کۆمەڵگە دەکرێت، بەوەی ئەگەر کچێک دەستدرێژی کرایە سەر، بە ئاسایی وەربگیرێت و گرفت بۆ شووکردنی دروست نەبێت".

# فەیسبووک ژیانی وێران کرد

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- هەولێر**

سیما وای دەزانی ناسینی گەنجێک لە ڕێی فەیسبووکەوە، دەتوانێ ئەو بۆشاییە ڕۆحییەی پڕ بکاتەوە کە مێردەکەی بۆی دروستکردبوو، بەڵام دەرچوو لەلایەن ئەو کوڕەوە هەڵخەڵەتێنراوە. سیما بڕیاری دا بگەڕێتەوە لای مێردەکەی، بەڵام ڕەنگە دواجار دۆسیەکەی بە جیابوونەوە لە مێردەکەی دابخرێ.

سیما، ناوی خوازراوی کچێکی دانیشتووی هەولێرە کە ئێستا دۆسیەکەی لەبەردەستی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستاندایە.

د.ڤیان سلێمان، سکرتێری یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لەبارەی چیرۆکی ئەو ژنە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو ژنە تەمەنی نزیکەی سی ساڵە و سێ منداڵی هەیە. بەبێ خواستی خۆی بەشوو دراوە، مێردەکەی بەردەوام سەرقاڵی کار بووە و تاوەکو درەنگانی شەو نەگەڕاوەتەوە ماڵەوە، ژنەکەش لەو ژیانە بێزار بووە.

د.ڤیان گوتی "لەبەرئەوەی ئەو ژنە هەر لە ماڵەوە بووە، بۆشایی زۆر لە ژیانیدا هەبووە، بەردەوام سەیری دراماکانی کردووە، بینیویەتی هەندێک ئافرەت سەرەڕای ئەوەی هاوژینیان هەیە، پەیوەندی خۆشەویستی دادەنێن. سەرەتای ئەمساڵ لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکی عەرەبی شارێکی عێراق داناوە کە هاوتەمەنی خۆی بووە".

بە گوتەی ڤیان سلێمان، دوای یەکتر ناسین، ئەو کوڕە جارێک سەردانی ژنەکەی کردووە و خۆی وا نیشانداوە کە بازرگانە و بەڵێنی پێداوە ژیانێکی خۆشی بۆ فەراهەم بکات.

ڤیان گوتی "ڕۆژێک ئەو ژنە لەگەڵ مێردەکەی بووەتە دەمەقاڵەی، یەکسەر پەیوەندی بەو کوڕە عەرەبەوە کردووە و پێیگوتووە ئەوە هاتم بۆ لات". بەڵام کاتێک ژنەکە چووەتە ماڵی کوڕەکە، تووشی شۆک بووە. ماڵی کوڕەکە ئاگاداری ئەو پەیوەندییە نەبوون. ژیانی کوڕەکەش بەو شێوەیە نەبووە کە بۆ ژنەکەی باس کردووە.

ڤیان گوتی "سەرەتا ماڵەکە زۆریان بەلاوە سەیر بووە کە ئەو ژنە پەیوەندی لەگەڵ کوڕەکەیاندا هەبووە، چەند ڕۆژێک لای خۆیان هێشتوویانەتەوە و لەو ماوەیەشدا نەیانهێشتووە کوڕەکەیان لە ماڵەوە بێت".

بە قسەی ئەو ژنە بۆ یەکێتیی ئافرەتان، کوڕەکە ویستوویەتی بیخوازێت، بەڵام کاتێک ماڵی باوکی کوڕەکە زانیویانە ژنەکە مێرد و منداڵی هەیە، ڕێگەیان پێ نەداوە.

سکرتێری یەکێتی ئافرەتان دەڵێت "دایکی کوڕەکە ئامۆژگاریی ژنەکەی کردووە و قەناعەتی پێ هێناوە بگەڕێتەوە لای کەسوکارەکەی". هەروەها دەڵێت "ژنەکەش بۆی دەرکەوتووە ئەو کوڕە درۆی لەگەڵ کردووە کە پێیگوتبوو بازرگانی جلوبەرگە و چەندین دوکانی هەیە، بۆیە بڕیاری داوە بگەڕێتەوە لای مێردەکەی".

ئەو ژنە دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان، چووەتە لای یەکێتیی ئافرەتان بۆ ئەوەی کێشەکەی بۆ چارەسەر بکەن. د.ڤیان گوتی "ئەو ژنە کە هاتە لامان لە بارێکی دەروونیی ئاڵۆزدا بوو، دانی نا بەوەی کە هەڵەی کردووە. توانیمان کێشەکەی بۆ چارەسەر بکەین و بگەڕێتەوە لای مێردەکەی".

سەرەڕای گەڕانەوەی ئەو ژنە بۆ لای مێردەکەی، بەڵام سکرتێری یەکێتیی ئافرەتان پێشبینی کرد ئەو ژنە لە مێردەکەی جیاببێتەوە "لەبەر هەڵسوکەوتی مێردەکەی ڕەنگە لێی جیاببێتەوە. ئەو ژنە پێیگوتین جارێکی دیکە شوو ناکاتەوە و پشت بە خۆی دەبەستێ".

ئەو ژنە پێش ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئەو کوڕە عەرەبە دروست بکات، ویستوویەتی لە هاوژینەکەی جیاببێتەوە، بەڵام کەسوکارەکەی ڕێگەیان پێنەداوە. د.ڤیان گوتی "ئەو ژنە لەبەرئەوەی ئاسوودە نەبووە، چەند جارێک ویستوویەتی جیاببێتەوە، بەڵام کەسوکاری ڕازی نەبوون. ئەویش ئەو بڕیارە هەڵەیەی داوە".

### دراماکان بەرپرس نین



بەپێچەوانەی زۆر لەو توێژەرە کۆمەڵایەتی و دەروونیانەی دەڵێن دراماکان هۆکاری تێکچوونی شیرازەی خێزانەکانن. سەیران عەبدوڵڵا، توێژەری کۆمەڵایەتی ڕەتیدەکاتەوە کە ئەو ژنە بەهۆی دراماکانەوە ژیانی لێ تێکچووبێ. سەیران عەبدوڵڵا بە (ڕووداو)ی گوت "پەنابردنی ئەو ژنە بۆ جێهێشتنی ماڵەکەی، بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە بە خواستی خۆی شووی نەکردووە، پاشان کە شووی کردووە هاوژینەکەی گرنگیی پێ نەداوە. کاتێکیش ویستوویەتی لێی جیاببێتەوە، کەسوکارەکەی بە ناوی پاراستن و پابەندبوون بە دابونەریتەوە ڕێگەیان نەداوە جیاببێتەوە، ئەوەش تووشی بارێکی دەروونیی ئاڵۆزی کردووە و بەدوای چارەسەری دیکەدا گەڕاوە".



## تەرمی قوتابییەکی زانکۆ دەدۆزرێتەوە

**ڕووداو- زاخۆ**

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی زاخۆ ڕایگەیاند، تەرمی گەنجێک لە ژێر پردی گەڕەکی گۆندکی زاخۆ دۆزرایەوە، گومان هەیە لەسەر پردەکە کەوتبێتە خوارەوە، لێکۆڵینەوەش لەو بارەوە بەردەوامە. ئەو گەنجە ناوی یونس جاسمە و لە ساڵی 1992 لە دایکبووە، قوتابی کۆلیژی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی دهۆکە. هاشم عەلی، بەڕێوەبەری کارگێڕی لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی زاخۆ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای گەیاندنی بە نەخۆشخانە دەرکەوت گیانی لەدەستداوە و یەکسەر ناردمان بۆ پزیشکی دادی لە دهۆک".

## ناوی حیزبەکان دەچێتە سەر ناسنامەی منداڵان

# پارتی دژی ناونانی پارتییە

**باوکی پارتی: وەسیەت دەکەم دوای مردنیشم ناوەکەی نەگۆڕن**

**توێژەرێکی کۆمەڵایەتی: کارێکی خراپە**

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

"لەبەر خۆشەویستیم بۆ جەنابی سەرۆک و کاک نێچیرڤان و پارتی، منداڵەکەم ناوناوە پارتی. وەسیەت دەکەم دوای مردنیشم ناوەکەی نەگۆڕن"، ئەوە قسەی محەممەد عەلی، باوکی پارتییە کە فەرمانبەرە و لە سەرەتای ئەمساڵدا منداڵی سێیەمی خۆی ناوناوە پارتی.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ناسنامەی چەند منداڵێک لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوکرایەوە کە بەناوی حیزبەکانی کوردستانەوە کراون. یەکێکیش ناونراوە گەریلا.

یەکێک لەو منداڵانە لە ناحیەی بەحرکەی شاری هەولێرە و ناوی (پارتی محەممەد عەلی) یە کە ئێستا تەمەنی نزیکەی نۆ مانگە. باوکی ئەو منداڵە لە ئێستاوە خۆی بۆ ئەو ئەگەرانە ئامادە کردووە کە لە داهاتوودا ڕووبەڕووی ناوی منداڵەکەی دەبنەوە. محەممەد عەلی گوتی "ئەمساڵ لەلایەن کەسێکەوە تانەی لێدرا، بەڵام داوای لێبووردنی لێکردین، بۆ داهاتووش ئەگەر تەمەن ڕێگەی پێداین ڕێنمایی دەکەم کە هەر تانەیەکی لێبدرێت یاخود لەڕووی دەروونییەوە ئازاری بدەن، لەبەر گەورەیی ناوی پارتی، بەسەر تانەکاندا زاڵ بێت".

سێ لەو ڕەگەزنامانەی لە فەرمانگەکانی قەزای چەمچەماڵ و ناحیەی قادر کەرەم دەرکراون، بەم ناوانەن: (یەکێتی ئارام عادل)، (گۆڕان کامیل محەممەد)، (گەریلا کاروان حەمەخورشید)، بەپێی بەرواری دەرچوونی ناسنامەکان، هەندێک لەو منداڵانە ساڵی ڕابردوو لەدایک بوون.

"زۆرم پێخۆشە ناوم یەکێتییە و کەسیش تانەی لێنەداوم و بیر لە گۆڕینیشی ناکەمەوە" یەکێتی ڕزگار، تەمەن 17 ساڵ بەو شێوەیە باسی ناوی خۆی کرد. یەکێتی دانیشتووی شارۆچکەی چەمچەماڵی سەر بە شاری سلێمانییە و خوێندکاری قۆناغی پێنجی ئامادەییە.

ڕزگار ئەحمەد، باوکی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە خۆشەویستیم بۆ ڕێبازەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، منداڵەکەم ناو ناوە یەکێتی".

یەکێک لەو منداڵانەی ناوی "گۆڕان" لەسەر ناسنامەکەیەتی، دانیشتووی شارۆچکەی چەمچەماڵە، بەڵام بازێڕوانی گۆڕان لە چەمچەماڵ بێ ئاگایی خۆی لەوە نیشاندا و گوتیشی کە دژی ئەو جۆرە ناونانانەیە.

عەبدوڵڵای کوێخا موبارەک، بازێڕوانی بزووتنەوەی گۆڕان لە چەمچەماڵ بە (ڕووداو)ی گوت "بەگشتی پێم باش نییە ناوی حیزب لە منداڵ بنرێت، چونکە لەئێستاوە غەدر لەو منداڵە دەکرێت، ڕەنگە لە داهاتوودا ئەو منداڵە بیروباوەڕی لەگەڵ حیزبێکی دیکە بگونجێت".

هێرش مەلا جەوهەر، بەرپرسی لیژنەی ناوچەی بەڕانەتی پارتی لە بەحرکە، بێئاگایی خۆی لە ناونانی منداڵێک بەناوی حیزبەکەیەوە لە شارۆچکەکەی دەربڕی و دەڵێت پێشی باش نییە نێوی منداڵ بەنێوی حیزبەوە بکرێت "ئەو جۆرە ناونانە ململانێی سیاسی دروست دەکات، ڕەنگە ئەو منداڵە بەهۆی ناوەکەیەوە لە قوتابخانە و شوێنە گشتییەکان تووشی کێشە ببێ".

ناونانی منداڵ بەنێوی حیزب و کەسایەتییەکان لە کوردستان دەمێکە هەیە. لە سەردەمی بەعس چەندین منداڵی کورد نێونرابوون سەدام. هەندێکیان دوای ڕاپەڕینی 1991 ناوی خۆیان گۆڕی.

یاد فەرمان پیاوێکی باڵا بەرزی تەمەن 37 ساڵە و دانیشتووی شاری سلێمانییە، ئەو پێشتر لەلایەن باوکییەوە ناونرابوو هیتلەر. یاد گوتی "سەرەتا نەمدەزانی هیتلەر مانای چییە تا دوایی زانیم کەسایەتییەکی زۆر دڕندە بووە، بۆیە ناوەکەی خۆم گۆڕی بۆ یاد، ڕەخنەی توندیشم لە باوکم گرت کە ئەو ناوەی بۆ هەڵبژاردبووم".

توێژەرانی کۆمەڵایەتی دەڵێن ناونانی منداڵ بەناوی حیزبەکانەوە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئایندەی منداڵەکە دەبێ.

ئازاد جەلال، توێژەری کۆمەڵایەتی لەوبارەیەوە گوتی "ناونانی منداڵ بەناوی حیزب و سەرکردەکانەوە کارێکی خراپە، چونکە لە داهاتوودا ئەو منداڵانە تووشی گۆشەگیری و خەمۆکی دەبن. گەورەترین پێشێلکردنی مافەکانی منداڵیشە، بۆیە باشتر وایە ناوی ئاسایی یان نیشتمانی و نەتەوەیی لە منداڵ بنرێ".





**موقەدەمی مافپەروەر**
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

## دوای سێ ساڵ بە ئاگا هاتەوە

دوای ئەوەی لە مێردەکەی جیابووەوە و مافی خۆی وەرگرت، لەگەڵ ئەو بڕە پارەیەی کە لە مووچەی کارەکەی پاشەکەوتی کردبوو، پارچە زەوییەک و ئۆتۆمبێلێکی کڕی. بێ ئاگا لەوەی کەسێک خۆی بۆ سەروەتەکەی مەڵاس داوە.

ئەمە بەسەرهاتی ژنێکە کە سەردانی کردین و بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە: "لە مێردەکەم جیابوومەوە. منداڵێکمان هەبوو بۆی جێهێشتم، هەقە مارەیی و هەموو مافەکانی خۆمی پێدام. منیش هەندێ پارەم کۆکردەوە و پارچە زەوییەک و ئۆتۆمبێلێکم پێ کڕی. خانووم بەکرێ گرت، بەڵام کوڕێک کە چەند ساڵێک لە خۆم بچووکتر بوو، وازی لێ نەهێنام، هاتە فەرمانگەکەم، دوو سێ جار داوای لێکردم لەگەڵی دابنیشم و قسە لەسەر هاوسەرگیری بکەین".

ئەو ژنە بۆ ماوەیەکی زۆر بیر لەو پێشنیازە دەکاتەوە و دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو هاوسەرگیرییە سەرناگرێ، چونکە کوڕەکە لە خۆی بچووکترە، بەڵام کوڕەکە بەڵێنی زۆری پێدەدات. لە کۆتاییدا قەناعەتی دێت شووی پێ بکات.

بە شایەتی دوو کەس لەلای مەلا ژنەکە و کوڕەکە لە یەکدی مارە دەکرێن، مەلا تەنیا پارچە کاغەزێکیان پێدەدات کە ئەوانە ژن و مێردی یەکدین، بەڵام کوڕەکە بەبێ ئەوەی لە دادگا گرێبەستی مارەبڕین بکات، ژنەکە دەگوازێتەوە. ژنەکە نازانێت چاڵی بۆ هەڵکەندراوە.

ئەو ژنە گوتی "زەوییەکەی پێ فرۆشتم و بە پارەکەی تاکسییەکی کڕی و بەناوی خۆی کرد. لە مووچەی من کرێی خانووی دەدا. زۆری نەبرد ئۆتۆمبێلەکەشی فرۆشتم و گوتی دوو ئۆتۆمبێلمان بۆ چییە. هەرچەندە دەمزانی ئەو پیاوە فێڵێکی لەژێر سەرە، بەڵام پێم عەیب بوو باسی جیابوونەوە بکەم".

تاوەکو ئێرە شتەکان بە ئاسایی دەڕۆن و ژنەکە هەموو شتێک لە پیاوەکە قبوڵ دەکات، تا ڕۆژێکیان کار لە کار دەترازێ و مێردەکەی پێیدەڵێت ژنی مارە کردووە، هەڕەشەشی لێدەکات کە لەلایماڵی ژنە نوێیەکەی نەڵێت ژنی هەیە. ئەو کاغەزەشی مەلا پێیدابوون دەیشارێتەوە و پێیدەڵێت بە چی بۆم دەسەلمێنی کە ئێمە ژن و مێردین. ژنەکە لە ژێر هەڕەشەدا ئەوەش قبوڵ دەکات.

ژنەکە تازە بە ئاگا هاتبووەوە کە یاسا دەتوانێ مافەکانی بۆ وەربگرێتەوە. داوای لێکرا سەردانی دادگای باری کەسی بکات و داوایەک تۆمار بکات، ئەو مەلایەی گرێبەستی مارەبڕینی بۆکردووە و لەگەڵ دوو شایەتەکە بباتە دادگا و بۆ دادگای بسەلمێنێ کە ئەو ژنی ئەو پیاوەیە. ئەوە دەرفەتێکی باش بوو بۆ ژنەکە، چونکە بە گوتەی خۆی مەلا و دوو شایەتەکە ئامادەبوون لەگەڵی بچن بۆ دادگا و شایەتی بۆ بدەن.

دوای ئەوەی سەلمێنرا کە ئەوانە ژن و مێردن، ژنەکە دەتوانێ داوای جیابوونەوە بکات و مافی خۆشی وەربگرێ. چونکە لە مادەی 43 لە یاسای باری کەسیدا هاتووە "ئەگەر مێرد ژنەکەی بۆ ساڵێک زیاتر بەبێ پاساوی ڕەوا جێهێشت، هەرچەندە مێردەکەی شوێنی نیشتەجێبوونی دیاربێ و دەرامەتی هەبێ خەرجی بکات، ژنەکە دەتوانێ داوای جیابوونەوەی لێ بکات".

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# براکەی خۆی بە چەکی باوکی دەکوژێت

**پۆلیس: براکەی لەسەر ئەوە کوشتووە چونکە بە قسەی نەکردووە**

**باوکی دیدار: بە ئەنقەست نەیکوشتووە**

**ڕووداو- هەولێر**

براکەی خۆی کوشت و لە ئیفادەی پۆلیسیشدا دانی بە تاوانەکەی دا نا. ئەو گوتبووی کە براکەی بە قسەی نەکردووە، بۆیە تەقەی لێکردووە بەنیازی ئەوەی کە بیترسێنێ، بەڵام گوللەیەکی بەرکەوتووە. کەچی باوکی دەڵێت کوڕەکەی گوللەی لەدەست دەرچووە.

شەوی 2016/10/27 لە گەڕەکی سەلاحەددینی شاری هەولێر، مێرمنداڵێکی تەمەن 15 ساڵان بە ناوی دیدار بەکر، لەنێو ماڵی خۆیاندا لەلایەن برایەکی تەمەن 19 ساڵانییەوە کوژرا. دوای ڕووداوەکە، کەسوکارەکەی، تۆمەتبارەکەیان ڕادەستی پۆلیس کرد.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو دوو برایە لەسەر نانخواردن بووەتە دەمەقاڵێیان. برا بچووکەکە بە قسەی برا گەورەکەی نەکردووە. برا گەورەکە دەڵێت ویستوویەتی برا بچووکەکەی بترسێنێ، گوللەیەکی تەقاندووە، بەڵام گوللەکە بەر برا بچووکەکەی کەوتووە. ئەو دەڵێت مەبەستی کوشتنی براکەی نەبووە".

بەڵام باوکیان ڕووداوەکە بە جۆرێکی دیکە دەگێڕێتەوە. بەکر عوسمان بە (ڕووداو)ی گوت کە ئەو لە کاتی ڕووداوەکەدا لە شاری سلێمانی بووە و دراوسێکانی پەیوەندییان پێوە کردووە.

بەکر عوسمان گوتی "دراوسێکانم پەیوەندییان پێوەکردم و گوتیان کوڕەکان بە شەڕ هاتوون، (د) دیداری بە چەتاڵ بریندار کردووە، منیش بە ئامۆزایەکم گوت بڕوات بزانێت چی بووە، بەڵام کە چووە بینیویەتی (د) دوای تەقەکردن تاساوە و چووەتە سەربان دانیشتووە، ئەویش ڕادەستی پۆلیسی کردووە".

بەکر ڕەتیکردەوە دەمەقاڵێ لە نێوان کوڕەکانیدا ڕوویدابێ و گوتی "دوای ڕووداوەکە ئامۆزایەکم چووەتە لای (د) لە بەندیخانە. (د) پێیگوتووە چەکەکەی منی هێناوەتە دەرەوە لەسەر قادرمەی هۆڵی خانووەکەمان دەستکاریی کردووە. دیدار لە حەوشە بووە. گوللەیەک لە چەکەکە دەرچووە و دوو دەرگای مەتبەخی بڕیوە و بەر دیدار کەوتووە".

هەرچەندە (د) لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە و دانی بە کوشتنی براکەیدا ناوە، بەڵام باوکی دەڵێت لێی خۆش دەبێ، چونکە بەبڕوای ئەو ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بووە.

### شەڕی قابیل و هابیلەکان

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو)، کوشتنی دیدار بەکر، لەلایەن براکەیەوە دەبێتە پێنجەمین حاڵەتی کوشتنی برا بە دەستی برا لەماوەی ئەمساڵدا. ماوەیەک لەمەوبەر لە ناحیەی سەنگاوی سەر بە قەزای چەمچەماڵ برایەک، برایەکی خۆی کوشت. لە مانگی تەمموزی ئەمساڵیشدا لە خانەقین برایەک برایەکی خۆی کوشت. هەروەها دوو حاڵەتی دیکەش پێشتر لە هەولێر ڕوویاندابوو، یەکێکیان لە قەزای بنەسڵاوە و ئەوەی دیکەیان لە نێو شاری هەولێر.

سامان عەلی، توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت چەند هۆکارێک لە پشت کوشتنی برا لەلایەن براکانەوە هەیە، لەوانەش شەڕی داعش کە چەکی لە نێو ماڵەکاندا زۆر کردووە. بڵاوبوونەوەی دیمەنەکانی شەڕ و کوشتن، وای کردووە کوشتن لەلای هەندێک کەس ئاسایی ببێتەوە.

## خانەوادەکەی گومانیان لە دوو کەس هەیە...



# تەرمەکەی لە شوێنی کارەکەیدا دۆزرایەوە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

کارمەندێکی شارەوانیی خانەقین لە شوێنی کارەکەیدا بە کوژراوی دۆزرایەوە. کەسوکارەکەی بە گومانی کوشتنی کوڕەکەیان، سکاڵایان لەسەر دوو کەس تۆمار کردووە، بەڵام تائێستا دەستگیرنەکراون.

حەقی ئیسماعیل، 47 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی کرێکارانی شارۆچکەی خانەقین بوو، پاسەوان بوو لە شارەوانیی خانەقین و سەرلەبەیانی ڕۆژی 2016/10/30 تەرمەکەی بە کوژراوی لە نێو ئەو باخچەیەی کاری تێدا دەکرد، دۆزرایەوە.

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی خانەقین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕووداوەکە دوای 12ی شەو ڕوویداوە. گوللەیەک لە سینگی کوژراوەکە دراوە. کەسوکاریشی سکاڵایان لەسەر کەسانی نەناسراو تۆمار کردووە".

حەقی چەند ساڵێک بوو بە گرێبەست لە بەشی باخچەکانی سەر بە شارەوانیی خانەقین کاری دەکرد. سەرلەبەیانی 2016/10/30 کاتێک کارمەندەکانی چوونەتە شوێنی کارەکەیان، لەو باخچەیەی حەقی پاسەوانی بوو، تەرمەکەیان دۆزیوەتەوە.

کەسوکاری حەقی، بە گومانی کوژرانی کوڕەکەیان سکاڵایان لەسەر دوو کەس تۆمار کردووە کە پێشتر کێشەی لەگەڵیاندا هەبووە.

کامەران ئیسماعیل، برای حەقی بە (ڕووداو)ی گوت، براکەیان سەرلەبەیانیان زوو بۆ کارکردن چووەتە ئەو باخچەیە و پێشنیوەڕۆ گەڕاوەتەوە ماڵەوە. شەوانیش تاوەکو نزیکەی 11ی شەو دەچووە لای هاوڕێکانی لە باخچەیەکی نزیک ماڵی خۆیان.

کامەران گوتی "شەوی پێش ڕووداوەکە دوای شەشی ئێوارە چووەتە دەرەوە بۆ لای هاوڕێکانی و زیاتر لە دوو کاژێر لەلایان ماوەتەوە. دواتر ڕوخسەتی لێ وەرگرتوون و ڕۆیشتووە، دوای ئەوە دیار نەماوە و تەلەفۆنیشی پێ نەبوو تاوەکو بزانین لە کوێیە".

وەکو ئەو برایەی باسی کرد، ئەوان بە حەقییەوە چوار بران و ئەو شەوەش هەموویان لە دەوام بوون، بۆیە هەواڵیان نەزانیوە، بۆ ڕۆژی دوایی لەلایەن کارمەندانی باخچەکەوە لە کوژرانی حەقی ئاگادار کراونەتەوە.

کامەران گوتی "گومانمان لە دوو کەس هەیە، لەبەرئەوەی حەقی لەگەڵ یەکێکیان نزیکەی ساڵێک بوو کێشەی هەبوو، بەڵام نازانین کێشەکە چییە".

سەبارەت بە کەسی دووەم کە گومانیان لێی هەیە، کامەران گوتی کە ئەو کەسە و براکەی نزیکەی مانگێک لەمەوبەر تووشی کێشە هاتوون و ئەو کەسە هاتووەتە لای ماڵمان و تەقەی بەسەر براکەمدا کردووە، بۆیە سکاڵامان لەسەر ئەو دوو کەسە تۆمار کردووە".

## ڕاپرسییەکان: کلینتن بە جیاوازییەکی کەم لەپێشە

# ئەمریکا سەرۆک هەڵدەبژێرێ

ڕووداو- هەولێر

ڕۆژی سێشەممە 2016/11/8 ئەمریکییەکان سەرۆکی داهاتووی وڵاتەکەیان هەڵدەبژێرن، بەمەش کۆتایی بە یەکێک لە پڕهەراترین کەمپەینەکانی هەڵبژاردن لە مێژووی ئەمریکا دێ. لەگەڵ نزیکبوونەوەی ڕۆژی هەڵبژاردن، ڕاپرسییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە جیاوازیی نێوان دەنگەکان و جیاوازیی چانسی سەرکەوتنی هیلاری کلینتن، بەربژێری دیموکراتەکان و دۆناڵد ترامپ، بەربژێری کۆمارییەکان، کەم دەبێتەوە.



### زیندووکردنەوەی سکانداڵی ئیمەیڵەکانی کلینتن

بەپێی ئەنجامگیرییەکی (BBC)ی بەریتانی لە پێنج ڕاپرسی، هەتا ڕۆژی 2016/11/5 کلینتن بە دوو خاڵ لە پێش ڕکابەرە کۆمارییەکەوە بووە، واتە بە 46% بەرامبەر 44% لە پێش ترامپ بووە. ئەگەرچی هێشتاش کلینتن لە پێشە، بەڵام ئەم ژمارانە بۆ هاوڕێنی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا هەواڵێکی خۆش نییە، چونکە بەپێی ڕاپرسییەکی هاوبەشی کەناڵی (ABC News) و ڕۆژنامەی واشنتن پۆست لە ڕۆژی 2016/10/23، کلینتن بە 12 خاڵ لە پێش دۆناڵد ترامپەوە بوو. ئەم جیاوازییە زۆرە لە ڕۆژی 10/30 ڕووی لە کەمبوونەوە نا، دوای ئەوەی جەیمز کۆمی، بەڕێوەبەری ئێف بی ئای، ڕایگەیاند ژمارەیەکی زۆر ئیمەیڵی دیکەیان دۆزیوەتەوە کە پەیوەندییان بە لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی "بەکارهێنانی ئیمەیڵی شەخسی" لەلایەن هیلاری کلینتنەوە هەیە.

لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی "ئیمەیڵەکانی کلینتن" لە مانگی تەمووز کۆتاییان هاتبوو، وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا بێتاوان دەرچووبوو، بەڵام دوای دۆزینەوەی ئەم ئیمەڵە نوێیانە کە ژمارەیان 650 هەزار ئیمەیڵە، لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە سەرلەنوێ دەستی پێکردووەتەوە. کلینتن و دیموکراتەکان و تەنانەت ژمارەیەک لە کۆمارییەکانیش پێیانوایە کاتی ڕاگەیاندنی دۆزینەوەی ئەو ئیمەیڵانە گونجاو نەبووە، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئاکامی هەڵبژاردن دەبێ، بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ لەبارەی ناوەڕۆکی ئەو هەزاران ئیمەیڵە لەبەردەست بێت.

### ترامپ و ئافرەت

کێشەی ترامپ و ئافرەتان تەنیا لەوەدا کورت نابێتەوە کە ڕکابەرەکەی ئافرەتێکە، بەڵکو پەیوەندی و تێڕوانینی ترامپ بۆ ئافرەتان، لە پاڵ کێشەی نەدانی باج، گەورەترین کێشەی کەمپینەکانی ترامپ بووە. ڕۆژی 2016/10/7، ماڵپەڕی ڕۆژنامەی واشنتن پۆست ڤیدیۆیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا دۆناڵد ترامپ بە شانازییەوە باسی هەوڵەکانی خۆی بۆ دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتان دەکات. هەمان ڕۆژ ترامپ ڕایگەیاند، ئەوەی 11 ساڵ لەمەوبەر گوتوویەتی "تەنیا قسەن" و هیچکات هەوڵی دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتان نەداوە. بەڵام چەند ڕۆژ دواتر ڕۆژنامەکانی گاردیەن، نیویۆرک تایمز و تەلەفزیۆنی سی ئێن ئێن دیمانەی کۆمەڵێک ئافرەتیان بڵاوکردەوە کە ترامپ هەوڵی دابوو دەستدرێژییان بکاتە سەر.

### هەڵبژاردنی ئەمریکا ناڕاستەوخۆیە

هەموو هەڵبژاردنێکی سەرۆکایەتی ئەمریکا یەکەمین سێشەممەی مانگی تشرینی دووەم بەڕێوەدەچێ. ئەگەرچی هەڵبژاردنەکەی ڕۆژی سێشەممە بە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ناوی دەرکردووە و لەسەر وەرەقەی دەنگدانەکانیش ناوی بەربژێری هەرکام لە پارتەکان نووسراوە، بەڵام هەڵبژاردنەکە ڕاستەوخۆ هەڵبژاردنی سەرۆک نییە، بەڵکو کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسی هەر کام لە ویلایەتەکان هەڵدەبژێردرێن کە دواتر و لە دوایین مانگی ئەمساڵدا سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەمریکا هەڵدەبژێرن.

دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکەی سێشەممە، ئەو نوێنەرە دەنگدەرانەی لە هەرکام لە ویلایەتەکان دەنگیان هێناوە، لە مانگی کانوونی یەکەم لە ویلایەتەکەی خۆیان کۆدەبنەوە و دەنگ دەدەن. ئاکامی دەنگدانی ئەوانیش ڕەوانەی کۆنگرێس و ئەرشیفی نیشتمانیی ئەمریکا دەکرێ. دواتر ڕۆژی شەشی کانوونی دووەم، ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا کۆی گشتیی دەنگەکانی نوێنەرە دەنگدەرەکان و ئاکامی کۆتایی هەڵبژاردنەکە ڕادەگەیەنن.

ژمارەی نوێنەرە دەنگدەرەکان 538 کەسە، واتە تەنیا سێ کەس لە ژمارەی ئەندامانی کۆنگرێس زیاترە، ئەو سێ کەسەش بۆ ناوچەی کۆڵۆمبیا دانراوە. هەر کاندیدێک بۆ ئەوەی ببێ بە سەرۆک پێویستی بە دەنگی 270 نوێنەرە. بەپێی دوایین ڕاپرسییەکان هیلاری کلینتن 268 نوێنەری دەنگدەر و ترامپ 204 نوێنەری دەنگدەری مسۆگەر کردووە. بەم پێیەش لەم ساتەوەختەی ئێستا ئەرکی کلینتن زۆر لەوەی ترامپ ئاسانترە، چونکە لەو هەشت ویلایەتەی بە "مەیدانی ململانێ" ناسراون، واتە ئاریزۆنا (بە 11 نوێنەری دەنگدەر)، فلۆریدا (29 نوێنەری دەنگدەر)، نێبراسکای دووەم (یەک نوێنەر)، نیڤادا (شەش نوێنەر)، نیو هامشێر (چوار نوێنەر) و نۆرس کارۆلینا (15 نوێنەر)، ترامپ پێویستی بە هەموو 66 نوێنەرە دەنگدەرەکەیە، بەڵام کلینتن پێویستی بە دەنگی تەنیا دوو نوێنەرە.

بۆیەش ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز کە پشتگیری لە کلینتن دەکات، پێیوایە سەرکەوتنی هیلاری کلینتن 85% مسۆگەرە، ئەگەرچی ئەنجامی ڕاپرسییەکان لە نێو خەڵکدا زۆر لێکدی نزیکە.

ئەگەر هیچکام لە کاندیدەکان نەتوانن 270 نوێنەری دەنگدەر مسۆگەر بکەن، ئەوە کۆنگرێس خۆی ڕاستەوخۆ سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەمریکا دیاری دەکات. بۆیە میتۆدی هەڵبژاردنی سەرۆک لە ئەمریکا بە میتۆدێکی نێوانگیر لە نێوان هەڵبژاردن بە دەنگی خەڵک و هەڵبژاردن لە ڕێگای کۆنگرێسەوە ناسراوە.

هەڵبژاردنەکە لە بەرەبەیانی ڕۆژی سێشەممە دەستپێدەکا و چاوەڕێ دەکرێ 120 ملیۆن کەس بەشداریی پرۆسەکە بکەن. جیاکردنەوەی دەنگەکان هاوکات لەگەڵ تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان دەستپێدەکات و چاوەڕێ دەکرێ هەر ئەو کاتیش ئاکامی بەرایی دەنگدانەکە ڕابگەیەنرێ. زۆربەی جاران بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر دەردەکەوێ کێ سەرکەوتووە، هەر بۆیەش بەربژێری شکستخواردوو پەیوەندی بە بەربژێری سەرکەوتووەوە دەکات و پیرۆزبایی لێدەکات.

### بە تەمای دەنگدەرە دڵشکاوەکانن

ئەگەرچی براوەی هەڵبژاردنەکەی ڕۆژی سێشەممە سەر بە یەکێک لە دوو پارتە سەرەکییەکە دەبێ، بەڵام هەردوو پارتی سەوز و پارتی لایبەرتاریەنیش بەربژێری خۆیان هەیە.

جیل ستاین، 66 ساڵ، پزیشک، کاندیدی پارتی سەوزە. هەوڵ دەدات لایەنگرە دڵشکاوەکانی بێرنی سەندێرز، ڕکابەری پێشووی کلینتن بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. گەری جۆنس، 63 ساڵ، پارێزگاری پێشووی ویلایەتی نیومەکسیکۆ، کاندیدی پارتی لایبەرتاریەنە. دەیەوێ دەنگی ئەو کۆمارییانە ڕابکێشێ کە کەیفیان بە ترامپ نایەت و حەزیش ناکەن دەنگ بە دیموکراتەکان بدەن. ئیڤن مەکمولین تاکە کاندیدی سەربەخۆیە لەم هەڵبژاردنەدا کە پێشتر لە ئێف بی ئای کاری کردووە و لە ویلایەتەکەی خۆی (ویلایەتی ئۆتا) لایەنگری زۆری هەیە.

# ململانێی سعودیە و قەتەر، ئێرانی لە سووریا بەهێز کرد

ڕووداو- هەولێر

بەپێی ڕاپۆرتێکی ناوەندی توێژینەوە ستراتیژی و نێودەوڵەتییەکان (CSIS)، هەڵوێستی وڵاتانی کەنداو کە پێشتر پێداگیرییان لەسەر ڕۆیشتنی بەشار ئەسەد، سەرۆکی کۆماری سووریا دەکرد، ئێستا گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (CSIS)، لەگەڵ بەردەوامیی قەیرانی نێوخۆی سووریا، یەکدەنگیی وڵاتانی کەنداویش سەبارەت بە داهاتووی سیاسی و ئیداریی سووریا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و کاڵتر بووەتەوە. بۆ نموونە هەڵوێستی سعودیە و قەتەر، کە پاڵپشتی سەرەکیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی سوننەی سووریان، لە دژی حکومەتی ئەسەد توندتر بووە، هەوڵیشیان داوە ئەمریکا ناچار بکەن ڕۆڵێکی کاریگەرتر لە جەنگی نێوخۆی سووریادا بگێڕێ، بەڵام هەڵوێستی بەحرێن، کوەیت و ئیمارات نەرمتر بووە و فۆکەسی زیاتریان لەسەر هاوکارییە مرۆییەکانە.

### دژایەتیی ئەسەد

لەگەڵ دەستپێکی بەهاری عەرەبیدا، وڵاتانی کەنداو لە هەردوو وڵاتی میسر و بەحرەین پشتگیرییان لە دەسەڵاتداران کرد. بەڵام کاتێک شەپۆلی خۆپیشاندانەکان سووریاشی گرتەوە، وڵاتانی کەنداو بیریان لەوە کردەوە دەرفەتەکە بقۆزنەوە و هەوڵی گۆڕینی ڕژێم بدەن.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی (CSIS)، وڵاتانی کەنداو سەرەتا بە جۆرێک لە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ ڕەوشی سووریا دەکرد، لەبەر ئەوەی دەیانزانی گۆڕینی ڕژێم دەکرێ کۆمەڵێک ئاماژە بە گرووپە ناڕازییەکانی نێوخۆی وڵاتەکانی خۆیشیان بدات. هەر بۆیە تا کۆتایی تەمووزی 2011 کوەیت و سعودیە پشتگیرییان لە حکومەتی سووریا دەکرد و 209 ملیۆن دۆلاریشیان وەکوو یارمەتی پێشکەش بە ئەسەد کرد. بەڵام قەتەر کۆتایی بەو ڕوانگەیە هێنا.

ئەم هەڵوێستەی قەتەر دوو هۆکاری سەرەکی لەپشت بوو: یەکەمیان پەیوەندی بە بەرزکردنەوەی پێگەی ناوچەیی خۆیەوە هەبوو، دووەمیشیان پەرەپێدان بە کەرتی غازی قەتەر، چونکە قەتەر بەنیاز بوو بە ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد و هاتنەسەرکاری حکومەتێکی سوننە، ڕێگە بۆ دروستکردنی بۆڕیی غازی نێوان قەتەر و ئەورووپا خۆش بکات کە بەشێکی بە سووریادا تێدەپەڕێ.

گۆڕانی ڕوانگەی سیاسی قەتەر بەرامبەر بە سووریا هاوکات بوو لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژییەکان لە سووریا، کە ناڕەزایەتییەکی توندی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، لەوانەش ڕووسیا و تورکیای لێکەوتەوە، ئەمەش گرووپی وڵاتانی هاوکاریی کەنداوی هاندا هەوڵەکانیان بۆ گۆڕینی ڕژێم لە سووریا بخەنەگەڕ. بەڵام ئەسەد نەڕووخا و یەکدەنگیی نێوان وڵاتانی کەنداویش کورتخایەن بوو.

### ناکۆکیی سعودیە و قەتەر

بەبۆچوونی ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکەی (CSIS)، یەکەم ناکۆکی نێوان وڵاتانی کەنداو پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە دەبێ هاوکاریی کام گرووپ بکرێ، هەر وڵاتێک پشتگیری لە گرووپێکی جیاواز دەکرد. لە 2011ەوە هەتا 2014 ناکۆکیی سەرەکی لەنێوان سعودیە و قەتەر بوو. قەتەر کە بە درێژایی قەیرانەکە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ تورکیا هەبووە، پشتگیری لە ئەنجوومەنی نیشتمانی سووریا دەکرد، بە نیازیش بوو دەسەڵات و کاریگەریی ئیخوان موسلمین لەنێو ئەنجوومەنەکەدا زیاتر بکا. بەڵام سعودیە، ئیمارات و بەحرەین لە دەسەڵاتی ئیخوان دەترسان، بۆیە بەدوای ئەو گرووپانەدا دەگەڕان کە میانڕەوترن و پەیوەندییان بە سەلەفیزمی جیهادییەوە نەبێ.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، ئەم سێ وڵاتە هەوڵیان دا زیاتر خۆیان لە ئەمریکا نزیک بکەنەوە، نەک تورکیا. نموونەی زەقی ئەمەش پێکهێنانی ژووری ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی ئەمریکی، سعودی و ئوردنی بوو لە ئوردن. لە کۆتایی 2012ەوە ململانێ و پێکدادان لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی سووریا دەستیپێکرد، بناغەی ئەم ململانێیەش ناکۆکیی نێوان وڵاتانی هاریکاریی دەرەکی بوو.

هەر لەو ماوەیە خەریک بوو باڵانسی دەسەڵات لە دەستی قەتەر دەردەچوو، کاتێک ژەنەراڵ سەلیم ئیدریس وەکوو فەرماندەی باڵای سوپای ئازادی سووریا دیاری کرا، بڕیاریش وابوو سعودیە، ئیمارات و ڕۆژئاوا لە ڕێگەی ئەوەوە یارمەتی دارایی و سەربازی پێشکەش بەو هێزانە بکەن. بەڵام قەتەر بەردەوام بوو لەوەی یارمەتی کۆمەڵە فەرماندەیەکی سەربازیی دیکە بدات. ئەمەش بووەی هۆی ئەوەی بەشێک لە یارمەتییەکانی قەتەر بە دەستی گرووپە توندئاژۆکان بگات. بۆ نموونە فەرماندەیەکی سوپای ئازادی سووریا بە ناوی سەدام جەمال کە یارمەتی لە قەتەرییەکان وەردەگرت، بەیعەتی بە ئەبوبەکر بەغدادی "خەلیفە"ی داعش دا.

لەگەڵ درێژەکێشانی جەنگی نێوخۆیی سووریا، ململانێی نێوان وڵاتانی کەنداویش زیادی کرد. قەتەر پشتگیری لە گرووپی ئەحرار ئەلشام و کۆمەڵە گرووپێکی دیکەی سەلەفیی جیهادی دەکرد کە ئامانجیان ڕووخاندنی دەسەڵاتی ئەسەد و دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامیی سوننە بوو. لە بەهاری 2014دا ئیمارات، سعودیە و بەحرەین باڵیۆزەکانی خۆیان لە قەتەر کشاندەوە، ئەمەش وەکو هەوڵێک بۆ ئەوەی گوشار بخەنە سەر قەتەر تاوەکو سیاسەتی خۆی لە سووریا بگۆڕێ. سعودیە دەیزانی وڵاتانی کەنداو پێویستیان بە هاودەنگییە، چونکە جگە لەوان هیچ هێزێکی دیکە نییە بەرژەوەندیی تەواوی لە ڕووخانی دەسەڵاتی ئەسەددا هەبێ.

### پێگەی ئەسەد بەهێزتر بووە

بەپێی ڕاپۆرتێکی ناوەندی توێژینەوە ستراتیژی و نێودەوڵەتییەکان، هەوڵەکانی دەوحە و ڕیاز بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەد، ئاکامی نەرێنی بۆ هەردوو وڵات و قەیرانی سووریا بەدواوە بووە. لەوانەش: گۆشەگیربوونی زیاتری ئەم دوو وڵاتە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا. توندڕەوتربوونی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا. ئەوەش پێگەی ئەسەدی لە سووریا بەهێزتر کردووە. بەهێزتربوونی پێگەی ئەسەدیش بە مانای بەهێزتربوونی ئێرانە لە ناوچەکەدا. لە کاتێکدا هۆکارێکی سەرەکی بەشداریی سعودیە و قەتەر لە قەیرانی سووریا ئەوە بوو ڕێگە لەم ئاکامە بگرن.

### نیگەرانییەکانی سعودیە

لە سەرەتای دەستپێکردنی جەنگی نێوخۆیی سووریاوە، وڵاتانی کەنداو ڕەخنەیان لە ئیدارەی کۆشکی سپی گرتووە کە ڕۆڵێکی بەرچاو لە سووریادا ناگێڕێ. جگە لەمە سعودیە واشنتنی بەوە تۆمەتبار دەکرد کە چاوپۆشی لە فراوانبوونی ڕۆڵی ئێران لە سووریا دەکات. لە تشرینی دووەمی 2013دا گرووپی (5+1) ڕێککەوتنێکی کاتی سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران لەگەڵ ئەم وڵاتەدا واژۆ کرد. لای وڵاتانی کەنداو ئەمە ئاماژەیەک بوو بەوەی دانوستاندنە ئەتۆمییەکان خەریکن بەرەوپێش دەچن. هاوکاتیش ئێران سەرمایەیەکی مادی و سەربازیی زۆری ڕەوانەی سووریا کردبوو، بۆ ئەوەی هەرچۆنێک بێ حکومەتەکەی ئەسەد بپارێزێ.



### نزیکبوونەوەی سعودیە لە قەتەر

لە حوزەیرانی 2013دا ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە قەتەر ڕوویدا، ئەمەش هەلێکی نوێی بۆ سعودییەکان ڕەخساند بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لە قەتەر نزیک ببنەوە. لەم قۆناغەدا سعودیە و قەتەر بڕیاریان دا هەموو ناکۆکییەکان وەلاوە بنێن. لە تشرینی دووەمی 2014دا بەنێوبژیوانیی کوەیت، وڵاتانی کەنداو جارێکی دیکە باڵیۆزخانەکانی خۆیان لە دەوحە کردەوە، لەبەرامبەریشدا قەتەر سەرکردەکانی ئیخوانی دەرکرد و پشتگیری تەواوی لە عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆکی میسر کرد.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، دامەزراندنی گرووپی هاوکارییەکانی سعودیە و قەتەر دوای ئەوە هات کە سعودییەکان دڵنیابوونەوە لەوەی ئەمریکا هیچ ناکات. هەر لەم قۆناغە بەدواوەش سعودیە ڕووی لە هاوکاریکردنی گرووپە توندڕەوەکانی وەکوو جەیش ئەلفەتح کرد کە بەرەی فەتح (نووسرەی پێشوو)ش ئەندامی بوو.

### هەڵوێستی وڵاتە بچووکەکانی کەنداو

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە دەکرێ کە لە کاتێکدا قەتەر و سعودیە لە هاریکاریی گرووپە توندئاژۆکانی سووریا بەردەوام بوون، وڵاتە بچووکەکانی کەنداو، لەوانەش بەحرێن، کوێت و ئیمارات نیگەرانی ئەوە بوون لایەنگری لە سوننەکانی سووریا ناکۆکیی نێوخۆیی لە وڵاتەکانی خۆیان دروست بکات، ئەمە جگە لەوەی سەرهەڵدانی داعش لە سووریا و عێراق ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی تەواو ناسەقامگیر کردبوو. بۆیەش وڵاتە بچووکەکانی کەنداو دەبوایە لە نێوان ڕووخاندنی ئەسەد و تێکشکاندنی داعش یەکێکیان هەڵبژێرن، لە هەڵوێستەکانیشیاندا وەها دەرکەوتووە کە بژاردەی دووەمیان کردووە بە ئەولەویەت. کوەیتیش هەر لەسەرەتاوە جگە لە لێکنزیککردنەوەی هەڵوێستی وڵاتانی کەنداو و میوانداری و سەرپەرشتیکردنی هەوڵە مرۆییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەوڵێکی ئەوتۆی لە قەیرانی سووریادا نەبووە.

## کینیس ئێم پۆلاک، توێژەر لە پەیمانگای بڕووکینگز:

# ئۆپەراسیۆنی مووسڵ دەستکەوتێکی زۆری بۆ پارتی هەیە

ڕووداو – هەولێر

دوو هەفتە لەمەوبەر، کینیس ئێم پۆلاک، توێژەر لە پەیمانگای بڕووکینگز، بۆ بەشداری لە دیبەیتەکانی پەیمانگای مێری سەردانی هەولێری کرد، دوای تەواوبوونی گەشتەکەشی ڕاپۆرتێکی لەسەر ڕەوشی سیاسی و ئەمنی لە هەرێمی کوردستان و پەیوەندیی جەنگی مووسڵ بەو ڕەوشەوە بڵاوکردەوە، لێرەدا پوختەیەکی سەرنجەکانی دەخەینە ڕوو.

### مووسڵ لە ڕوانگەی هەولێرەوە

"بەشێوەیەکی گشتی، کورد دڵخۆشە بە چۆنێتی بەڕێوەچوونی لایەنە سەربازییەکەی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ"، بە تایبەتی لەو هاوکارییەی کە لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی عێراق و هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمریکا هەیانە.

توێژەرە ئەمریکییەکە ئاوا دەستپێدەکات و پاشان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سەرکردایەتیی کورد هیچ مەیلێکیان نییە بۆ ئەوەی پێشمەرگە بچێتە نێو مووسڵ، ئەمە تێڕوانینێکە کە "لە نێو سەرکردایەتیی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستانیشدا بەدی دەکرێ، ئەگەرچی بەشداریی پێشمەرگە لە شەڕی مووسڵ زۆرترین دەستکەوتی بۆ دەستەبەر دەکات". چونکە زۆرینەی دانیشتووە کوردەکانی ئەم شارە لایەنگری پارتین و دەکرێ دەنگدەرێکی گرنگی ئەو حیزبە بن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا وەک چۆن پێشتریش هەر وا بووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، سەرکردایەتیی کورد چاوەڕێی قۆناغی دوای کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ دەکەن، ئەگەرچی "پێیانوایە ئەوە هەڵە بووە کە هێزە بەشدارەکان لەنێو خۆیاندا لەسەر پلانێک ڕێکنەکەوتوون، نیگەرانی ئەوەشن کە حکومەتی عێراق خۆی بە تەنیا دەرەقەتی ئەو تەحەددیە نەیەت".

ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی کورد بە پۆلاکیان ڕاگەیاندووە کە "ئەگەر پرۆسەی سەقامگیرکردنی مووسڵ سەرنەگرێ، کورد تەنیا پلانی ئەوەی هەیە بەرگری لە سنوورەکانی خۆی بکات، ئاوارەکان وەربگرێ و پشێوییەکە بۆ عێراقی و ئەمریکییەکان جێدەهێڵن".

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەی کینیس پۆلاکدا باس لە نیگەرانییەکانی کورد سەبارەت بە شنگال و تەلەعفەر دەکرێ، لە هەردوو ناوچەکە "ئەگەری شەڕ و پێکدادانی نێوخۆیی هەیە. چونکە لە شنگال کوردی ئێزدی لەنێوان پەکەکە و لە پشت ئەوانیشەوە یەکێتی نیشتمانی و ئێران لەلایەک و پارتی دیموکراتی کوردستان و تورکیا لەلایەکی دیکەوە گیریان خواردووە". تورکمانەکانی تەلەعفەریش بەسەر سوننە و شیعەدا دابەشبوون.

کورد، بە تایبەتیش پارتی، هۆشداری دەدەن کە "جموجوڵی پەکەکە لە شنگال و حەشدی شەعبی لە تەلەعفەر دەشێ هێرشی تورکیای لێ بکەوێتەوە. بەبۆچوونی پۆلاک ئەمە دەکرێ ببێتە هۆی ئەوەی پارتی بکەوێتە لای تورکیا و یەکێتیش بکەوێتە لای پەکەکە و ئێران، ئەمەش کارەساتبارە، لەبەر ئەوەی ئەگەر تەنانەت پارتی و یەکێتیش تووشی جەنگی دەستەویەخە نەکات، پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو لایەنە کوردییە هێندەی دیکە ژەهراوی دەکات".

### گیرخواردنی دۆخی سیاسی لە کوردستان

بەبۆچوونی پۆلاک، ئەوەی کە ڕەوشی سیاسیی نێوخۆی کوردستان لەخاڵێکدا گیری خواردووە، دوو هۆکاری هەیە: یەکەمیان ئەوەیە کە داهاتووی شنگال و تەلەعفەر ڕوون نییە، دووەمیشیان پەیوەندی بە کێشەی نێوان حیزبەکان و کێشەی نێوخۆیی پارتە کوردییەکانەوە هەیە. لەم پەیوەندییەشدا ئاماژە بە کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتی نیشتمانی و بزووتنەوەی گۆڕان دەکات.

لەلایەکەوە یەکێتی لەنێو ململانێی نێوان "خێزانی تاڵەبانی" و باڵی لایەنگری کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی و بەرهەم ساڵح، هەردوو جێگرەکەی تاڵەبانیدا گیری خواردووە. لەلایەکی دیکەشەوە گۆڕان، بە هۆی خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی 2015 لە دژی پارتی و دوورکەوتنەوەی نەوشیروان مستەفا، ئیفلیج بووە.

زۆربەی ئەو کەسانەی لە سەرکردایەتی کورد قسەیان بۆ پۆلاک کردووە، پێیانوایە دوورکەوتنەوەی نەوشیروان مستەفا گۆڕانی تووشی سەرلێشێوان کردووە، لەبەر ئەوەی "ناتوانن بەبێ ئەو هیچ بکەن و تەنانەت ناتوانن، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێ، سەرکردەیەکی نوێ هەڵبژێرن".

بەپێی ڕاپۆرتەکەی پۆلاک، سەرکردایەتیی کورد پێیانوایە دۆخی چەقبەستووی ئێستای کوردستان شکستێکە کە هەموو لایەنەکان تێیدا بەشدارن. لەلایەکەوە "یەکێتی و گۆڕان هێندە بە قەیرانە نێوخۆییەکانی خۆیانەوە سەرقاڵن کە هیچیان پێناکرێ" بۆ ئەوەی کوردستان لەم ڕەوشە دەرباز بکەن. لەلایەکی دیکەشەوە "پارتی، لەبەر ئەوەی حوکمڕانیی کوردستانی لەسەر شانە، زیاتر لە هەموو لایەنەکانی دیکە دەرگیری جەنگی مووسڵە"، ئەمەش هەموو تەرکیزی ئەو پارتەی بۆ خۆی بردووە، هەرچەندە پارتی ڕای وایە "نە گۆڕان و نە یەکێتی هێندە یەکڕیز نین کە بکرێ دانوستاندنێکی واتاداریان لەگەڵ بکرێ". بەڕای پۆلاک ئەم بۆچوونەی پارتی دەکرێ ڕاستییەکی تێدا بێ.

بەرپرسانی باڵای پارتی ئەوەشیان بە توێژەرە ئەمریکییەکە ڕاگەیاندووە کە پلانیان وایە دوای کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ کۆمەڵێک هەنگاو بنێن بۆ ئەوەی حکومەتێکی نوێ دامەزرێنن و ڕەوشەکە بەرەوپێش بەرن، ئەمە جگە لەوەی "سووریشن لەسەر ئەوەی لە ساڵی 2017دا هەڵبژاردنێکی دیکە بەڕێوەبەرن". ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەکرێ سوودبەخش یان زیانبەخش بێ، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئاخۆ یەکێتی و گۆڕان وەڵامی پۆزەتیڤیان بۆ هەوڵەکانی پارتی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان دەبێ یان نا.

### سەربەخۆیی یان کۆنفیدراڵیزم

پۆلاک پێیوایە سەرەڕای هەموو کێشە نێوخۆییەکان، دوو هۆکار وا دەکەن هەستێکی ئەرێنی لە هەولێر هەبێ، یەکەمیان ئەو پێشکەوتنانەیە کە لە پرسی سەربەخۆییدا بەدی هاتوون و ئەوەی دووەمیان پەیوەندی بە هەنگاوەکانی چاکسازی ئیداری و دارایی کوردستانەوە هەیە.

مانگی ڕابردوو مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕایانگەیاند کە گفتوگۆکانیان لەگەڵ سەرکردە شیعەکانی عێراق لە بەغدا ئەرێنی و بنیاتنەر بوون.

پۆلاک دەڵێت بەغدا و هەولێر لەسەر پێکهێنانی "لیژنەیەکی هاوبەش بۆ دانوستاندنەکانی تایبەت بە پرۆسەی ئاشتیانەی جیابوونەوە" ڕێککەوتوون. بەپێی ڕاپۆرتەکەی بڕووکینگز، کورد ڕای وایە حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، بە جددی ئامادەیە ڕێگە بە کورد بدات لە عێراق جیاببنەوە،

بەڵام لە هەمان کاتدا بارزانیش دەزانێ یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم هەڵوێستەی عەبادی ئەوەیە کە سەرۆکوەزیرانی عێراق پێویستی بە پشتگیریی پارتی هەیە بۆ ئەوەی بەرەنگاری هەوڵەکانی مالیکی ببێتەوە بۆ دوورخستنەوەی لە دەسەڵات. پۆلاک دەڵێت "عەبادی ئەم هەڵوێستەی خۆی لە جیابوونەوەی کورد لە عێراق لای زۆر کەس باس کردووە، یەکێک لەوانە خۆم بووم کە لە ئاداری 2016دا بۆی باس کردم".

"کورد جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بڕیاری جیابوونەوە تەنیا بە ڕەزامەندیی عەبادی دەستەبەر نابێ"، بۆیە وەک پۆلاک دەڵێ، بۆ کورد گرنگە هەموو هاوپەیمانێتی نیشتمانیی ڕەزامەندی بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدەن. بەبۆچوونی لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە کورد نیگەرانە لەوەی "عەبادی نەتوانێ پرسێکی ئاوها گەورە لەئەستۆ بگرێ، یان ڕەنگە نەتوانێ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە 2018دا بەرامبەر نووری مالیکی یان هادی عامری، سەرۆکی حەشدی شەعبی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی پۆلاک سەرکردەکانی کورد پێیانوایە وەرگرتنی ڕەزامەندیی هەموو هاوپەیمانێتی شیعە، ڕێگە عەقڵانییەکەی هەوڵدانە بۆ سەربەخۆیی، ئەگەر ئەم میتۆدە هیچیشی لێ شین نەبێ، ئەوان دیسان سوورن لەسەر ئەوەی تاقی بکەنەوە.

پۆلاک دەڵێت "ئەمە گۆڕانێکی گەورەیە لە بیرکردنەوەی کورد سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی"، لەبەر ئەوەی کورد پێشتر بڕوای وابوو "ڕێگای سەربەخۆیی بە ئەنقەرەدا تێدەپەڕێ، بەڵام ئێستا بڕوایان وایە کە ڕێگاکە بە بەغدادا دەڕوات". بەپێی ڕاپۆرتەکە "زۆرینەی سەرکردەکانی کورد، یان هەر هیچ نەبێ سەرکردەکانی پارتی، هێشتاش پێیانوایە دەتوانن قەناعەت بە ئەنقەرە بهێنن" بۆ ئەوەی پشتگیری لە جودابوونەوەیەکی ئاشتیانەی کورد لە عێراق بکات، بەڵام دان بەوەشدا دەنێن کە "کێشە نوێیەکانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان (سەرۆک کۆماری تورکیا) لەگەڵ کوردی تورکیا و سووریا، ئەردۆغان وا نیشان دەدەن کە بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان کەمتر جێی متمانە بێ".

لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە ئاماژە بە دیبەیتێک دەکات کە لەنێوان سیاسییەکانی کورد هاتووەتە ئاراوە دەربارەی ئەوەی ئاخۆ ئێستا داوای سەربەخۆیی بکەن یان کۆنفیدراڵیزم. هۆکاری دروستبوونی ئەم دیبەتەش ئەوەیە "دانوستاندنەکانی سەربەخۆیی (لە نێوان هەولێر و بەغدا) هێشتا لە قۆناغی بەراییدایە، بەشێکی زۆر لە مەسەلەکەش بۆ ڕەوشی ئەمنی و ئابووریی هەرێمی کوردستان لە کاتی دانوستاندنەکان دەگەڕێتەوە"، بەشێک لە سەرکردە میانڕەوەکانی کورد پێیانوایە "کۆنفیدراڵیزم دەکرێ وەکوو حاڵەتێکی کاتی قەبووڵ بکرێ"، چاوەڕێش دەکرێ دواجار ئەمە بۆ سەربەخۆیی تەواو بگۆڕدرێ.

ئەو سەرکردە میانڕەوانە ئاماژەیان بە چوار مەرج داوە بۆ ئەوەی کورد بە کۆنفیدراڵیزم ڕازی بێ:

**یەکەم:** کورد سەروەریی تەواوی خۆی هەبێ.

**دووەم:** سیاسەتی بەرگری لەژێر کۆنترۆڵی کورد خۆیدا بێ (ئەمەش مافی کڕینی ڕاستەوخۆی چەک و کەرەستەی سەربازی لەخۆدەگرێ).

**سێیەم:** سیاسەت و کەرتی وزەی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی کورد خۆیدا بێ (ئەمەش مافی فرۆشتنی نەوتی کوردستان و لاچوونی ئەو پارەیە لە خۆدەگرێ کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ قەرەبووکردنەوەی کۆمپانیا بیانییەکان دەبێ بیدات).

**چوارەم:** کورد کۆنترۆڵی تەواوی لەسەر سیاسەتی دارایی و پارەی خۆی هەبێ (وەکوو چاپکردنی پارە، دانانی بانکی ناوەندیی کوردستان و وەرگرتنی قەرز لە ناوەندە دارایی و قەرزبەخشە نێودەوڵەتییەکان).

### چاکسازییەکان

بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەی بڕووکینگز باس لە پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان دەکات و تیشک دەخاتە سەر هێنانی وەزیری پێشووی دارایی لوبنان بۆ ئەوەی چاودێریی وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان بکات. هەروەها کۆمپانیاکانی (Ernst &Young) و دیلۆیت بە کۆی کەرتی نەوت و غازی هەرێمدا دەچنەوە. جگە لەمانە حکومەتی هەرێمی کوردستان "لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا و لە چوارچێوەی پرۆگرامی دەستپێوەگرتندا، پاڵپشتی دارایی کەم کردووەتەوە و مووچەی فەرمانبەرانیشی بە ڕێژەی 49% کەم کردووەتەوە". دوو پرۆگرامی دیکەش بە مەبەستی کەمکردنەوەی خەرجییەکان و گەندەڵی دارایی دەستیان پێدەکرێ. یەکەمیان پەیوەندی بە کەرتی کارەباوە هەیە کە هەم دەدرێتە بە کەرتی تایبەت و هەمیش ژێرخانی دابەشکردنەکەی چاک دەکرێتەوە. دووەمیشیان دانانی پرۆگرامێکی تۆماری ئەلیکترۆنی یان بایۆمیتریی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانە، بە شێوازێک کە "تەنیا ئەوانەی ناویان لە داتابەیسە ئەلیکترۆنییەکەدا هەیە، چەکی مووچەیان پێدەدرێ، ئەمەش دەشێت دەیان یان سەدان هەزار فەرمانبەر و هێزی سەربازیی بندیوار لە کۆڵ حکومەت بکاتەوە".

پۆلاک پێیوایە گوشاری نەبوونی مووچە و کەمبوونەوەی خزمەتگوزارییەکانی حکومەت لە چوارچێوەی پرۆگرامی دەستپێوەگرتن، وای کردووە خەڵک هەست بە بایەخی پرۆگرامەکە نەکات، بەڵام لە درێژخایەندا ئەم چاکسازییە گەورەترین سوودی بۆ کوردستان دەبێ، دواجار ئەگەر کوردستانیش نەبووژێنێتەوە، ڕەوشەکەی سەقامگیر دەکات".

### عێراق... جەنگی مووسڵ و پلانی دوای داعش

بەشێکی دیکە لە ڕاپۆرتە مەیدانییەکەی بڕووکینگز تایبەتە بە عێراق و چارەنووسی مووسڵ لە پاش ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی شارەکە. پۆلاک دەڵێت هەڵەیە وابزانین ئیدارەی کۆشکی سپی بیری لە کێشەکانی دوای کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ نەکردووەتەوە، بەڵکو "زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، ئەمریکا بڕیاری داوە بەرپرسیارێتی قۆناغی دوای گرتنەوەی مووسڵ بخاتەوە ئەستۆی حکومەتی عێراق".

لێکۆڵەرەکەی بڕووکینگز پێیوایە ئەگەر ئەمە ڕێکاری ئەمریکا بێ، ئەوە کۆمەڵێک قازانجیشی بۆ واشنتن هەیە:

**یەکەم:** لە حاڵەتی ئامادەیی حکومەتی عێراقدا پێویست ناکات پلانێکی ئاڵۆز و هەمەلایەنە بۆ ڕێککەوتن لە نێوان لایەنەکان هەبێ.

**دووەم:** ئەمە ئەو شتەیە کە عەبادی دەیەوێ.

سێیەم: پێویست بە دانوستاندنی دوور و درێژ لە نێوان لایەنە ڕکابەرەکان ناکات کە ڕەنگە هەر ئەم دانوستاندنە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکەی بۆ چەندین مانگ دواخستبێ.

بەڵام ئەم پلانە کۆمەڵێک مەترسی گەورەش دێنێتە ئاراوە:

**یەکەم:** توانای حکومەتی عێراق بۆ ڕاگرتنی ڕەوشی شارەکان لە دوای کۆنترۆڵکردنەوەیان زۆر کەمە، بە تایبەتیش کە مووسڵ دووەم گەورەترین شاری عێراقە.

**دووەم:** ئەگەر پلانێکی پێشوەختە نەبێ کە هەموو لایەنەکان لەسەری ڕێککەوتبن، ئەوە هێزە بەشدارەکان (لەوانەش حەشد، هێزەکانی نوجەیفی، پەکەکە و تورکیا) بەرژەوەندی بۆ خۆیان دەپچڕن. تەنانەت مەترسی ئەوەش هەیە هەر لایەنێک بەشێک بۆ خۆی بەرێت و ئەمەش لەوانەیە شەڕ و پێکدادانی هەموو لایەنەکانی لێبکەوێتەوە.

**سێیەم:** بەم هەنگاوە ئەمریکا هەڵەکانی ڕابردووی خۆی لە عێراق دووبارە دەکاتەوە، کاتێک لە نێوان ساڵانی 2009 بۆ 2014 پشتگیرییەکی بێ ئەملا و ئەولایان لە سیاسەتە فراوانخوازەکانی مالیکی کرد.

**چوارەم:** عەبادی پێشتریش لە گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ ناوچە کۆنترۆڵکراوەکان هەڵەی کردووە، ئەمە جگە لەوەی عەبادی هێزی ئەوەی نییە پلانێکی ئاوها هەمەلایەنە بە تەنیا جێبەجێ بکا.

### یارییەکانی مالیکی لە بەغدا

بەپێی ڕاپۆرتەکە "حاڵی حازر مالیکی (لە ڕێگەی ئەندام پەرلەمانەکانی خۆیەوە) بەردەوام دەبێ لەوەی کێشە بۆ حکومەتی عێراق و حەیدەر عەبادی دروست بکات، ئەمەش وەکوو تۆڵەسەندنەوەیەک. زۆربەی ئەو بەرپرسانەش ئەوانە بوون کە دەستیان هەبووە لە لادانی مالیکی لە پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران لە 2014دا".

ڕاپۆرتەکە دەڵێت زۆربەی سەرکردەکان باسی ئەوە دەکەن کە "مالیکی پێی گوتوون پەشیمانە لەوەی لە 2014 دەستی لەکار کێشاوەتەوە"، لە بەرامبەریشدا گوتوویەتی "نایەوێت جارێکی دیکە ببێتەوە بە سەرۆکوەزیران، بەڵام حەز دەکا خۆی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو دەستنیشان بکات"، بەڵام ئەمریکییەکانیش هۆشدارییان بە لایەنە عێراقییەکان داوە "ئەگەر عەبادی لە پۆستی سەرۆکوەزیران لابدەن، ئەوە ئەوانیش هاوکارییەکانی خۆیان بۆ حکومەتی عێراق دەکێشنەوە"، بەپێی ڕێککەوتنەکانی ئێستاش "عەبادی هەتا 2018 لە پۆستی سەرۆکوەزیراندا دەمێنێتەوە".

کێنێس پۆلاک جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەگەرچی "عەبادی لە هەوڵەکانی مالیکی بۆ لەسەر کارلادانی دەرباز بووە، بەڵام هێزی ئەوەی نییە بڕیارەکانی خۆی جێبەجێ بکات. بازنەکەی عەبادی لە پەرلەمان زۆر بچووکە... زۆربەی هاوپەیمانە سیاسییەکانیشی وازیان لێ هێناوە، بە کورتییەکەی عەبادی (بۆ بەردەوامبوونی خۆی) پێویستی بە یارمەتییە".

**ئەگەری شەڕی نێوخۆیی لە شنگال و تەلەعفەر هەیە**

**گۆڕان بەهۆی دژایەتی پارتی و دوورکەوتنەوەی نەوشیروان مستەفاوە ئیفلیج بووە**

**پارتی دوای ئۆپەراسیۆنی مووسڵ حکومەتێکی نوێ پێکدێنێ**

**عەبادی جددییە لە ڕێگەدان بە جیابوونەوەی کورد لە عێراق**

**ئەمریکا بەرپرسیارێتی قۆناغی دوای گرتنەوەی مووسڵ دەخاتەوە ئەستۆی حکومەتی عێراق**

**عەبادی لابدرێ ئەمریکا هاوکارییەکانی خۆی بۆ عێراق ڕادەگرێ**

**مالیکی پەشیمانە لەوەی لە 2014دا دەستی لە دەسەڵات بەردا**



ئەگەر پرۆسەی سەقامگیرکردنی مووسڵ سەرنەگرێ، کورد تەنیا پلانی ئەوەی هەیە بەرگری لە سنوورەکانی خۆی بکات

23 ساڵ وەرزشی بە نەخۆشەکانی سنە و تاران کردووە

# ڕۆژهەڵاتییەک بە وەرزش ئومێد دەبەخشێتە تووشبووانی شێرپەنجە

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

خانمێک کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتووە و لە سلێمانی نیشتەجێ بووە، چوار ساڵە وەرزش و ڕاهێنانی جەستەیی بە نەخۆشە درێژخایەنەکان بەگشتی و تووشبووانی شێرپەنجە بەتایبەتی دەکات، بەڵام دەڵێ قەیرانی دارایی ڕێگە نادات تەواوی ئەوەی دەیەوێت بە نەخۆشەکانی بکات. وەزارەتی تەندروستیش دەڵێ ئەوان تەنیا دەتوانن پشتیوانیی مەعنەویی پرۆژەکە بکەن.

دوای 23 ساڵ وەرزشکردن بە نەخۆشانی سنە و تاران، چوار ساڵ لەمەوبەر فەرەح موراد ڕووی لە سلێمانی کرد، بۆ ئەوەی لە نەخۆشخانەی هیوا وەرزش بە تووشبووانی شێرپەنجە بکات.

د.دۆستی نەجات، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیوا بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە پرۆژەکەمان هەبوو، بۆ وەزارەتمان ناردبوو، دواتر فەرەحیش هەمان بیرۆکەی لەگەڵ وەزارەت باس کردبوو. ئیدی گوتمان ئەو خانمە گونجاوترین کەسە بۆ سەرپەرشتیی پرۆژەکە".

مۆدێلی وەرزشی تایبەت بەو کەسانەی نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە، زیاتر لە وڵاتانی پێشکەوتوو باوە، بۆ خەڵکی کوردستان تا ڕادەیەک نامۆیە، بەڵام فەرەح دەستی داوەتە ئەو کارە و سەرەتا بە حەوت نەخۆش دەستی پێکرد، ئێستا 120 کەس وەرزشە تایبەتەکەی ئەو دەکەن.

پسپۆڕییەکەی فەرەح لە دەستنیشانکردنی ئەوەدایە کە کام وەرزش بۆ کام نەخۆش گونجاوە. فەرەح موراد بە (ڕووداو)ی گوت "ڕادەی کارایی ماسولکەکان، سییەکان، تەمەن و چالاکیی نەخۆشییەکە ڕۆڵیان هەیە لە دیاریکردنی جۆری وەرزشەکە".

نەخۆشەکان هەفتانە سێ ڕۆژ سەردانی هۆڵێکی وەرزشی دەکەن. ڕۆژێکیش فەرەح هەموویان دەبات بۆ شاخی گۆیژە و لە هەوای کراوەدا پیادەڕەوییان پێدەکات. فەرەح دەڵێت "ئەگەر کەسێک هەمیشە یەک جۆر وەرزش بکات، ئیدی بێزار دەبێ. بۆیە دەبێ ناوبڕ هەبێ و شێوازی وەرزشەکان بگۆڕین".

سیامەند خەلیل، بەرپرسی ڕاگەیاندنی نەخۆشخانەی هیوا، دەڵێ ئەوان ڕێنمایی نەخۆشەکان دەکەن بەشداریی کۆرسە وەرزشییەکانی خاتوو فەرەح بکەن "ئێمە وەک نەخۆشخانەی هیوا، چارەسەر هەر تەنیا لە دەرمان و نەشتەرگەری و تیشکدا نابینینەوە، بەڵکو بە پشتبەستن بە زانستی پزیشکەکانمان گرنگییەکی تایبەت بە وەرزش، خۆراک و لایەنی دەروونیی دەدەین لە پرۆسەی چارەسەری نەخۆشییەکاندا".

پزیشکەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە وەرزش جگە لەوەی ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە کەم دەکاتەوە، کاتێک کەسێکیش تووشی شێرپەنجە دەبێت، ئەگەر وەرزش بکات چانسی سەرکەوتنی چارەسەرەکەی زیاد دەکات. سیامەند گوتی "پزیشکەکانمان بە نەخۆشەکان دەڵێن بڕۆن وەرزش بکەن تاوەکو توانا جەستەییەکانتان بۆ بگەڕێتەوە، دەروونتان ئاسوودە ببێت و لە گۆشەگیری و تەنیایی ڕزگارتان ببێ".

سیامەند پرۆژەیەکی نوێی نەخۆشخانەی هیوا بۆ (ڕووداو) ئاشکرا دەکات و دەڵێت "بەم زووانە کۆرسی یۆگا بۆ نەخۆشەکانمان دەکەینەوە".



فەرەح داوود هەفتەی ڕۆژێک نەخۆشەکانی دەباتە چیای گۆیژەی سلێمانی

سێ ساڵی یەکەمی پرۆژەکەی فەرەح لەلایەن سپۆنسەرێکەوە تێچووەکەی دابین دەکرا، بەڵام ساڵێکە سپۆنسەر نەماوە و ئێستا بڕە پارەیەکی ڕەمزی لە بەشداربووان وەردەگیرێ. فەرەح ئاسوودە نییە لە وەرگرتنی پارە لە بەشداربووان، بەڵام وەک ئەو دەڵێ، لەسایەی قەیرانی دارایی و نەمانی سپۆنسەری پرۆژەکەدا ناچارن ئەو کارە بکەن "هەیە پێنج هەزار دەدات بۆ مانگێک، هەیە 10 هەزار دەدات و هەشە دەوڵەمەندە و تاوەکو 50 هەزار دینار دەدات. بەشداربوو بۆی هەیە هیچ پارەیەک نەدات ئەگەر نەیبوو".

ڕاهێنەرەکە خوازیارە جگە لە هەڵگەڕان بە شاخ و سەیرانکردن، مانگانە چەند جارێکیش بەشدارانی پرۆژەکە بباتە مەلەوانگەیەک، بەڵام وەک ئەو دەڵێ، ئەوە تێچووی پرۆژەکە زیاد دەکات و لە دۆخی قەیرانی داراییدا نەخۆشەکان ناتوانن ئەو پارە زیادەیە بدەن و حکومەتیش دابینی ناکات.

ئەو بڕە پارەیەی بۆ بەشداریی مەلەوانگەکە پێویستە هێندە زۆر نییە و ڕەنگە مانگانە لە یەک ملیۆن دینار تێپەڕ نەکات. لەبارەی دابیننەکردنی پارەکە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە، د.خاڵس قادر گوتەبێژ و بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت بە (ڕووداو)ی گوت "تەرخانکردنی پارە لە دەسەڵاتی وەزارەتی داراییدایە. تەندروستی تەنیا دەتوانێ پشتگیری پرۆژەکە بکات و بینێرێ بۆ وەزارەتی دارایی".

جگە لەو بودجەیەی بە فەرمی لەلایەن حکومەتەوە بۆ نەخۆشخانەی هیوا دیاری دەکرێ، نەخۆشخانەکە لە ڕێگەی سندووقی شێرپەنجەش پارەی دەستدەکەوێ. لەبارەی ئەوەی بۆچی لەو سندووقە پارەی پێویست بۆ پرۆژەی وەرزشە بە کۆمەڵەکەی نەخۆشەکان دابین ناکرێ، سیامەند خەلیل گوتی "لەو پارەیەی لە سندووقی شێرپەنجەوە دەستمان دەکەوێ، ئەولەوییەت بۆ دەرمانە و تاوەکو پێداویستی دەرمان پڕ نەکەینەوە، ناتوانین پارە بۆ خزمەتگوزارییەکانی دیکە تەرخان بکەین".

## بۆچی دەبێ تووشبووانی شێرپەنجە وەرزش بکەن؟

کۆمەڵەی شێرپەنجەی ئەمریکایی، وەرزشکردن بە گرنگ دەزانێ بۆ تووشبووانی شێرپەنجە، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێک، لەوانە:

- ڕێگرە لە لاوازبوون و پەککەوتنی جەستە کە ڕەنگە بەهۆی وەرگرتنی چارەسەر ڕووبدات.
- باڵانسی جەستە دەپارێزێ و ئەگەری کەوتن کەم دەکاتەوە.
- ڕێگە لە پووکانەوەی ماسولکەکان دەگرێ.
- ئەگەری نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن کەم دەکاتەوە
- ڕێگە لە فشەڵبوونی ئێسک دەگرێ
- ئەگەری کلۆبوونی خوێن کەم دەکاتەوە
- متمانەبەخۆبوون زیاد دەکات.
- ئەگەری خەمۆکی و دڵەڕاوکێ کەم دەکاتەوە
- نیشانەکانی لەشداهێزران کەم دەکاتەوە



# ژەهری ماری مەرجان چارەسەرە



ڕووداو- مێدیکاڵ نیوز تودەی

ژەهری مارێک کە زۆر کوشندەیە و بچێتە جەستەی هەر کەسێکەوە، ئیفلیجی دەکات، دەبێتە جێی ئومێدی زانایان بۆ دروستکردنی دەرمانێکی نوێی دژە ئازار.

ماری شینی مەرجانی، ژەهرێکی ئەوتۆی هەیە کە بەشێوەیەکی تایبەت و جیا لە مارەکانی دیکە، دەبێتە هۆی ئیفلیجکردنی نێچیرەکەی. ئێستا توێژەران دەڵێن ئەو تایبەتمەندی و جیاوازییەی ژەهرەکەی، جێی ئومێدە و ڕەنگە ببێتە هەوێنی دەرمانێکی نوێی دژە ئازار.

ئەو تیمەی لە ژەهرەکەیان کۆڵیوەتەوە، دەستەیەک بوون لە زانایانی ئوسترالی، چینی، سەنگاپووری و ئەمریکی. ئەنجامی توێژینەوەکەشیان لە جۆرناڵی زانستی "Toxins" بڵاوکردووەتەوە.

توێژینەوە لە ژەهری مار و زیندەوەرەکانی دیکە، دەریخستووە پرۆتینی ئەوتۆیان تێدایە کە کار لە چۆنێتی مامەڵە و هەڵسوکەوتی خانەکانی جەستەی مرۆڤ دەکەن. لیستی ئەو کاریگەرییانەی ژەهر لەسەر جەستەی مرۆڤ دروستی دەکات ئێجگار درێژە و 43 هەزار خاڵ لەخۆ دەگرێ. دەریشکەوتووە 173 هەزار زیندەوەر سوود لە ژەهر دەبینن وەک چەکی هێرشکردن و بەرگری لەخۆکردن.

ماری شینی مەرجانی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەژی و یەکێکە لە جوانترین مارەکانی سەر ڕووی زەوی. ڕژێنی ژەهرەکانی ئەو مارە ڕەنگە گەورەترین بێ لەنێو هەموو مارە ژەهراوییەکان، بەجۆرێک دەگاتە چواریەکی کۆی درێژیی مارەکە.

کاتێک ژەهرەکە دەچێتە جەستەی نێچیرەوە، ئیفلیجی دەکات، جەستەی گەستراوەکە لە گرژی و ڕەپبووندا لەکاردەکەوێ. ئەوەش بەپێچەوانەی ژەهری مارەکانی دیکە کە جەستەی بەرامبەر شل و بێ جووڵە دەکەن.

توێژەران دەڵێن میکانیزمی کارکردنی ئەو ژەهرە لەسەر هەستە دەمارەکان، هاوشێوەی کارکردنی دەرمانە دژە ئازارەکانە، بۆیە ئومێد دەکەن ئەو ژەهرە بە هەندێک دەستکارییەوە ببێتە نەوەیەکی نوێ و کارا لە بواری کۆنترۆڵکردنی ئازاردا.

# خۆت بکوتە پێش ئەوەی سەفەر بکەی

ڕووداو- مێڵسکۆم

لەوانەیە دوایین شت کە لە پلانی گەشتێکی دەرەوەی وڵاتدا بیرت بکەوێتەوە، خۆکوتان بێ، بەڵام بەگوێرەی سروشتی گەشتەکەت و ئەو ناوچەیەی ڕووی لێدەکەی، پێویستە خۆت لەو مەترسییە تەندروستییانە بپارێزی کە ڕەنگە نەک هەر گەشتەکەت لێ تاڵ بکەن، بەڵکو مەترسیی بخەنە سەر ژیانت.

ئیدریس میرزایان، بەرپرسی کلینیکی گەشتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی کالیفۆرنیای باشوور و پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە دەرمانسازی لە هەمان زانکۆ، هەندێک ڤاکسین بە گرنگ دەزانێ بۆ گەشتیارانی نێودەوڵەتی:

1- **گزاز:** هەر بریندارбوونێک کە خاک و خۆڵی بەربکەوێت ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی مەترسیداری وەکو گزاز دروست دەکات. هۆکاری نەخۆشییەکە بەکتریایەکە کە لە خۆڵدا دەژی. بۆیە لەکاتی گەشتەکەتدا تووشی هەر برینداریيەکی پێست هاتی، خێرا ڕووبکەرە نزیکترین یەکەی تەندروستی و داوای کوتانی دژە گزاز بکە.

2- **ئیفلیجی:** کوتانی دژە ئیفلیجی تەنیا بۆ منداڵان نییە. ئەگەر گەشتەکەت بۆ وڵاتێکە کە ڤایرۆسی ئیفلیجی تێیدا بڵاوە (وەک پاکستان و ئەفغانستان)، پێویستت بەوەیە خۆت لە دژی ئەو ڤایرۆسە بکوتیتەوە.

3- **هەوکردنی جگەر:** هەوکردنی جگەر لە جۆری بی، لە ڕێگەی بەرکەوتنی خوێن و شلەکانی دیکەی جەستە دەگوازرێتەوە و ئەگەر تووش ببی دوور نییە ببێتە هۆی پەککەوتنی جگەر، شێرپەنجەی جگەر و تەنانەت مردن. ئەو کەسانەی پێشبینی دەکەن لە گەشتەکەیاندا سێکس لەگەڵ کەسانی بیانی بکەن، پێویستە خۆیان لە دژی هەوکردنی جگەری جۆری بی بکوتن.

4- **زەردەتا:** ئەگەر گەشت بۆ ئەفریقا یان ئەمریکای لاتین دەکەی، لەوانەیە پێوەدانی مێشوولەیەک تووشی ئەو نەخۆشییەت بکات کە دوور نییە ببێتە هۆی پەککەوتنی جگەر و گورچیلە. بۆیە بە کوتان لەدژی زەردەتا، خۆت بپارێزە.

5- **سوورێژە:** ڕەنگە لە ڕێگەی پژمینی کەسێکی تووشبوو بۆت بگوازرێتەوە. بۆیە ئەگەر بە منداڵی نەکوتراوی یان نەخۆشییەکەت نەگرتووە، باشترە بەر لە گەشتەکەت، خۆت لەدژی سوورێژە بکوتی.

6- **گرانەتا:** لە ڕێگەی ئاو و خۆراکی ناخاوێنەوە دەگوازرێتەوە، یان بەرکەوتنی کەسێکی تووشبوو. ئەو نەخۆشییە لە باشووری ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتین بڵاوە، بۆیە ئەگەر بە نیازی گەشتی بۆ ئەو ناوچانە، خۆت لەدژی ئەو نەخۆشییە بکوتە.

7 - **هەوکردنی مێشک (جۆری ژاپۆنی):** لە ڕێگەی پێوەدانی مێشوولەوە دەگوازرێتەوە و زۆرتر لە ژاپۆن بڵاوە. لە حاڵەتە توندەکاندا ڕەنگە ببێتە هۆی ئاوسانی مێشک و تەنانەت مردن. بۆیە ئەگەر گەشتی ژاپۆن دەکەی، داوا بکە لەدژی ئەو نەخۆشییە بکوترێی.

8- **کۆلێرا:** لە خواردن و خواردنەوەی ناخاوێنەوە دەگوازرێتەوە و لەو وڵاتانە بڵاوە کە سیستمی مۆدێرنی ئاو و ئاوەڕۆیان نییە. ڤاکسینی دژە کۆلێرا هەیە و دەتوانیت بەر لە گەشتەکەت داوای بکەی، ئەگەر گەشتەکەت بۆ ناوچەیەکی مەترسیدارە لەڕووی کۆلێراوە.

9 - **هاری:** ئەگەر گەشتەکەت بۆ دەڤەرێکی دوورەدەستە و مەترسی گەستنت لەلایەن سەگ یان ئاژەڵی دیکەوە لەسەرە، یان نێو ئەشکەوت و تونێلەکان کە ڕەنگە شەمشەمەکوێرە بتگەزێ، باشترە خۆت لە دژی هاری بکوتی.



هەمەجۆر
ڕووداو
ژمارە ( 431 ) - دووشەممە 2016/11/7



# هەولێر خۆی بۆ شانۆ ئامادە دەکات

**دەریاز یونس/ رووداو- هەولێر**

وا بڕیارە بەهاری داهاتوو، چوارەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ شانۆ بە بەشداریی چەندین وڵات بەڕێوەبچێت.
هیوا سوعاد، بەڕێوەبەری شانۆی هەولێر و سەرۆکی فێستیڤاڵەکە بە (رووداو)ی راگەیاند کە پەیوەندییان بە چەندین گرووپی شانۆییەوە کردووە و لە دەیان وڵاتی دونیاوە گرووپی شانۆیی دێنە هەولێر. گوتیشی، شانبەشانی گرووپە شانۆییە جیهانییەکان، چەندین شانۆگەریی کوردیش لە فێستیڤاڵەکەدا پێشکەش دەکرێن.
لە چوارچێوەی چالاکییەکانیشدا چەندین وۆرکشۆپ و کۆڕ و سیمیناری تایبەت بە شانۆ دەکرێن.
لە دوو ساڵی رابردوودا، فێستیڤاڵەکە بەهۆی قەیرانی داراییەوە بەڕێوەنەچوو.

# سندان ریکۆرد دەشکێنێ

**دەریاز یونس**
**رووداو- هەولێر**

نمایشی شانۆگەریی سندان کە لە سەرەتای ئەم مانگەوە لە هەولێر دەستی پێکردووە، دەرهێنەرەکەی وا چاوەڕوان دەکات کە لەڕووی بینەرەوە ریکۆرد بشکێنێ.
کارۆخ ئیبراهیم حەکیم، نووسەر و دەرهێنەری شانۆگەریی سندان بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ بینەری شانۆیی خۆمان هەیە، هەر بۆیە دڵنیام کە شانۆگەرییەکە زۆرترین بینەری دەبێت و ماوەیەکی درێژ لە نمایش بەردەوام دەبێت، وەک ئەوەی لە رۆژانی رابردووشدا بینەری زۆری هەبووە".
هەر لەو شانۆگەرییەدا ئیبراهیم حەکیم-ی باوکی کارۆخ دوای زیاتر لە نۆ ساڵ، دوورکەوتنەوە بۆ یەکەمجار لەسەر تەختی شانۆ دەردەکەوێتەوە. ئیبراهیم حەکیم لەبارەی دەرکەوتنییەوە دەڵێت "زۆر دڵخۆشم لەگەڵ کارۆخی کوڕم بەیەکەوە لەم کارەدا دەردەکەوین".
سندان شانۆگەرییەکی 120 خولەکییە و بە سپۆنسەری میدیایی تۆڕی میدیایی رووداو نمایش دەکرێت.



# بەرنامەکەی شاجوان لەسەر کچانی کوردە



**هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

ئەحلام حەجی، شاجوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا، بڕیاری داوە بە هەموو جیهاندا بگەڕێت و جوانی و کولتووری گەلان دۆکیۆمێنت بکات.
ئەحلام حەجی بە (رووداو)ی راگەیاند "دەمەوێت بە جیهاندا بگەڕێم و جوانیی ژنان و کولتووری گەلان لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا نیشان بدەم".
ئەحلام بۆ ئەم بەرنامەیە مانگی پێشوو سەردانی کوردستانی کرد، سەبارەت بە ژنانی کوردستان و کولتووری کورد بە (رووداو)ی گوت "ژنانی کوردستان جوانییەکی ئەفسوناوییان هەیە، لەبەرنامەکەی خۆمدا کە لە کوردستان تۆمارم کرد ئاماژەم بە جوانی و شۆخ و شەنگیی ژنانی کورد کرد".

# گەزیزە باسی شەوی بووکێنی دەکات



**رووداو- هەولێر**

گرووپی شانۆیی هاوڕێیانی گەزیزە ئێستا لە خۆئامادەکردندان بۆ نمایشکردنی شانۆگەرییەکی نوێ بەناوی شەوی بووکێنی، کە بڕیارە لە ماوەیەکی نزیکدا لەسەر تەختی شانۆ لە سلێمانی نمایش بکرێت.
گەزیزە عومەر عەلی بە (رووداو)ی راگەیاند " ئێستا سەرقاڵی پرۆڤەین لەسەر شانۆگەریی شەوی بووکێنی کە لەنووسینی من و دەرهێنانی دێرین حامیدە. هەروەها ئەکتەرانی بەتوانای شاری سلێمانی بەیان مەحموود، مامۆستا حەمەڕەشید هەرەس، دیاری ئەنوەر و خاتوو شەنیار رۆڵی تێدا دەبینن".
گەزیزە لەبارەی ناوەڕۆکی شانۆگەرییەکە گوتی "ئەمە کارێکی تراژیدی کۆمیدییە و بڕیارە لە سەرەتای مانگی دیسەمبەردا لە سلێمانی نمایش بکرێت و دواتریش هەوڵ دەدەین لە شارەکانی دیکەی کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش نمایشی بکەین".


# سۆنیا بەیتووشی پارە کۆدەکاتەوە



**هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

سۆنیا بەیتووشی، کچە دیزاینەری جلوبەرگ، لە باشووری کوردستان رێکخراوێکی خێرخوازی بەناوی زاپی یانگ بۆ یارمەتیدانی منداڵانی ئاوارە و بێ سەرپەرشت دادەمەزرێنێ، بۆ ئەم مەبەستەش پارە لە کۆمپانیا و سەرمایەدارانی کوردستان کۆدەکاتەوە.
سۆنیا بەیتووشی بە (رووداو)ی راگەیاند "ماوەی چەند مانگێکە لەگەڵ چەند هاوڕێیەک رێکخراوێکی خێرخوازیمان بۆ یارمەتیدانی منداڵانی ئاوارە و بنەماڵەی شەهیدان داناوە، مانگانە بڕێک پارەیان بۆ کۆدەکەینەوە".
سۆنیا بەنیازی بەشداریکردنیشە لە فیلمێکدا و لەوبارەوە گوتی "لە سەرەتای مانگی داهاتوودا لە قوبرس دەست بەوێنەگرتنی فیلمێکی ئەکشن بەزمانی فارسی دەکەم کە لە دەرهێنانی ئاراش سوجادییە".
سۆنیا ئێستا ماڵپەڕێکی تایبەت بە فێربوونی دیزاین و دروستکردنی جلوبەرگ کردووەتەوە بۆ ئەوانەی حەزیان لەو کارەیە.

# مەحموود دەبێتە مەیگێڕ



**رووداو- سلێمانی**

مەحموود محەممەد گۆرانیبێژی میللی بەرهەمێکی نوێی کلیپ کردووە و بەم نزیکانە بڵاوی دەکاتەوە.
بەرهەمەکە کە کۆتایی هەفتەی رابردوو لە ناوچەی کونەماسی لە سلێمانی وێنە گیراوە، ناوی (ساقی)یە و لە هۆنراوە و ئاوازی فۆلکلۆرە.
مەحموود ساڵانێکی زۆرە کاری هونەری دەکات، بەڵام کلیپی کەمە، لەو رووەوە گوتی "لەبەر کەمتەرخەمیی دەزگاکان کلیپم کەمە، ئەم کلیپەش بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی کەلەپووری کوردییە و بە هاوکاریی کۆمپانیای بابیلۆن کراوە".


# وەیسی خەریکی "گەردە"یە



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

گۆرانیبێژ عەزیز وەیسی نوێترین بەرهەمی لەگەڵ گرووپی دوانزە سوارەی مەریوان کلیپ کردووە و لەم مانگەدا بڵاوی دەکاتەوە.
(گەردە بێ گەردە) ناوی بەرهەمە نوێیەکەی وەیسییە کە لە هۆنراوە و ئاوازی خۆیەتی. لەوبارەوە بە (رووداو)ی گوت "بەرهەمەکە بە بەشداریی گرووپی دوانزە سوارەی مەریوان لە شارەکانی مەریوان و کرماشان لەلایەن ناسر حەیدەرییەوە کلیپی بۆ دەکرێت و لەم مانگەدا بڵاوی دەکەمەوە".
لەلایەکی دیکەوە، کۆمپانیایەکی ئەڵمانی لە رێگەی بریکارەکەیەوە لە شاری کەرکووک، گرێبەستێکی لەگەڵ عەزیز وەیسی واژۆ کرد بۆ ئەوەی رێکلام بۆ شامپۆیەکی کۆمپانیاکە بکات.

## بەختی رووداو



ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**




کەسێکی بەتوانایت، بەڵام کاتێک ئەو توانایە دەردەکەوێت کە لە بارودۆخە سەختەکاندا تووشی هەڵچوون نەبیت و بیر لە چارەسەرێکی هێمن بکەیتەوە. دەتوانی پشت بە هاوڕێکانت ببەستی.

**گا**




بۆ ئەوەی بەختەوەری بەدەست بهێنی بیر لە تۆڵە مەکەرەوە و هەتا دەتوانیت بەخشندە بە. کاتێک کارێکی گرنگ دەکەیت کارەکانی دیکەت پشتگوێ مەخە.

**دووانە**



گلەیی کەم بکەرەوە، کەس بێ کەموکورتی نییە، ناتوانی وا لە چواردەورەکەت بکەیت وەک تۆ بیر بکەنەوە، دەتوانی مامەڵەیەکی گونجاو لەگەڵ هەمووان بکەیت و خۆت بگونجێنی.

**قرژاڵ**



سەرکەوتنی هەر کارێک بەندە بەو کاتەوەی کە بۆی تەرخان دەکەیت و ئەو پلانەی بۆی دادەنێی، سروشتی خۆت بەو جۆرەیە کە بە خاوی هەنگاو دەنێی، بەڵام بەرەو سەرکەوتن دەچیت.

**شێر**



ئەم ماوەیە بەهۆی پەیدابوونی کێشەیەکەوە رەشبین دەبیت لە باشکردنی باری داراییت، بۆ ماوەیەکی کاتی کارەکانت دەوەستن، بەڵام ئەمە هەر ماوەیەکی کەم دەخایەنێ و کارەکان دەکەونەوە سەر رێڕەوی خۆیان.

**فەریک**




کات گونجاوە بۆ دەسپێکردنی کارێکی نوێ، بۆ ئەوەی گرفتی ئەڤینداریت بۆ دروست نەبێت، هێمن بەو بەدڵێکی فراوانەوە ئەو قسانە قبوڵ بکە کە بەدڵت نین. بڕواش بە قسەی نەرمی هەموو کەسێک مەکە.

**تەرازوو**



هەرچەندە گرفتێکی دیاریکراو لە ئارادا نییە، بەڵام ئەم ماوەیە هەتا دەتوانیت خۆت لە گرفت بە دوور بگرە، بڕیاری یەکجاری لەسەر هیچ شتێک مەدە. کارێک بکە لە ئەنجامەکەی دڵنیابیت.

**دووپشک**



هەوڵ دەدەیت قەرەبووی کاتە بەفیڕۆچووەکانت بکەیتەوە، کارێکی زۆر دەکەیت بەڵام هەموو هەنگاوەکان بە خاوی دەچنە پێشەوە. رەشبین مەبە و دووبارە هەوڵ بدەرەوە سەرکەوتوو دەبیت.

**کەوان**




بوونی ڤینۆس لە کەلوەکەتدا دڵخۆشت دەکات و سەرنجڕاکێش دەبیت، دیداری کەسانێک دەکەیت کە دەخوازن لێت نزیک ببنەوە، تۆیش دەخوازی لە قەرەباڵغی دوور بکەویتەوە و کاتێکی هێمن بەسەربەریت.

**گیسک**



هەست دەکەیت قسە و هەڵسوکەوتەکانت لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ دەکرێت، هەوڵ بدە وەڵامەکانت قەناعەت بە چواردەورەکەت بهێنن، هەڵچوون و تووڕەبوون گومانەکانت لەسەر زیاد دەکەن.

**سەتڵ**



زۆر کەس حەز دەکەن لە تۆ بچن، بە تایبەت لە خۆڕاگریدا کە رەوشتێکی جوانە، بەڵام هەتا سنوورێک کە تەمومژەکان دەڕەوێنەوە و دەتوانی بڕیارێکی راست بدەی. خەرجیی زیادە کەم بکەرەوە.


**نەهەنگ**



چاوەڕوانی هیچ بەڵێنێک مەکە ئەگەر لەبەدیهێنانی دڵنیا نەبیت. ڕەنگە بارودۆخی ژیانت یارمەتیدەر نەبێت بۆ بەدیهاتنی خەونە گەورەکەت، بەڵام دەتوانی کارە ئاساییەکانت تەواو بکەیت.

جیهانی عەرەبی گۆڕستانێکی گەورەیە

# عەرەب لە ڕۆمانی "عێراقییەک لە پاریس"دا






سەنگەر زراری

هیچ ڕۆمانێک بەدەر نییە لە کاریگەریی ئەو واقیعەی نووسەری تێدا دەژی، یان کاریگەریی ئەو سەردەمەی ڕۆمانەکە باسی دەکات، بەڵام هەندێک ڕۆمان زۆرتر کاریگەرن بە واقیع و هەندێکیش کەمتر. ڕۆمانی (عێراقییەک لە پاریس)*ی (سەموئێل شەمعون)، ڕۆمانێکی زۆر ریالیستانەیە و کەمترین فەنتازیای تێدایە. نووسەری ڕۆمانەکە، خۆی دان بەوەدا دەنێت کە ئەم ڕۆمانە "ژیاننامەیەکی ڕووت"ی خۆیەتی، بەڵام هێندە هەیە نووسەر خۆی نەکردووەتە پاڵەوانی ڕووداوەکان و زۆر ڕاستگۆیانە باسی شکستەکانی ژیانی دەکات.

ئەم کتێبە، لە ڕاستیدا دوو ڕۆمانە و تێکەڵ بە یەکتر کراون، ڕۆمانی (عێراقییەک لە پاریس) لە نێوان ساڵانی 1990–2003 نووسراوە و ڕۆمانی (فرۆشیارە گەڕۆکەکە و سینەما) لە ساڵی 1985 نووسراوە، واتا بەشی دووەمی ڕۆمانەکە زووتر نووسراوە کە باسی منداڵییە، بەڵام ئەو کردوویەتیە بەشی دووەم و دوای خستووە. بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتریشیان بگونجێنێ، وای داناوە کە کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانی یەکەم، خەریکی نووسینی سیناریۆیەکە لەبارەی باوکە کەڕوڵاڵەکەی (سەموئێل بەڕاستی باوکی کەڕوڵاڵە)، دواتر ئەو سیناریۆیەی ناگاتە ئەنجام و دەیدڕێنێ، ئینجا لەنوێوە دەست بە نووسینی سیناریۆیەک دەکات لەبارەی کوڕی ئەم کەڕوڵاڵە و ئەمەش دەکاتە بیانوویێک بۆ ئەوەی بە هۆیەوە ژیاننامەی منداڵیی خۆی بگێڕێتەوە، بەمەش لە ئەنجامدا بەشی دووەمی ڕۆمانەکە، وەک ئەنجامی نووسینی کاراکتەری بەشی یەکەم پێشکەش دەکات و زیرەکانە بەیەکەوەیان دەگونجێنێ، لە کاتێکدا وەکو ئاماژەمان بۆ کرد، ئەم دوو ڕۆمانە لە دوو سەردەمی جیاوازدا نووسراون و کراونەتە یەک ڕۆمان.

زۆر بابەتی جۆراوجۆر لەم ڕۆمانەدا خراونەتەڕوو: کێشەی ژیان لە وڵاتانی دواکەوتوو، کێشەی پەناهەندەیی لە وڵاتانی ئەوروپا و.. زۆر کێشەی دیکە، بەڵام من لەم نووسینەدا، تەنیا دەمەوێ باسی پێگەی عەرەب بکەم لەناو ڕۆمانەکەدا.

نووسەر، خەڵکی (حەبانیە)یەی سەر بە پارێزگای ئەنبارە و بە ئایین مەسیحی و بە نەتەوە ئاشوورییە. ئاشوورییەکان خۆیان بە خاوەنی ڕاستەقینەی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار دەزانن، چونکە بەر لە هاتنی (مەسیح)یش، ئەوان وەکو نەتەوە لەم وڵاتە بوونە و ژیاون، بەڵام بەهۆی باڵادەستیی عەرەب لە قۆناغەکانی دواتردا، زۆر جار زوڵمیان لێ کراوە و بوونەتە کەمینە، ئەمەش لای سەموئێل شەمعون وەکو گرێیەکی لێ هاتووە، هەر بۆیە دەڵێی ئەم ڕۆمانەی بۆ ئەوە نووسیوە کە تیایدا خراپییەکانی عەرەب بخاتەڕوو، وەک گوتمان: ئاشوورییەکان خۆیان بە خاوەنی عێراق دەزانن و پێیان وایە پێش هاتنی عەرەب و پێش لەدایکبوونی (مەسیح)یش لەم وڵاتە ژیاون، بەڵام ئێستا لێیان داگیرکراوە، بۆیە هێندە لەم وڵاتە داگیرکراوەیان بێزارن، باوکە کەڕوڵاڵەکەی لە منداڵییەوە بە شێوەی ئاماژە ئامۆژگاریی سەموئێل (پاڵەوانی ڕۆمانەکە) دەکات ئەم وڵاتە جێبهێڵێت، درهەمێکی ئاسن فڕێ دەداتە بن فارگۆنی شەمەندەفەرێک، دوای ئەوەی شەمەندەفەرەکەی بەسەردا ڕۆیشت، درهەمەکە هەڵدەگرێتەوە "درهەمەکەی بینی بووەتە پارچە ئاسنێکی پان و لووسی خاڵی لە خەت و شێر ((...)) کوڕە تێگەیشت کە باوکی پێی دەڵێت: ئەگەر لەم وڵاتە بمێنیتەوە، وەک ئەم پارچە دراوەت لێ دێت...ل 65".

ئەوان لەسەر دەستی عەرەبی نەتەوەی سەردەستە لە عێراق، دەچەوسێنرێنەوە و دەربەدەر دەکرێن، کاتێ سوپای میسریش دێتە عێراق بۆ ئەوەی ڕاهێنانیان پێ بکرێت کە گوایە بەشداریی جیهادی فەلەستینی بکەن، ئەم سوپایە خەڵکی حەبانییە بێزار دەکەن و پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتەکانیان دادەنێن و خەڵکە ئاشوورییەکە، لەو عەرەبە میسرییانە بێزار دەبن.

دواتر سەموئێل لەم زروفە ڕادەکات و دەچێتە سووریا بە نیازی ئەوەی لەوێوە دەرچەیەک بدۆزێتەوە و بچێتە ئەمەریکا، کەچی دەستگیر دەکرێت و تۆمەتی بۆ دروست دەکرێت و زۆر ئەشکەنجە دەدرێت، لەوێ ڕادەکات بۆ لوبنان و بەهەمان شێوە دەستگیر دەکرێ و ئەشکەنجە دەدرێ، لەکاتێکدا ئەو نەک سیخوڕ نییە، بەڵکو سەرەڕای ئەوەی مەسیحییە، لە لوبنان کاری زۆر بۆ جووڵانەوەی موسوڵمانانی فەڵەستینی دەکات کە ئەوکات هەموو عەرەب پێیەوە سەرقاڵ بوون.

لەم ڕۆمانەدا کار لەسەر ئەوە دەکات کە چۆن لە هیچ وڵاتێکی عەرەبیدا وەکو پێویست ڕێزی لێ ناگیرێ، سەرەڕای ئەو خزمەتەی وەکو ئاشوورییەک پێشکەشی عەرەبی دەکات، بەڵام ئەوان ڕەگەزپەرستانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، بۆ نموونە لە بەرامبەر دەیان گرفتی گەورە لە دنیای عەرەبیدا، کەچی زۆر جار هەر خەریکی ئەوەن کە ئەو بۆچی سوننەت نەکراوە، ئەمەش ڕقی هەڵدەستێنێ و وای لێ دەکات لە تەمەنی (28) ساڵیدا خۆی (خەتەنە) بکات. "لە دڵی خۆمدا دەمگوت: ئەو ئەندامە گومانلێکراو و ئیمپریالیییەم لە جەستەمدا بڕی...ل 53".

کاتێ دەچێتە تونس، شاعیرێکی ناوداری تونسی، زۆر هانی دەدات ئەو وڵاتە جێبهێڵێت و پێی دەڵێت: "جیهانی عەرەبی گۆڕستانێکی گەورەیە...ل 50". کە دەچێتە پاریسیش، بە هەمان شێوە، زۆربەی ئەوانەی خەریکی فێڵ و تەڵەکەبازین بەرامبەری، عەرەبن!! تەنانەت عەرەبەکان خۆشیان لە ئەوروپا لەیەکتر بێزارن و هەمیشە ئامۆژگاریی یەکتر دەکەن کە پشت بە عەرەب نەبەستن: "ئەگەر دەتەوێت لەم شارەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، خۆت لە عەرەب بەدوور بگرە. ئەم ئامۆژگارییەم لە چەندین ڕۆشنبیری عەرەبەوە بیستبوو...ل 69".

سەموئێل شەمعون لەم ڕۆمانەدا چەند جارێک باسی پەیوەندیی نێوان خۆی و (ئەدۆنیس)ی شاعیری ناوداری عەرەب دەکات، ئەگەرچی ناوی ئەدۆنیس ناهێنێ و بە (ئەدامس) ناوی دەبات، بەڵام وەسفەکان ئەوە دەردەخەن کە مەبەستی ئەدۆنیسە، بۆ نموونە بڕیاری داوە لە پاریس بمێنێتەوە، شاعیرێکی ناودارە، بە فەڕەنسی لەبارەی دەنووسرێ، لە زانکۆیەکی ئەوێ وانە دەڵێتەوە، هەروەها چەند ساڵێک ناوی دەخرێتە لیستی وەرگرانی خەڵاتی نۆبڵەوە.

ئەدۆنیسیش هەمان بۆچوونی بەرامبەر عەرەب هەیە و ئامۆژگاریی سەموئێل دەکات لە عەرەب دووربکەوێتەوە "کاتێک یەکەمجار تۆم بینی، پێم نەگوتی خۆت لە عەرەب دوور بگرە؟ چونکە لەوانەوە سەرئێشەت بۆ دێت...ل 114".

بەڕاستیش پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی عەرەب سەرئێشەی بۆ دێنن، بۆ نموونە: لەناو شەمەندەفەر تووشی کەسێک دەبێت بە ناوی زیاد کە عەرەبە و خەڵکی سوورییایە، "لە بواری ڕۆژنامەگەری کاری دەکرد، ئێستا وازی لێ هێناوە، چونکە–ڕۆژنامەگەری لە جیهانی عەرەبیدا وەکو قەحبەیی وایە– گوتی پرەنسیپی ئەو لە ژیاندا– تا بتوانێت خۆ دوورگرتنە لە عەرەب و دواکەوتوویی عەرەب...ل 75". زیادیش هەمان بیروڕای هەیە و هەمیشە دەیەوێ لە عەرەب دووربکەوێتەوە، کەچی چونکە ئەم (زیاد)ە خۆیشی عەرەبە، هەمان بنەما بۆ ئەویش دروستە، سەرەتا خۆی لە سەموئێل نزیک دەخاتەوە و وەکو کەسێک خۆی بەدیار دەخات کە دەیەوێ یارمەتی بدات، بەڵام دواتر دەیخەڵەتێنێ و پارەی لێ وەردەگرێ و فێڵی لێ دەکات و تووشی ناخۆشیی زۆری دەکات.

باسی چەندین عەرەب دەکات کە لە خۆشەویستیدا شکست دێنن، چ خۆبەخۆ، واتا خۆشەویستی و عەشقی نێوان عەرەب و عەرەب، چ خۆشەویستییان لەگەڵ کەسێکی بێگانە.

بەرامبەر سۆزانییەکانیش دۆخەکە بە هەمان شێوەیە، سەموئێل سۆزانییەکی عەرەب دەبینێ کە ڕقی لە عەرەب دەبێتەوە "لەگەڵ هیچ عەرەبێکدا ڕانابوێرم...ل 161". ئەو سۆزانییە باسی ئەوەی بۆ دەکات کە چۆن عەرەبەکان لەگەڵیان ڕادەبوێرن و دواتر لێیان دەدەن و دارکارییان دەکەن.

عێراق وڵاتێکە جگە لەوەی دەسەڵاتدارانی سەردەستەی عەرەب، هەمیشە هەوڵی چەوساندنەوەی نەتەوەکانی دیکەیان داوە، هەوڵی ئەوەشیان داوە کە ناکۆکی بخەنە نێو نەتەوەکانی دیکەوە. لە شوێنێکدا لە باسی منداڵیدا، باسی ئەوە دەکات کە لە ساڵانی سییەکاندا، مەسیحییەکان بە دەستی کورد چەوسێنراونەتەوە و ڕەشەکوژ کراون، سەباح ئیسماعیلی وەرگێڕی ئەم ڕۆمانە، لە پەراوێزێکدا دەنووسێت: "نامەیەکم ئاراستەی نووسەر کرد و نووسیم: لە شوێنێکی ڕۆمانەکەدا بە زمانی قریاقۆسەوە باس لە قەسابخانەکەی سێمێل دەکەیت، گوایە بە دەستی کورد ئەنجام دراوە. بەڵام ئەمە ڕاست نییە و تکام وایە پەراوێزێک سەبارەت بەمە بنووسیت، ئەوە بەشێک لە کتێبەکەی دکتۆر باقر یاسین–ڕیشەکێشکردن و دیکتاتۆریی تاکباوەڕی لە عێراقدا–ت بۆ دەنێرم، بە ڕاشکاوی باس لەو ڕووداوە دڵتەزێنە دەکات کە بە پیلانی حکوومەت کراوە و بە دەستی سوپای ئەوسای عێراق ئەنجام دراوە، تکام وایە بیخوێنیتەوە و وەڵام بدەیتەوە، چونکە ئەمە تەنیا خزمەتی ڕەگەزپەستی و شۆڤینیزم دەکات و گەشە بە ڕۆحی ڕق و کینە دەدات، ئەویش بەم نامەیە بەرسڤی دامەوە، –بمبەخشە لەوەی داوات کردبوو، چونکە بە دەست من نییە، ئەمە گفتوگۆیەکە بەر لە پەنجا ساڵ لە نێوان قریاقۆس و کوڕێژگەکەدا کراوە و پەیوەندی بە بەڵگەنامەکانی باقر یاسین یان هەر بەڵگەنامەیەکی ترەوە نییە، هیچ ڕق و کینەیەک لە گۆڕێدا نییە، قریاقۆس وەڵامی ئەو دەداتەوە پاشان دەڵێت.. ئەوە ڕابردووە.. بە پێچەوانەوە گفتوگۆکە بانگەشەی لێبووردەیی دەکات–...ل 336".

ئەمە وای دەردەخات نووسەر ویستوویەتی پارێزگاری لەو وێنا و بیرکردنەوەیە بکات کە لە خەیاڵی منداڵیی ئەو و هاوسەردەمەکەی، لەم وڵاتە بەرامبەر کورد بۆی دروست کراوە، دەنا بە خوێندنەوەی ئەو پێشەکییەی نووسەر بۆ چاپی کوردیی ڕۆمانەکەی نووسیوە، دەردەکەوێت کە وەرگێڕانی ڕۆمانەکەی بۆ زمانی کوردی، چەندە دڵخۆشی کردووە: "کاتێک ئیمەیڵەکەتم پێگەیشت، کە تێیدا ئارەزووی وەرگێڕانی ڕۆمانی–عێراقییەک لە پاریس–ت بۆ زمانی کوردی پێ ڕاگەیاندم، بڕوام پێ بکە، ئەو سەر لە ئێوارەیە، خۆم بە یەکێک لە بارەکاندا کرد و تا ڕادەی مەستبوون خواردمەوە، بەڵێ هەر کاتێک هەواڵێکی خۆشم پێ بگات وا دەکەم، لە یادمە ئیمەیڵم بۆ زۆرێک لە برادەران نارد و پێم گوتن: ئێمە چەند گەمژە و گەلۆرین، دەکۆشین کتێبەکانمان بکرێنە ئینگلیزی، ئەڵمانی و زمانانی تر، کەچی ئەو زمانانەی لەوانە جوانتر و لە دڵ نزیکترن، وەکو: فارسی، کوردی، تورکی، ئەرمەنی، عیبری، هیندی و یۆنانی، لەبیر دەکەین...ل10".

لەم ڕۆمانەدا، نووسەر کەمتر خۆی لە قەرەی پرس و بابەتە سیاسییەکان داوە و هەوڵی داوە زیاتر لە ڕێگای ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی ڕۆژانەوە ڕووداوەکان بخاتەڕوو، هەروەها بیروڕای خۆی بەرامبەر عەرەب و خراپییەکانی عەرەب، هەر لە ڕێگای ئەم ژیانە ڕۆژانە و کۆمەڵایەتییە دەخاتەڕوو.

سەموئێل شەمعون لە ساڵی (1956) لە خێزانێکی دەستکورتی ئاشووری لەدایک بووە، ساڵی (1979) عێراقی بە نیازی هۆلیوود بەجێهێشتووە و چووەتە سووریا و لوبنان و ئوردن و تونس و.. ساڵی (1985) لە پاریس گیرساوەتەوە، ساڵی (1996) دەگوازێتەوە لەندەن، ساڵی (2007) دەبێتە سەرۆکی لێژنەی بووکەری عەرەبی، شیعر و چیرۆک و ڕۆمان دەنووسێت و ئەدەبی عەرەبیش بۆ زمانی ئینگلیزی وەردەگێڕێ.

*** عێراقییەک لە پاریس (ڕۆمان)– نووسینی: سەموئێل شەمعون، وەرگێڕانی: سەباح ئیسماعیل، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپی یەکەم (2014).**

# فەتحی هیندستان
# گەورەترین کۆکوژی لە مێژوودا



حەمەسەعید حەسەن

ئەوەی لەشکری ئیسلام لە هیندستان کردوویەتی، گەورەترین جینۆساید بووە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، هۆلۆکۆست کە شەش میلیۆن ئینسانی تێدا قەلاچۆ کرا، لەچاو تاوانە گەورەکانی لەشکری ئیسلامدا لە هیندستان، زۆر بچووک دێتە پێش چاو. ئالان دانیلۆ لە (مێژووی هیند)دا دەبێژێت: (هەر کە لەشکری موسوڵمانان لە 632 دا گەییشتە هیندستان، ئیدی مێژووی هیندستان، بوو بە زنجیرەیەک لە کوشتوبڕ و کاولکاری. لەشکری موسوڵمانان شارستانیی هیندستانی سڕییەوە، ڕەگی زۆر پێکهاتەی نەتەوەیی و دینیی لە بێخەوە هەڵکێشا و هەموو ئەو تاوانە گەورانەیشی بە ناوی جیهادەوە کرد.)

لەشکری ئیسلام کە گەلانی قەلاچۆ کردووە، ئەو تاوانە گەورانەی بە جەنگی پیرۆز لە قەڵەم داوە. ئەڵمانەکان، هەم داوای لێبوردنیان لە جوولەکە کرد، هەم قەرەبوویشیان کردنەوە، کەچی هێشتا تورکیای موسوڵمانی میراتگری خەلافەتی عوسمانی، نەک هەر داوای بەخشینی لە ئەرمەن نەکردووە، بەڵکوو ددانیشی بەوەدا نەناوە، ئەو گەلەی قەلاچۆ کردووە.

ژمارەی دانیشتووانی خەڵکی نیمچە کیشوەری هیند، بەر لە زنجیرە پەلامارەکانی ئیسلام، زیاتر لە نیو میلیارد کەس دەبوو، بەپێی گوتەی موحەممەد قاسم فریشتە (1560 — 1620) کە مێژوونووسێکی موسوڵمانە، دوای فتووحات، لە نیوە کەمتری ئەو ژمارەیە مایەوە. ئیسلام چەندان سەدە لەسەر پەلاماردانی هیندستان بەردەوام دەبێت، هەر لە سەردەمی ئومەوییەکانەوە (661- 750) تا سەردەمی مەغۆلەکان (1206- 1368) و دواتریش. ئیسلام ڕووی دەکردە هەر دەڤەرێکی هیندستان، شاخێک لە کەللەسەر و ڕووبارێک لە خوێنی لە دوای خۆیەوە بەجێ دەهێشت.

قەلاچۆکردنی هیندییەکان لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، کارێکی پیرۆز بوو، چونکە کافر و بتپەرست بوون، چونکە سەر بە جەهل بوون، ئاخر لە ئیسلام وایە، لە غەیری دینی موحەممەد، ئیدی هەموو کولتوور و ئایین و شارستانییەکانی دیکە، سەر بە قۆناغی (جاهیلی) ین. هەر موسوڵمانێک بە دەستپاکییەوە، جیهاد وەک خۆی پێڕەو بکات، کرۆکی مرۆڤدۆستی لە دەست دەدات، ئاخر ئیدی وا بیر دەکاتەوە، ئەوە کارێکی پیرۆزە، ئەگەر قڕ بخاتە خەڵکانی ناموسوڵمانەوە، دەست بەسەر خاک و سامانیاندا بگرێت و وەک کۆیلە و کەنیزەک کەڵک لە کوڕان و کچانیان ببینێت.

ئیسلام هەر ڕۆحی گەلانی هیندستانی نەکوشت، ڕۆحی چەندان گەلی دیکەیشی کوشت و کولتووری سڕینەوە، کە گەلی کورد یەکێکیان بوو. بەر لە بڵاوبوونەوەی ئیسلام بە هیندستاندا، لەوێ چەندان سەقافەتی دەوڵەمەند و باڵا، بە ئاشتی پێکەوە دەژیان، غەزووی موسوڵمانان ئەو ڕۆحی تەباییەی کوشت. لەشکری ئیسلام شارەکانی دەسووتاند، پەرستگاکانی دەڕووخاند، خەڵکەکەی قەلاچۆ دەکرد و چی شتومەکی بەنرخی دەستکەوتبا بە تالانی دەیبرد. ئیسلام کە بۆ تالانی ڕووی دەکردە هیندستان، هەر سامانی وەڵاتەکەی زەوت نەدەکرد، کچان و کوڕانیشی بە تالانی دەبردن و وەک کەنیزەک و کۆیلە دەیفرۆشتن.

لەشکری ئیسلام لە هیندستان، بە میلیۆنان خەڵکی قەلاچۆ کرد، بە میلیۆنان ژنی لاقە کرد، بە هەزاران پەرستگای ڕووخاند و بە هەزاران کتێبخانەی سووتاند، سەدان بەڵگە هەن ئەو تاوانانەیان تۆمار کردووە. هەر فەرماندەیەکی ئیسلام پەلاماری هیندستانی دابێت، خەڵکەکەی قەلاچۆ کردووە، بەڵام سوڵتان مەحموودی غەزنەوی (971 — 1030) قەلاچۆکردنی خەڵکی هیندستانی بە لووتکە گەیاند. سوڵتان مەحموود لە نێوان ساڵانی 1001 تا 1026، حەڤدە جار پەلاماری هیندستانی دا، ئەوەندە پەرستگای هیندۆس و بوودایی ڕووخاندبوو، بە سوڵتانی بتشکێن ناوی زڕابوو. لەو مێژووەدا کە یەکێک لە وەزیرەکانی غەزنەوی تۆماری کردووە، نووسراوە: (لە شاری تەهانیسەر بە جۆرێک خوێنی کافران ڕژێنرا، ئاوی ڕووبارەکە لێڵ بوو، کافران کە ویستیان قەڵاکەیان بەجێ بهێڵن، یان کوژران، یان لە ڕووبارەکەدا خنکان، یان بە دیل گیران و بە کۆیلە کران.)

ویڵ دورانت (1885 - 1981) لە (چیرۆکی شارستانی)دا دەڵێت: (پەلاماری لەشکری موحەممەد بۆ سەر هیندستان، خوێناویترین چیرۆکە لە مێژوودا. مێژوونووسانی ئیسلام بە خۆشی و بە شانازییەوە، ئەو قەسابخانانە دەگێڕنەوە کە بۆ هیندۆسەکانیان ساز داون، لەژێر گوشاری شمشێردا کردوویانن بە موسوڵمان، ژنان و گەنجان و منداڵانیان بردوون و لە بازاڕەکانی کۆیلەفرۆشیدا، بازرگانییان پێوە کردوون.)

فرانسۆ گاوتیر لە کتێبی: (سەرلەنوێ نووسینەوەی دیرۆکی هیند)دا دەڵێت: (ئەو کوشتارانەی موسوڵمانان لە هیندستان سازیان دا، لە مێژوودا لە نموونەیان نییە، زۆر گەورەترن لە هۆلۆکۆستی جوولەکە، لە قەلاچۆکردنی ئەرمەن و لە قڕکردنی دانیشتووانە ڕەسەنەکەی ئەمریکای باشووریش کە لە ئەستۆی ئیسپانیایی و پورتوگالییە داگیرکارەکانە.)

فێرناند براودێل (1902- 1985) لە کتێبی: (مێژووی شارستانییەکان)دا دەنووسێت: (ئەزموونێکی داگیرکارانەی ئەوپەڕی زەبروزەنگاوی بوو، موسوڵمانان لە ڕێگەی تیرۆری سیستەماتیکەوە کە پشتیان بە کوشتوبڕ دەبەست، دەسەڵاتی خۆیان دەسەپاند. چی پەرستگای هیندۆسی هەبوو، خاپووریان کرد و مزگەوتیان لە جێیان قوت کردەوە. بە زۆر خەڵکەکەیان دەهێنایە سەر دینی موحەممەد، ئەگەر یاخیبوونێک ڕووی دابا، بە پەلە و بە دڕندانەترین شێوە سەرکوتیان دەکرد، گوندەکانیان کاول دەکرد، پیاوەکانیان دەکوشت و ژنەکانیان بە کۆیلەی سێکس دەکرد.)

عیرفان حوسەین لە (شەیتانەکانی ڕابردوو)دا دەڵێت: مەحموود غەزنەوی دەستی بە خوێنی هیندییەکان سوورە، تێپەڕینی کات، ئەو خوێنە ناسڕێتەوە، کە پەلاماری (سومناس)ی دا، دانیشتووانی شارەکەی کوشت کە پەنجا هەزار کەسێک بوون. ئەوەی بە ئەرکی پیرۆزی دینی



مەحموود غەزنەوی

(جیهاد) لە قەڵەم دەدرا، بریتی بوو لە کوشتوبڕ و تالانی و ئەتککردنی ژنان.

حەسەن نیزام نیشابووری لە تۆمارگەی (تاجی سەردەم)دا دەنووسێت: (کە قوتبەددین ئایبەگ، ئەوی لە نێوان ساڵانی 1194 و 1210دا فەرمانڕەوای دەلهی بوو، پەلاماری شاری (میرات)ی دا، هەموو پەرستگا هیندۆسییەکانی لەگەڵ زەویدا تەخت کرد و مزگەوتی لە جێیان ڕۆ نا. لە شاری (ئالیکرا)یش، هەموو هیندۆسەکانی بە زەبری شمشێر هێنایە سەر ئایینی ئیسلام، ئەوانەی ملیان نەدا، سزای سەربڕینی بەسەردا سەپاندن.)

مێژوونووسی فارس، وەسسافی شیرازی دەنووسێت: (کە عەلادین خەلجی پەلاماری- کامبایات- ی دا، چی نێری باڵق لە شارەکەدا هەبوو، کوژران، چی ژن هەبوو، بە دیل گیران و چی خشڵ و کاڵای گرانبەهایش هەبوو، دەستیان بەسەردا گیرا.) هیندستان وەڵاتێکی ئاوەدان بوو، مەڵبەندی فیکر و هونەر و پێکەوە ژیان بوو، هەر کە ئیسلام گەییشتە ئەوێ، ئیدی نە هونەر ما، نە فیکر، نە کولتووری پێکەوە ژیان، بە کۆیلەکردن، سەربڕین، ئەتککردن و تاڵانکردن برەویان پەیدا کرد. لە 1971دا و لە شەڕی نۆ مانگەی نێوان پاکستان و (بەنگلادیش) کە هەردوو لایان موسوڵمان بوون و پێشتر سەر بە هیندستانیش بوون، نزیکەی سێ میلیۆن بەنگلادیشی کوژران و دەیان هەزار ژنیشیان لاقە کرا.

وەک ویڵ دورانت دەڵێت: (دیرۆکنووسانی سەر بە ئیسلام بە شانازییەوە ئەو مێژووەیان تۆمار کردووە کە تێیدا موسوڵمانان، پەلاماری هیندستانیان داوە، خەڵکەکەیان بە زۆر هێناوەتە سەر دینی ئیسلام، ئەوی نەبووبێت بە موسوڵمان، سەریان بڕیوە، سامانی وەڵاتەکەیان تالان کردووە، پەرستگایان بە پێوە نەهێشتووە و کوڕان و کچانیان وەکوو کۆیلە و کەنیزەک بردووە.) ڕەزوان سەلیم دەڵێت: (ئەو شارستانییەی لە هیند هەبوو، گەشەسەندووترین شارستانیی دونیا بوو، موسوڵمانانی بکوژ، لە دوورگەی عەرەبی و خۆرئاوای ئاسیاوە هاتن، لێ نەگەڕان ئەو شارستانییە، بەرەو پێشتر هەنگاو بنێت و خاپووریان کرد.)

لە سەرەتاوە ئومەوییەکان کە هاتن هەموو کەسیان نەدەکوشت، لێ دەگەڕان هیندۆس لەسەر دینی خۆی بمێنێتەوە، بەو مەرجەی باج بدات، بەڵام دواتر کە باسکی موسوڵمانان بەهێزتربوو، ئیدی ئەوی دینی ئیسلامی قەبووڵ نەکردبا، بە باج لێی خۆش نەدەبوون، دەیانکوشت و چی شک بردبا، تالانیان دەکرد. کە هیندییەکان بە دیل دەگیران، بۆ فرۆشتن هەناردەی وەڵاتانی دیکە دەکران، بەڵام پێشەکی هەر نێرینەیەک گەنج بووایە، دەیانخەساند. موسوڵمانان کۆیلە و کەنیزەکیان، بە دیاری خوا دەزانی و دەستکەوتنی کەنیزەک، پاڵنەری یەکەمیان بوو بۆ جیهاد. بە فەرمانی حەججاجی کوڕی یوسفی سەقەفی لەماوەی سێ چوار ساڵدا (712 — 715) نزیکەی 300 هەزار کۆیلە هەناردەی وەڵاتانی عەرەب کران. سوڵتان مەحموودی غەزنەوی کە تورکی ئەفغانستان بوو، لە هیندستانەوە سەدان هەزار کۆیلەی ڕەوانەی وەڵاتانی ئیسلامی کردووە. بەشی خەلیفە لە هەموو ئەوانەی بە کۆیلە دەکران، پێنجیەک بوو. لە سەردەمی (جاهیلی) دا، بەشی سەرۆکی خێڵ لە تالانی، چواریەک بوو، ئیسلام کردی بە پێنجیەک، ئەمەیش هاندەرێک بوو بۆ ئەوەی تالانچییان بە ئیسلامەوە پێوەست ببن.

(شمشێر دەتگوت برووسکەیە لەنێو هەورێکی تاریکدا، فوارەی خوێن لە ئەستێرەی کشاو دەچوو، خۆشەویستانی خوا، دوژمنیان بەزاند، موسوڵمانان تۆڵەیان لە کافران سەندەوە، پازدە هەزاریان لێ کوشتن، تەرمەکانیان بوون بە خۆراکی قەل و داڵ. خوا پێنجسەد هەزاری لە کیژان و کوڕانی جوان، بە خۆشەویستانی بەخشی.) ئەوە شیعر نییە، پەرەگرافێکە لە یەکێک لە رووپەلەکانی مێژووی خوێناویی ئیسلام، سکرتێری سوڵتان مەحموودی غەزنەوی تۆماری کردووە.


کە ساڵی 1079 غەزنەوییەکان پەلاماری (بەنجاب) یان دا، دەستکەوتیان سەدهەزار کۆیلە بوو. پەرەسەندنی بازرگانیی کۆیلە، زادەی پەرەسەندنی ئیسلام بوو. جاهار: بریتی بوو لەوەی، ژن بۆ ئەوەی ئەتک نەکرێت، خۆی دەسووتاند، لە ژمارە نایەن، چەند ژنی هیندی، بۆ ئەوەی دەست لەشکری موسوڵمانان نەکەون، خۆیان سووتاندووە. میر خەسرەو کە سۆفی بوو، دەڵێت: (تورک هەر خەریکی ئەوەبوون، هیندۆس بکوژن، بکڕن یان بفرۆشن.)

حەریم کە شوێنی ژنانی لە ژمارە نەهاتووی سوڵتانە، پێویستی بە پاسەوانی هەبوو، ئەو ئەرکە کۆیلەی خەسێنراو ڕایدەپەڕاند. کۆیلەی خەسێنراو نە دەیتوانی لەگەڵ ژنانی حەریمدا دەست تێکەڵ بکات، نە دەیتوانی ژن بهێنێت و وەچە بخاتەوە. یەکێک لەو هۆکارانەی وایان دەکرد، ڕێژەی دانیشتووانی هیندستان لەسایەی ئیسلامەوە، ڕوو لە کزی بکات، خەساندن بوو، ئاخر ژمارەی خەسێنراوان بەردەوام ڕوو لە هەڵکشان بوو. زۆر لە سوڵتانەکان بە هەزاران کوڕێژگەی خەسێنراویان هەبوو، زۆریان حەزیشیان لە کوڕی جوان بوو، سوڵتان مەحموودی غەزنەوی یەکێک بوو لەو پێدۆفیلانە. (تیلاق) کوڕێکی زێدە جوانی هیندی بوو، هێندە سەرنجی سوڵتان مەحموودی ڕاکێشابوو، کردبووی بە فەرماندەی لەشکر.

18ی ئۆکتۆبەری 2016
ستۆکهۆڵم

(1) الغزو الاسلامي للهند: أعظم ابادة جماعية في التاريخ، ترجمة: مصطفى الفارس.
(2) Islamic Invasion Of India: The Greatest Genocide In History

(*) ئێستا هیندستان لە ڕووی ژمارەی موسوڵمانەوە، یەکەم وەڵاتی دونیایە، ئەندەنوسیا و پاکستان، دووەم و سێیەمن. هەنووکە لە هیندستان و پاکستان و بەنگلادیش، کە سەر بە هەمان نیمچە کیشوەرن، زیاد لە نیو میلیارد موسوڵمان هەیە. ئەگەر نیمچە کیشوەری هیند بەر غەزوو نەکەوتبا، خەڵکی ڕەسەنی ئەوێ، لەسەر دینە دێرینەکانی خۆیان دەمان و ڕەنگە ئێستا نیو میلیۆن موسوڵمانیش لەو وەڵاتانە نەژیابا.
(**) وەک مەدینە بێ نەبی بێ، یا نەجەف بێ، بێ عەلی
شاری غەزنەش ئێستە بێ مەحموودە وەک داریکەلی
حەمدیی شاعیر ستەمێکی گەورەی لە شێخ مەحموودی حەفید کردووە، کە بە خوێنڕێژێکی وەک سوڵتان مەحموودی غەزنەویی شوبهاندووە.





گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# جنێونامەی ستراتیژی

حیزبـی کوردی، ڕێککەوتن ناکەن تا پلان و بەرنامەی هاوبەش دابڕێژن، ڕێککەوتنیش ناکەن تا پلاتفۆرمێکی فراوانتـری کارکـردن بەرهەم بهێنن. نزیکـەی هەمـوو ڕێککەوتنەکانـی نێوانـی حیزبـە کوردییـەکان، بـۆ شـەڕنەکردن بـووە، ئاخـر حیزبـی کـوردی، ئەگـەر یەک لیسـت نەبن شـیر و تیر لە یەک دەسوون. ئەگەر یەک بـەرە نەبن، تۆپ و خەندەقیان لـە نێوانـدا دەبێ، جا ئیتـر تۆپ و خەندەقی ڕاسـتەقینەی وەک ئەوەی لە نێوانی یەکێتی و پارتیدا هەبوون، یانیش تۆپ و خەندەقی زارەکی وەک ئەوەی لە نێوانـی گۆڕان و یەکێتیدا هەیە.

گـۆڕان لـە بەرامبـەر پارتـی کـە سـەرۆکی هەرێمـی هەیـە توندهەڵوێستە، کەچی لەگەڵ یەکێتی کە جێگری سـەرۆکی هەرێمی هەیە هاوهەڵوێسـتە! گۆڕان سەرۆکایەتی هەرێـم بـە تـرۆزی تێگەیشـتووە، ئەگەر سـەرە تاڵەکەیت لێکردەوە، ئـەوەی دیکەی شـیرینە. لای گۆڕان سـەرەکە قووت ناچـێ، دەنا ئەوەی دی ڕەحمەتە.

ڕێککەوتنەکەی گـۆڕان و یەکێتی تـا وشـکبوونەوەی مەرەکەبـی ڕێککەوتنەکـەش بـڕی نەکـرد، نـە پارێزگارێکـی پـێ گـۆڕدرا، نە پەرلەمانیشـی پـێ ڕزگار کـرا، خۆ هەر نەشیانتوانی حوکمەتدارییەکەش بە یەک ئاڕاسـتە بکەن، نیوەیان لە حکومەتدان و نیوەشیان لە دەرەوە.

ڕێککەوتنـی سـتراتیژیی نێـوان گـۆڕان و یەکێتی، تەنانەت نەیتوانی ڕێگا لە فیرقەی ئاڵتوونیی لەشکری ڕاگەیاندنـی گردەکەش بگرێ تا مەلا بەختیـار تۆپبـاران نەکـەن، ئاخـر ئـەوەی فیرقەی ئاڵتوونیی سـوپای عێـراق بـە داعشـی دەکات، فیرقە ئاڵتوونییەکـەی گردەکـەش هـەر ئەوەنـدەی بە مـەلا بەختیـار کرد. ئاخر ئـەوان داهێنانیان لە تاکتیکی سەربازیدا کرد، ئەمانیش لە داڕشتنی جنێونامـەدا. هەڵوێسـتی گردەکـە لـە ڕێککەوتننامـەی سـتراتیژییەوە سـەرچاوەی گرتـووە یـان لـە جنێونامـەی سـتراتیژی؟ ئاخر مەلا بەختیار بە سـووکە ڕەخنەیەک، بە نەرمە گلەییەکی نوکتەئامێزەوە درایە بەر ڕێژنەی جنێوی ڕەسەن و پاراوی کوردی، ئەی ئەگـەر بەیاننامەیەکی دەربکردایە چی بەسەر دەهات؟

تۆزێـک کۆمیدییـە خـۆت بـە گۆڕانخوازێکـی دژی پاوانخوازیـی بزانیـت، کەچـی وەڵامـی ڕەخنەی سیاسـەتکارێک بە هەڕەشە و جنێو بدەیتـەوە، پێناچـێ ڕێگەگرتـن لە ڕەخنەگرتـن لە کـن گـۆڕان بچێتە خانـەی پاوانخوازییـەوە. ئاخـر تۆ کاتێک ڕێگـە نەدەی بەرامبەرەکەت، کە هاوزەمان ڕێککەوتنی ستراتیژیت لەگەڵـدا هەیـە سـووکە ڕەخنەیەک بگرێت، ئەی سبەی ئەگەر دەسەڵاتت هەبوو چـی دەکەی؟ ئەگـەر دەمت بـۆ کارگێڕی میم سـینی یەکێک لە گەورەتریـن و پرچەکتریـن حیزبـی کوردی ئاوا ئاگرین بێت، ئاخۆ سبەی ئەگـەر تـۆ لـە دەسـەڵات بوویت و حەڤدەی شـوباتێکت لەبەرامبەر کرا چی بە ڕەش و ڕووت دەکەی؟

لـە هەولێر تـا ڕەخنە لـە گۆڕان بگریت، پیـاوی چاکیت و ئەگەریش نەرمە هاوسۆزییەک بنوێنی تابووری پێنجەمیـت. لـە سـلێمانیش تا ئەو شـوێنەی پارتی بە جاشـی تورکیا بزانـی چاک و مەردی، ئەگەر نا قەل کوڕی قەلی.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# شەڕ لەپێناوی زەمینەی ئاشتی

هەڵوێسـتەکانی ئـەم ماوەیـەی پارتـی دادوگەشـەپێدانی تورکیـا و ڕەفتارەکانـی ئەردۆغان، ڕاسـتییەک دەسـەلمێنن کە هەڵە تێگەیشـتنێک هەبـووە لەبـارەی سیاسـەتی سەرکردەکانی ئەم پارتە و ئەو گۆڕانکاریانەی لە 15 سـاڵی ڕابردووی تورکیـادا هاتوونەتە دی. بەهـۆی ئـەوەی پێشـتر نکوڵـی لـە بوونـی کـورد دەکـرا و هەمـوو ڕێگەیەکـی پەرتەوازەکـردن و چەوسـاندنەوە بەرانبەری گیرابووە بەر، گۆرانی و ناو و وشـەی کوردی قەدەغە کرابوون و بەکارهێنانیان سزای مردنی لەسـەر بوو، کاتێک حیزبێک دێتە سەر حوکم ئەو قەدەغەکراوانە لەسـەر کورد هەڵدەگرێت، بواری هەناسـەیەک دەدات بە کورد و دان بە بوون و ناسـنامەیدا دەنێـت، لەژێر پەرچەمی پرۆسەی ئاشـتی ئیدیعای چارەسەری پرسی کورد دەکرێـت. هەموو لایەک ئەم گۆڕانکاری و کرانەوەیە لە سیاسەتی تورکیادا دەگێڕنەوە بـۆ سیاسـەتی ئـاک پارتـی، تـا ڕادەی بە پاڵەوانکـردن ستایشـی ئازایەتـی ڕابـەر و سـەرکردەکانیان دەکرێـت کـە ڕەگوڕیشـەی کەمالیزمیـان هەڵکێشـا، ئومێدێکـی زۆر لەسـەر بەهێزیی پێگە و ئایندەی ئەم حیزبە هەڵچنـرا کە تا لەناوخۆی تورکیا بەهێز بێت، کرانـەوەی زیاتر و مەوداکانی لێکگەیشـتن بۆ پێکەوەژیانێکی ئاشتیانە دەستەبەر دەبێت.

تەنانەت ئەم هەڵە تێگەیشـتنە لای زۆر لە سـەنتەرەکانی توێژینەوە و ناوەندەکانی بڕیار لە ئاسـتی جیاجیای وڵاتانیش دروسـت بوو، پێیـان وابوو پارتێکی ئیسـلامیی میانڕەوە و دەکرێـت ببێتە نموونە بـۆ زۆر وڵاتی دیکەی ناوچەکـە. بـێ ئـەوەی خوێندنەوەیەکی ورد بـۆ ئاک پارتـی و کۆمەڵگـەی تورکی و ئەو هەلومـەرج و واقیعـە بکرێـت کە ئـەم پارتە تێیدا هاتە سەر حوکم. بێ ئەوەی کەس لەوە وردبێتەوە کە کۆمەڵگەی تورکیش بە نەتیجە بەشـێکن لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و ناکرێ و نابێت نموونەیەکی جیاواز بن.

ئـەوەی وای کـرد جیـاواز دەربکـەون، سیاسـەتە تاکتیکییەکانـی ئـاک پارتی بوو، ئەویش لەسـەر بنەمای ئومێدێک بوو بۆ بوون بە بەشـێک لـە ئەوروپا. کاتێـک بێ هیوابوو لـەوەی بچێتـە ئەوروپـاوە، گەڕایەوە سـەر ئەسـڵی مەعدەنەکەی خۆی کـە نەک جیاواز نییە لە هێز و دەسەڵاتەکانی پێش خۆی، بگرە لـە هەلومەرجێکـی گـۆڕاودا، بەعەقڵیەتێکی دەسـەڵاتخوازانەی مەترسـیدارترەوە دەیەوێ تورکیا بگەڕێنێتەوە بۆ سـەردەمانی تاریکی. ئێستا تورکیا هاوشێوەی سەرەتاکانی دەوڵەت و دەسـەڵاتە مەترسـیدارەکانی سـەردەمی سـەدام حوسێن لە عێراق و بەشار ئەسەد لە سووریا، بەرەو ئیستیبداد دەچێت.

ئەمەش ئـەوە دەردەخات کـە ئەوەی لەم پانزە سـاڵەدا وەک گۆڕانکاری دەرکەوتوون، تاکتیک بووە نەک ستراتیژ. ئەو کرانەوەیەش کە لە بەرامبەر دۆزی کورد هەبووە، پەیوەست بـووە بـە قۆناغـی دوای دەسـتگیرکردنی ئۆجەلانەوە، کورد زۆرترین مرونەتی بەرامبەر بە تورکیا نواندووە، لەم حەڤدە ساڵەدا چەند جارێـک تاک لایەنە شـەڕی لـە دژی دەوڵەت ڕاگرتووە، لەسەر داوای ئۆجەلان بەشی زۆری گەریلاکانیشـی لەناو خاکی تورکیا کشاندەوە و نیەتی ئەوەشیان پیشاندا کە ئامادەن چەک دابنێـن، ئەمەشـی بۆ ئـەوە بوو تـا زەمینە بـۆ پرۆسـەی ئاشـتییەک خـۆش بـکات کە گفتوگۆیەکی ڕاسـتەقینە لەسـەر چارەسەری کێشەی کورد بهێنێتەدی.

کاتـەکان تێپەڕیـن و دۆخـی کوردیـش خراپتر بـوو، خۆدزینـەوەی دەوڵەتی تورکیا لە بەرپرسـیارێتییەکانی بەرامبـەر بە کورد، پاسـاوی ناڕەوابوون و ئۆباڵەکەی دەخستـە ملـی نەیارەکانـی. بـەڵام دوای پاکتاوکردنی نەیارەکانی لە سـوپا و دامەزراوەی دەوڵەتی، ئـەوەی ئێسـتا لـە تورکیـا دەگوزەرێت لە بەرتەسـککردنەوەی ئازادیی کاری سیاسی و میدیـا و پاشەکشـێی دیموکراسـی و حوکمی تاکڕەوانـە، ئەمە جەوهەری ئەردۆغان و پلان و ستراتیجی ڕاستەقینەی ئاک پارتییە.

پێچەوانـەی ئـەو تێگەیشـتنەی ڕابـردوو کـە دەگوتـرا ئەگـەر ئاک پارتـی بەهێز بێت لـە بەرامبـەر نەتەوەپەرسـتەکانی تورکیـا، دەتوانێت بڕیاری ئازایانە بدات لە چارەسەری کێشـەی کورد، ئێسـتا ئەو حیزبە کۆنترۆڵی تـەواوی سـوپا و دەزگا ئەمنییەکانـی وڵاتی لە دەسـتدایە، ئەگەر نیەتی هەبووایە ئێسـتا کاتی بوو. بەڵام لەو سـاتەوەی بەهێزتر بووە لە بەرامبەر نەیارەکانی، کۆتایی بە پرۆسـەی چارەسـەری هێنا و هاوشێوەی دەسەڵاتەکانی پێش خـۆی کەوتـە نکوڵیکردن لە کێشـەی کـورد، حوکمی عورفی لە بەشـێک لە شـارە کوردییەکان سـەپاند و سوپای هێنایەوە سەر شـار و شـارۆچکە و گوندەکانی کوردستان و سیاسەتی بە سوتماککردنی پەیڕەو کرد. ڕێگا و ڕێکارە یاسایی و دەستوورییەکانی بەکاربرد بۆ نەهێشـتنی کەناڵ و دامـەزراوەی میدیایی کوردی، کەوتە لابردنی سـەرۆک شـارەوانییە هەڵبژێردراوەکانی کورد لە ناوچە کوردییەکان و زۆربەیانی خستووەتە بەندیخانەوە.

لـە تازەتریـن هەڵوێسـتیدا، سـەلاحەدین دەمیرتاش، دووەم گەورە ڕابەری کورد لە دوای ئۆجەلان و ڕکابەری ئەردۆغان بۆ سەرۆکایەتی کۆمـار و هاوسـەرۆکی هـەدەپ و ژمارەیەک پەرلەمانتـاری کـوردی ڕووبـەڕووی دادگا کردەوە و خرانـە زیندانەوە. گەرچی ئەمجارە لـە ئاسـتی ناوخۆیی تورکیا و لـە ئەمریکا و ئەوروپـا ناڕەزایەتـی زۆری لێکەوتووەتەوە و ئەم ڕەفتارانەی ئەردۆغان بە دیکتاتۆری وێنا دەکـەن، بەڵام ئـەوە یەکلایـی بووەتەوە کە ئەردۆغـان گوێ بە کاردانـەوەی نێودەوڵەتی و ناڕەزایەتی ئەوروپا نادات، تەمەنی سیاسی بەشـی ئـەوەی پێوە نەماوە خـەون بە بوون بە بەشـێک لە ئەوروپاوە ببینـێ تا پابەندی پرەنسـیپ و یاسا و ڕێسـا نێودەوڵەتییەکان بێـت، ئێسـتا دەیـەوێ وەک سـوڵتانێکی عوسـمانی مومارەسەی دەسەڵات بکات، بۆیە ئەوەی زیاتـر چاوەڕوانکـراوە، ئەوەیە کە لە ئێسـتا بەدواوە ئەردۆغـان وەک دیکتاتۆرێک مامەڵـە دەکات و یەکـەم نێچیریشـی کـورد دەبێت.

چاوەڕوانی بەهیوای چارەسەری ئاشتیانەی پرسـی کـورد، خەونێکـی بـەدی نەهاتووە. بۆیـە پێویسـتە لە ئێسـتاوە کـورد خۆی بۆ ئـەو ئەگـەر و پێشـهاتانە ئامادە بـکات کە ڕووبـەڕووی دەبنـەوە. ئێسـتا پەکەکـە لـە بـەردەم بەرپرسـیارێتی گەورەدایە، ئایا چی دەکات؟ لـەم ڕۆژانـەدا ڕایانگەیانـد کە سـێ هەزار گەریلایان ئامادەیە بۆ شـەڕی موسـڵ، لەم هەلومەرجەدا موسـڵ و جەلەولا و داقوق و شـەنگال و هەورامان، پێویستی بە پەکەکە نییـە، موش و شـرناخ و هـەکاری چاوەڕێی دەسـت و بـازووی گەریـلان. ئایـا پەکەکـە لێدەگەڕێت تورکیا لە ناوخۆدا سـەرکوتکردن و سیاسەتی سوتماککردنی کوردستان پەیڕەو بکات و شـەڕی پەکەکـەش بەرێتە دەرەوەی سـنووری تورکیـا، یاخـود هێزەکانـی لـە قەندیلەوە دەباتەوە قووڵایی تورکیا؟

تەنانەت ئەگەر پەکەکە باوەڕی بەو تێزەش ماوە کە چارەسـەری پرسـی کورد بە ئاشتی دەبێت، پێویسـتە ئـەوەی لە بەرچاو بێت کە ئاشتی زادەی شـەڕە، شەڕ زەمینەی گفتوگۆ دەرەخسـێنێت. ئەگـەر ئەوە ڕاسـت بێت کە چارەسەری پرسی کورد لە تورکیا لە ئاشتیدا دەسـتەبەر دەبێت، پێویسـتە بەدوای وەڵامی ئەو پرسـیارەدا بچین ئەی ئاشتی چۆن بەدی دێـت؟ لە مێـژە باوەڕم وایـە دەبێت پەکەکە شـەڕ بەرێتـە ناو تورکسـتانەوە، بـۆ ئەوەی تورکەکانیـش هەسـت بـە ئـازاری جەنـگ بکـەن، با خانوو ماڵی ئەوانیش بسـووتێ، با جەرگی دایکـی ئەوانیش هەڵقرچێ بۆ مەرگی سـاوای ناو بێشـکە، تەنهـا بـە کاردانەوەی هاوشـێوە دەتوانرێـت سـنوورێک بـۆ جەنگ دابنرێت و ئاشـتییەکی هاوسەنگ بەدی بێت. تەنهـا لەم ڕێگەیەوە کورد دەتوانێت سـنوور بـۆ سـەرەڕۆییەکانی ئەردۆغـان دابنێـت و کوردستان لە کاولکاری بپارێزێت.



بەرزان فەرەج
barzanfa@gmail.com

جیهانێکی دی

# سزای مەرگ لە زەمەنی مەرگدا

لـە چواردەهەمیـن سـالڕۆژی هەڵمەتـی جیهانیـی نەهێشـتنی سـزای لە سـێدارەداندا، هاوپەیمانێتـی نێودەوڵەتـی دژی سـزای مەرگ بانگەشەی لەناوبردنی ئەو سزایەی نوێ کردەوە لـە جیهانێکـدا کـە تا دێـت کوشـتاری مرۆڤ لەسـەر ئاسـتی تاکەکەسـی و کۆ زیـاد دەبێت و ڕۆژ نییـە دیمەنە ترسـناکەکانی پاکتاوکردنی مـرۆڤ لەلایەن مرۆڤ خۆیەوە بـە دڕندانەترین شـێواز لە تـۆڕە کۆمەڵایەتـی و میدیاکاندا بڵاو نەکرێتەوە وەک پروپاگاندەیەکی سـادیزمی ئەو هێـزە بکوژانەی ئەم جـۆرە لەناوبردنەی مرۆڤ لەم سـەدەیەدا زیندوو دەکەنەوە کە مرۆڤایەتی هیـوای وا بـوو جیهان تێیدا لە تاوانی کوشـتن دووربکەوێتەوە و سەرتاپای دەوڵەتانیش سزای مـەرگ لە دەسـتوور و فەرهەنگی یاسـاکانیاندا نەهێڵـن. بـەڵام ئەفسـوس مرۆڤایەتی هێشـتا دوورە لەوەی واز لە غەریزەی تۆڵەسـەندنەوە و ئەو شـەریعەتەی حامورابی پێش بیسـت و دوو سەدە بهێنێت کە حوکمی چاو بەچاو و ددان بە ددان و مەرگ بە مەرگی سەپاند.

لە سـەدەیەکداین کە تەنیا دەوڵەتان سـزای مەرگ بەسـەر مرۆڤدا ناسـەپێنن. ئەوە ڕێکخراو و گرووپـە چەکـدار و مەزهەبـی و تیرەگـەری و نەریتییەکانـن کە زۆرترین تاوانی سـزای مەرگی تاکەکەسـی و کۆمەڵکوژی ئەنجام دەدەن. سزای مەرگ شـوێنێکی لەنـاو یاسـاکان و کۆمەڵگەی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپادا نەماوە و مەرجی بوونە ئەندامی هەر وڵاتێـک لەو یەکێتییەدا بریتییە لە سـڕینەوەی لە یاسای سـزادانیدا، بەڵام خەریکە لەسـەر ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگە، لێبووردەیی بەرامبەر ئەوانەی تاوانی کوشتن ئەنجام دەدەن، پاشەکشە دەکات و کۆمەڵگەی ئەوروپی لە ترس لەوی دییەوە دەگەڕێتەوە قۆناغی تۆڵەسەندنەوە و ئارام نەبوونی تەنیا بە کوشتنی تاوانکاران نەبێت. ئێستاش کە ئەم کۆمەڵگەیە بەرەوڕووی مەرگێکی ئامـادە و کوشـتاری ڕۆژانـە دەبێتـەوە لەلایەن ڕێکخراوە جیهادییە تیرۆریستەکانەوە کە دڵڕەقانە و کوێرانە لە هەر شـوێنێکدا بتوانن کۆمەڵکوژی ئەنجام دەدەن، تادێت ئەو هێزە ناسیۆنالیستانەی ئەوروپـا کە ئاسایشـی کۆمەڵگەکانی خۆیان بە کوشـتنەوەی تاوانبارەکانـەوە گـرێ دەدەنەوە، دەنگـی زیندووکردنـەوەی سـزای مـەرگ بـەرز دەکەنەوە و دەیانەوێت ئەوروپا پاشـگەز بێتەوە لـەو بەهـا مرۆییانەی پـاش چەندین سـەدە لە خەباتی فیکری و ڕۆشـنگەری بەدەستی هێناوە و پشت لە لێبووردەیی بکات و دووبارە بە هەمان شـێوازی بکـوژان وەڵامـی تاوانـەکان بداتەوە. ئێسـتا بانگەشـەیەکی ئەو هێزە ناسیۆنالیستانە بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکان گەڕاندنەوەی سـزای مەرگ و لۆژیکی تۆڵەیە لە جیاتی لێبوردەیی.

لە جـاڕی گەردوونیی مافەکانـی مرۆڤەوە کە یەکێک لە پرەنسیپەکانی ڕێزگرتنی ژیانی مرۆڤە و مافـی هیـچ کـەس و لایەنێـک نییـە ژیان لە مرۆڤ بسـەنێتەوە، ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لە دەوڵەتە ئەندامەکانی دەکات سزای مەرگ لە یاساکانیاندا نەهێڵن. بەڵام هەر لە 2015 دا لـە 55 وڵات و ناوچـە لەلایەن دەوڵەت یان ڕێکخراوی چەکـداری و گرووهی کۆمەڵایەتی و ئەتنـی و مەزهەبییـەوە پیادە کراوە، 25 وڵات سـزای مەرگیان جێبەجـێ کردووە و پێنجیان لە ڕیزی پێشەوەی ئەو وڵاتانەدان کە زۆرترین سزای مەرگیان تێدا جێبەجـێ کراوە، ئەوانیش چین و ئێران و سـعودیە و پاکسـتان و ئەمەریکان. هەر ساڵی پار پێنج منداڵی خوار تەمەنی هەژدە ساڵ لە پاکستان و چواریش لە ئێران لەسێدارەدراون. سزای مەرگ لەلایەن دەوڵەتەوە بێت یان ڕێکخراو و کەسان، هەر لەسەر تاوانی سادەی دەستدرێژی و کوشـتنی ئاسـایی و تاوانی شـەرەف و لادان لە ڕێنماییـە ئایینەکانەوە بەسـەر قوربانیەکاندا سـەپێنراوە تـا تۆمەتی سیاسـی و بیروباوەڕ و جیاوازیـی ئاینی و ئازادیی تاک لـە هەڵبژاردنی ڕەوتـی ژیانـی خۆیـدا. چەند ئافرەت بـە لادان لە ڕەوشـتی کۆمەڵگە و ڕێنماییـە ئاینییەکان و هاوسـەرگیرییان لە دەرەوەی ڕێسـای کۆمەڵگە و خێـزان و دابونەریتـەوە، چەنـد هاوڕەگەزباز، کەسـانی بێ بـاوەڕی ئایینی یان کەسـانێک کە ئایینـی خۆیان گۆڕیـوە، چەندانی دی بە تاوانی بازرگانـی و بەکارهێنانـی ماددە سەرخۆشـکەر و هۆشـبەرەکانەوە ڕۆژانـە لەلایـەن دەوڵـەت و ڕێکخراو و گرووپ و خێزانەکانەوە بە مەرگ سـزا دەدرێن؟ ژمارەکان دیار نین. ئەو کۆمەڵکوژییەی جیهادییـەکان لـە عێراق و سـووریاوە تا یەمەن و تونـس و لیبیا ئەنجامیان داوە دژی کەسـانی جیاواز لە مەزهەبی ئایینی ئەوان بەتایبەتی تاوانە دژە مرۆڤایەتییەکانـی ڕێکخراوی داعش بەرامبەر مەسـیحی و ئێزدی و کورد و سوننەی عەرەب و تاوانی گرووپە شـیعیە توندڕەوەکان دژی سوننە کە ڕێگەیان بەخۆیان داوە سـزای مەرگ بەسـەر کۆمەڵـە کەسانێکدا بسەپێنن، هاوشێوە و هاوبیر و هاوئایین و مەزهەبی ئەوان نین و هیچ یاسایەکی دانراویش نییە پشتگیرییان بکات، چەندن؟ ئەی ئـەو وڵاتانەی کە بە بیانـووی زیادبوونی تاوان و بـە تایبەتی هێرشـە تیرۆریسـتییەکان دووبارە ئـەو سـزایەیان گەڕاندووەتـەوە چەنـد مرۆڤیان بـەو سـزایە گەیانـدووە؟ کوشـتارەکان زۆرن و ژمارەکانیش دیار نین.

سـزای مەرگ بەسـەر تاوانباراندا چارەسـەر و هـۆکاری و بنەبڕبوونـی تـاوان نییـە، بەڵکو خودی سـزای مەرگ بە تاوانێکـی دی دادەنرێت لەلایەن کۆمەڵگـە و دەوڵەتەوە دژی مرۆڤەکانی لـە جیاتی میتـۆدی دیکە بۆ ڕێگری لـە تاوان. سـزای مەرگ کاریگەریی سـایکۆلۆژیی سـەخت لەسـەر خانەوادە و خزمانی تاوانبار جێدەهێڵێت و ئەوانیـش دەبنـە قوربانی و برینەکان لە نێوان قوربانی و تاوانباراندا سەختتر دەکاتەوە. بەپێی لێکۆڵینەوەکانیـش دەرکەوتـووە هیـچ کاتێـک سـزای مەرگ و کوشتنەوەی تاوانباران نەبووەتە هۆی سـاڕێژکردنی برینی کەسـوکاری قوربانییە کـوژراوەکان و لەبیرچوونـەوەی ئـەو تاوانـە و هەڵدانـەوەی لاپەڕەیەکـی نوێ. بۆیـە کۆمەڵگە بـە تۆڵەسـەندنەوەی قوربانییـەک و کوشـتنی تاوانبارێک ئەویش تاوانێکی نوێ ئەنجام دەدات. بۆ ئـەوەی کۆمەڵگەش نەبێتـە تاوانبار، دەبێت هۆشـیارییەکی لادروسـت ببێت کە سزای مەرگ بـە نـاوی یاسـا و شـەرعیەتی دادپەروەرییەوە بەرگرییەکـی دروسـتی کۆمەڵگە نییـە لە خۆی بۆ کەمکردنەوە و نەهێشـتنی تاوان، بەڵکو ئەوە خودی کۆمەڵگەشە کە دەخزێتە ناو بازنەی تاوان و کوشـتنی مرۆڤـەوە وەکو بەنرختریـن بەهای سروشت. بۆ ئەوەی مرۆڤکوژی نەمێنێت، دەبێت کۆمەڵگـە و دەزگاکانی دەسـەڵات ببنە نموونەی لێبووردەیـی و پارێزەری ژیانـی هەموو تاکێکی مرۆڤ تەنانەت تاوانبارەکانیشی.

ڕۆبێـرت بادنتێـری وەزیری پێشـووی دادی فەرەنسـا دەڵێـت: مـرۆڤ ئامانـج و بونیـادی کۆمەڵگەی دیموکراسـیە، تەنانـەت دڕندەترین تاوانیـش کـە تاوانبارێـک ئەنجامـی دەدات، ڕێگەمـان پـێ نـادات ببینە چاولێکـەری ئەو و ئێمـەش پێشـێلی سـەرەکیترین مافـی مرۆڤ بکەین کە ڕێزلێنانە لە کەسایەتی و مافی ژیانی و لە سەروو هەمووشیەوە پاراستنی جەستەی.

بەبێ گەیشـتن بەو هۆشـیارییە کە بەشێکی جیهـان دوای خەباتێکی درێژخایەن بەدەسـتی هێنا و ئێسـتا بەشـێکی خەریکە لێی پاشـگەز دەبێتـەوە، مـرۆڤ ناتوانێـت لە سـزای مەرگ لەلایـەن خـودی مرۆڤـەوە دەرباز بێـت، ئیدی ئـەو سـزایە تاکەکەس، کۆمەڵگە یـان دەوڵەت ئەنجامی بدات.



دەیڤید ڕۆمانۆ

# ناتۆ و تورکیا.. کاتی ئەوەیە ڕاستییەکان قەبووڵ بکەین

ڕێکخـراوی ناتـۆ لـە دوای جەنگـی دووەمی جیهانـی، بـە ئامانجـی یەکخسـتنی وڵاتـە دیموکراتـەکان، یانیـش ڕۆژئـاوای ئەوروپـا و باکـووری ئەمریـکا، لـە دژی فراوانخوازیـی سـۆڤیەت دامەزرا. لـە سـاڵی 1952 تورکیای وەک ئەنـدام وەرگـرت، ئـەوەش دوای ئـەوەی بەرەو دیموکراسی هەنگاوی نا.

بـەڵام ئەمـڕۆ، نـە سـۆڤیەت مـاوە و نـە تورکیایەکی دیموکراتیش. ڕەنگە بەردەوامبوونی نمایشـی ناتـۆ، لـەم هەلومەرجانەی ئێسـتادا، زیانی لە قازانجی زیاتر بێ. ڕووسـیای ئێستا لە سـۆڤیەت بچووکتر و لاوازتـرە، بۆیە گرتنەبەری کۆمەڵێک ڕێوشـوێنی پاراسـتنی ئـەو وڵاتانەی نیگەرانی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی خۆیانن، بەسە. ئەگەر لە ڕوانگەی ڕووسیاشـەوە سـەیر بکەین، ئـەو هاوپەیمانێتییـە گەورەیەی لـە دژی ئەوان ڕیـز کراوە، جێی نیگەرانییە بۆیان. ڕۆژئاوا دەبێ پرسـیار لە ڕووسـیا بکات کە ئەگەر ئەوان ناتۆ هەڵوەشـێننەوە، ئـەو لەبەرامبـەردا ئامادەیە چ باجێک بدا؟

هەڵبەت ئەندامێتی تورکیا لە ناتۆ گاڵتەکردنە بـە بڕیارنامەی ڕێکخراوەکـە و ئەرکێکی زۆریش دەخاتە سـەر شـانی ئەندامەکان. چونکە لە نێو بڕیارنامەی ناتۆدا بڕگەی وەکوو ئەمەی خوارەوە بەرچاو دەکەوێ:

"ئەندامانـی ئـەم بڕیارنامەیـە... سـوورن لەسـەر پاراسـتنی ئـازادی، میراتـی هاوبەش و شارسـتانییەتی وڵاتەکانیان کە لەسـەر بنەمای دیموکراسـی، ئازادیی تاکەکەسـی و دەسـەڵاتی یاسا دامەزراون..."

هەرچەنـدە کودێتـا سـەربازییەکانی 1960، 1971 و 1980 بۆ ماوەیەکی کورت دیموکراسییان هەڵپەسارد، بەڵام سوپا بەڵێنەکانی خۆی دەبردە سـەر و دەسـەڵاتی ڕادەسـتی لایەنێکـی مەدەنی هەڵبژێردراو دەکرد. بەڵام ئەردۆغان، بە پێچەوانەوە، پێناچـێ هیچکات واز لـە دەسـەڵات بهێنـێ. هێرشـەکان بۆ سـەر دامـەزراوە دیموکراتیکەکان و ئازادی تاکەکەسـی و ملکەچکردنیان پێویسـتی بـە چەندین دەیە هەیە بۆ ئەوەی چاک بکرێتەوە، هەڵبەت ئەگەر چاک ببنەوە.

ئەم پرۆسەیە پێش کودێتا شکستخواردووەکەی 15ی تەمووز دەستی پێکردبوو، بەڵام کودێتاکە بیانوویەکی دا بەدەسـت حکومەتەوە بۆ ئەوەی پرۆسەکە قورستر بکات. بە پێی یاسای "دۆخی ئاوارتـە" نزیکـەی 200 هـەزار فەرمانبـەر بـە کەمترین بەڵگەی تاوانەوە لەسـەر کار لادراون. نزیکـەی دوو هـەزار ئەکادیمیسـت کارەکانیان لەدەسـتداوە، لەوانەش دەکرێ ئاماژە بە ڕاگری هەمـوو زانکـۆکان بکەیـن کـە جێگرەوەکانیان ڕاسـتەوخۆ لەلایـەن ئەردۆغان خۆیـەوە دیاری دەکرێـن. ژمارەیەکـی زۆر لەو ئەکادیمیسـتانە تەنهـا بە هۆی واژۆکردنی پشـتگیرینامەیەک بۆ دەسـتپێکردنەوەی پرۆسـەی ئاشـتی لە نێوان حکومەت و پەکەکە لەسەر کار لادراون.

حکومەتەکـەی ئەردۆغـان هەروەهـا نزیکەی 170 ناوەنـدی میدیایـی داخسـتووە، ئـەو میدیایانـەی دیکـەش ماونەتـەوە، نووسـەر و ڕۆژنامەنووسـەکانیان دەسـتگیرکراون، لەوانەش ڕۆژنامـەی بەناوبانگـی (جمهورییـەت). وای لێهاتـووە خەڵک بـێ هیچ تۆمەتێـک بۆ ماوەی 30 ڕۆژ لـە زینـدان دەکرێـن، حکومەتیـش گفتوگـۆی نێـوان تۆمەتبـارەکان و پارێزەرەکان تۆمـار دەکات، تۆمـارە دەنگییەکـەش بـە دادوەرەکان دەدرێ. بـە گوێـرەی هیومن ڕایتس وۆچ، ئەشـکەنجە جارێکی دیکە لـە زیندانەکانی تورکیادا بەدی دەکرێ. 27 سـەرۆک شـارەوانی کە زۆربەیان هی شارە کوردییەکانن، لە زیندانن. ئەگـەر دادوەرێـک تەنانەت بچووکترین شـتیش بکات کە بە دڵی پارتی دەسەڵاتدار نەبێ، یان بۆ ماوەیەکی کاتی لادەدرێ، یانیش دەستگیردەکرێ (یاسـاکانیش گۆڕانکارییان تێدا کراوە بۆ ئەوەی پارتی دەسـەڵاتدار بتوانێ خۆی دادوەرە باڵاکان دیاری بکات).

مەسـەلەکە ڕوونـە، "ئـازادی، دیموکراسـی، ئازادییە تاکەکەسـییەکان و دەسـەڵاتی یاسـا" (وەکوو ئەوەی لـە پەیماننامەی ناتۆدا هاتووە) لە تورکیا نەماوە. جیا لەمە، سیاسەتی دەرەوەی تورکیـاش هەڕەشـەیە بۆ ناتۆ. ئەمـەش زۆر بە ڕوونـی ئـەو کاتە دەرکـەوت کە تورکیـا فڕۆکە ڕووسـییەکەی خستەخوارەوە، بەمەش خەریک بـوو ناتـۆ تووشـی جەنگێک بکا کـە خوازیاری نەبـوو. تورکیا هەڕەشـەی جەنگ لـە ژمارەیەک وڵاتـی دیکەش کـردووە کە یارمەتـی ئەندامانی دیکـە ناتۆ دەدەن ـ لەوانـەش عێراق، پەیەدە و تەنانەت یۆنانیش، کە خۆی ئەندامی ناتۆیە.

لە پاڵ هەموو ئەمانە، ئەنقەرە پشـتگیری لە ژمارەیـەک گرووپی ئیسـلامی دەکات، لەوانەش هەندێـک لە گرووپـە ئیسـلامییە توندڕەوەکانی سـووریا، ئەمەش زەنگی مەترسـی لە بروکسـڵ و واشـنتن لێـداوە. دانـا ڕۆراباچەر، بەرپرسـی لیژنەی فەرعی هەڕەشـە نوێیەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، سەبارەت بە نیگەرانییەکانی خۆی لە هەڵسـوکەوتی تورکیا ڕایگەیاندووە "دە سـاڵ لەمەوبەر تورکیا ئەندامێکی سەرسـەختی ناتۆ و دژی ئیسلامی توندڕەو و دۆستی ئەمریکا بـوو. بـەڵام ئەمڕۆکـە ئەمـە جێگـەی گومانە. ئەردۆغـان خەڵکانـی دەسـەڵاتداری لایەنگـری ڕۆژئـاوای لـە وڵاتەکـەی کردووەتـە ئامانـج، بیرباوەڕە ئیسـلامییەکانی خۆیشی توندتر بووە. هەر بۆیەش دەبێ بە جیدی نیگەران بین."

پەیماننامـەی ناتـۆ هیـچ ڕێوشـوێنێکی بـۆ دەرکردنـی ئەنـدام نییـە و ئەمجـۆرە یاسا شـکاندنەش لـە بەرژەوەندیـی هیـچ ئەندامێـک نییـە. باشـترین ڕێـکار دەکـرێ ئـەوە بـێ کە ناتـۆ هەڵوەشـێنرێتەوە و ڕێکخراوێکـی نـوێ دابمەزرێننەوە. ڕەنگە بڕیاربەدەستەکانی ئەمریکا دژی ئەوە بن و بڵێن واشنتن ناتوانێ ئەنقەرە لە کیس خۆی بدا. بەڵام ئەوان ئەوەیان لەبیرکردووە کە ئەمریکا تورکیای بـە ئەردۆغان و لایەنگرانی دۆڕاندووە ـ تەنها ئەوەندە ماوە ئەمریکییەکان بە فەرمی واز لە تورکیا بهێنن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# قسەیەکیش بۆ ئەسحابی کەهف (پەکەکە)

## 1

ئەوەی ئێستا لە تورکیا ڕوودەدات، چەندە بەرهەمی دیکتاتۆرییەتی ئەردۆغانە، هێندەش بەرهەمی هەڵە و کێماسییەکانی پەکەکەیە لە باکووری کوردستان، هەر لە پاڵنانی ئەردۆغانەوە بۆ دیکتاتۆرییەت بگرە تا دەگاتە شێواندنی ناسنامەی جوڵانەوەی مەدەنی و سەربازیی کورد لە تورکیا. ئەگەر تورکیا ڕێزی لە ئیرادەی سڤیلی سیاسیی کورد نەگرتووە لە تورکیا، ئەوا پەکەکەش بەو ئاراستەیەدا لە بیست ساڵی ڕابردوودا قسووریی نەکردووە. چونکە هیچ کاتێک پەکەکە باوەڕی بەوە نەبووە کە هێزێکی سیاسیی سیڤیل بتوانێ جێگەی ئەو لە گۆڕەپانی سیاسیدا بگرێتەوە یان بڕیار بەدەست بێت (بە ئۆجەلانیشەوە). ئەوەش لە کاتێکدایە کە بەشێکی زۆری ئەوانەی ئێستا پەکەکە ئاراستە دەکەن، لە ساڵی 1980 وە کە تورکیایان جێهێشتووە، جارێکی دیکە پێیان لە خاکی کوردستانی باکوور نەناوەتەوە! و کەمترین زانیارییان لە بارەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کوردستانی باکوور هەیە، بە تایبەتیش ئەوانەی لە دە ساڵی ڕابردوودا ڕوویان داوە.

پەکەکە بە هەمان زیهنییەت و مێتۆدەکانی چل ساڵ پێش ئێستا سیاسەت دەکات و ساسەتەکەشی پتر لەوەی هی خۆی بێت، ئاراستە کراوە. هادەپ بەرهەمی فانتازیای سیاسیی قەندیل بوو، چونکە لە 2013وە کە دامەزرا، تووشی قەیرانی ناسنامە بوو، هەر بۆیەش سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی حوزەیرانی 2015 پتر لەوەی بکەوێتە خزمەتی دۆزی کورد لە تورکیا، کرا بە کەرەستەیەک بۆ لێدانی ئەردۆغان و کاری خۆیشی کرد. بۆیە ئەوجا هاتە سەر ئەوەی کە بچووک بکرێتەوە و گۆڕەپانەکە بۆ پەکەکە و ئەردۆغان چۆڵ بکات، تا بزانن لەو دۆئێللۆیەی کە دەیکەن کێ سەردەکەوێ! بەس کەس ئەوکاتە ئەو پرسیارە جەوهەرییەی لە پەکەکە نەکرد کە لابردنی ئەردۆغان چ خزمەتێک بە دۆزی کورد دەکات؟ چ گەرەنتییەک هەیە کە ئەوانەی دوای ئەو دێن، هەنگاوێک لە ئاشتی و چارەسەری دێنە پێشەوە؟ ئایا بە لاچوونی ئاکپارتی لە دەسەڵات کورد بە مافەکانی دەگات؟ بۆ دەبێ پەکەکە لە سووریا داکۆکی لە دیکتاتۆرێکی خوێنمژی وەک ئەسەد بکات، بەڵام لە تورکیا دژی ئەردۆغان بێت؟

سیاسەتی پەکەکە لە کوردستانی باکوور وەک جاران کڕیاری نەماوە، چونکە مێتۆدەکانی پەکەکە بۆ مانەوەی لە گۆڕەپاندا کە بریتین لە شەڕ، کردەوەی تیرۆریستی و بانگەواز بۆ ئیفلیجکردنی ژیان، جگە لەماڵوێرانی و کوشتار هیچی دیکەی بۆ کوردی باکوور تێدا نەبووە.

### قەییومێکیش بۆ سلێمانی

## 3

13 ساڵە هەولێر یەک پارێزگاری هەیە، بەڵام دوو ساڵە سلێمانی 3 پارێزگاری هەیە و خەریک بوو ببێتە چواریش! ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئەوەی زۆرترین دەنگی پارێزگای سلێمانی بەدەست هێناوە، یەک ڕۆژیش پارێزگار نەبووە! ئەوەی دۆڕاوی هەڵبژاردن بوو، دوو ساڵ حوکمی کرد! یەکێکی دیکەش بە بڕیاری وەزارەتی ناوخۆ لە هەولێرەوە، دەسەڵاتەکانی پارێزگاری پێ بەخشرا! ڕێک وەکو ئاکەپە (کە بۆ شارەوانییەکانی کوردستانی باکوور دەیکات)، پارتیش بە تکا و پاڕانەوەی باڵی ماڵبات، لە هەولێرەوە قەییومێکی بۆ سلێمانی دانا. پیرۆزیان بێت.

### ئەگەر گۆڕان بکشێتەوە

## 2

کۆبوونەوە بەرفراوانەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر چەند ئاستێک بەڕێوە دەچێت و چەند تەرحێکیش هەن بۆ مانەوە یان نەمانەوە لە حکومەتدا. سێ بژارە لەبەردەم گۆڕاندان کە لە هەرسێکیاندا کشانەوە لە حکومەتی تێدایە، بەڵام بژارەکان وا خراونەتە ڕوو کە گۆڕان لە پەرلەماندا بمێنێتەوە. مەبەست لە مانەوە لە پەرلەماندا ئەوە نییە کە ئەگەر بیانەوێ نەمێننەوە، بە جەماعی دەست لەکار بکێشنەوە، چونکە ئەوە گەورەترین بێڕێزییە بەرامبەر دەنگدەرانیان کە دووجار ئەو حیزبەیان بە هیوا و ئومێدێکی زۆرەوە ناردووەتە پەرلەمان بۆ ئەوەی شتێکیان بۆ "بگۆڕن"، بگرە مەبەست لێی تەنازول نەکردنە لەوەی کە سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەر دەبێ بەدەست ئەوانەوە بێت و جێگە بۆ کەسی دیکە چۆڵ نەکەن.

لە ڕاستیدا ئەوەی گۆڕان دەیکات خۆڵکردنە چاوی خەڵک و جەماوەرەکەیەتی، چونکە هەموو کەس لە کوردستان دەزانێ، نەک هەر سەرۆکایەتیی پەرلەمان لە کوردستان، بگرە پۆستی بەڕێوەبەرە گشتییەکانیش لە کاتی ڕێککەوتنی سیاسیدا یەک پاکێجن. ئینجا لەوە واوەتریش پۆستەکانی بەغداش لەگەڵ هاوکێشەی سیاسیی نێو کوردستان تێکهەڵکێش کراون، ئەگەرنا چۆن گۆڕان دەیتوانی لە بەغدا پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێت؟ تەنانەت یەکێتی (باڵی ماڵبات) تا پۆستەکانی بەغداشیان ساغ نەکردەوە، ئامادە نەبوون بێنە ناو حکومەتەوە!

کەواتا گۆڕان لەوەیاندا بەهەڵەدا چووە، چونکە بە کشانەوەی گۆڕان لە حکومەت و ڕاگەیاندنی ئەوە، پارتی دەستی واڵایە بۆ پڕکردنەوەی ئەو وەزارەتانە بە لایەنی دیکە و زەمینەی ڕێککەوتنی تازە دێتە ئاراوە. هەر لەو چوارچێوەیەشدا، پارتی (تەنانەت بۆ یەک دانیشتنیش بێت) پەرلەمان کارا دەکاتەوە و ئەگەر بتوانێ ڕەزامەندیی لایەنەکانی دیکە بەدەست بێنێت، ئەوا بە شێوەیەی یاسایی و بەپێی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەتوانێ متمانە لە سەرۆکی پەرلەمانیش وەربگرێتەوە. حیساباتی گۆڕان لەسەر ئەگەری ئەوەیە کە ساڵی داهاتوو هەڵبژاردن بکرێت (هی پارتیش لەسەر ئەوەیە کە نەکرێت) و لە گلەیی و گازەندەی لایەنگران و هەوادارانی ڕزگاری بێت. بەڵام ئایا بەڕاستی ئەوە چارەسەرە؟

گۆڕان ئەگەر ببێتەوە بە ئۆپۆزیسیۆن چی دەکات؟ مەگەر پێشتر ئۆپۆزیسیۆن نەبوو؟ نەبووە شەریکی دەسەڵاتیش؟

گۆڕانیش سووڕی ژیانی سیاسیی خۆی تەواو کردووە، زۆر حیزب لە دنیادا تووشی ئەو حاڵەتانە دەبن، بۆیە لە جیاتی تەرحکردنی ئەو پرسیارانە، یان دەبێ چاوپۆشی لە یەک کەس (یوسف محەممەد) بکەن و پرۆسەی سیاسی بەگەڕبخەنەوە، یانیش بیر لە گەڕانەوەی یەکجاری بۆ ناو یەکێتییەکەی باڵی ماڵبات بکەنەوە و ببنەوە یەک حیزب.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# قەیرانەکانی حیزب لە کوردستاندا

لە نێوان ساڵانی 1968 و 1991دا، ئێمە شتێکمان نییە بەناوی "ژیانی سیاسیی سەربەخۆ"، چونکە کۆی جومگەکانی ئەو ژیانە لەلایەن حیزبی بەعسەوە کۆنترۆڵ کرابوو. ڕاستە لەسەرەتای حەفتاکانەوە، چەند حیزبێک مۆڵەتی فەرمییان پێ بەخشرابوو، بۆنموونە حیزبی شیوعی و پارتی دیمۆکراتی کوردستان، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە کۆی جوڵانەوەکانیان لەژێر چاودێریی دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕژێمدا بووە و بۆیان نەبووە ئەو سنوورانە ببەزێنن کە بەعس بۆی دەستنیشان کردبوون. دواتر بەعس بە حیزبی "نێو قەفەز"یش ڕازی نابێت و وەک هەڕەشە بەسەر ئاسایشی نیشتیمانەوە پێناسەیان دەکات، بۆئەوەی هەلومەرجی پەلاماردانیان ئامادە بکات و کۆتایی بە ئامادەبوونی شەرعیانەیان بهێنێت. بۆ جێگرتنەوەیان، بەعس بە سەرپەرشتیی سیاسی و ماددی خۆی، چەند حیزبێکی کارتۆنی دروست دەکات و لەچوارچێوەی ستراتیژییەکانی خۆیدا بەکاریان دەهێنێت.

بەڵام ئایا ئەمە تاکە بنەمای بەرهەمهێنەری ئەو "قەیرانەیە" کە حیزبە کوردییەکانی ئێستا و ئێرەی خستووەتە بەردەم هەڕەشەی "وجودی"یەوە؟ هەڕەشەی ئامادەبوون و مانەوە لەنێو کێڵگەی سیاسیدا وەک حیزبی سیاسی مۆدێرن؟ بێگومان نەخێر. ڕاستە ئەو مێژووە بەشداریی زیندووی کردووە لە دروستکردنی ئەو قەیرانەدا، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە تاکە بنەمای ڕاڤەکار نییە و چەندین بنەمای باڵای دیکە لێرەن بۆ ڕاڤەکردنی ئەو قەیرانە.

ئیفلیجبوونی حیزبی کوردی لە بەرامبەر "مۆبیلیزەکردن/ سازدان"ی جەماوەر بەگشتی و نەوەی نوێ بەتایبەتیدا، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئەو مۆدێلانەدا هەیە کە ئیشیان پێدەکات و لە چۆنیەتی وێناکردن و لە پراکتیزەکردنی سیاسەت لای حیزبی کوردییەوە سەرچاوە دەگرێت. بە گوزارشتێکی دیکە، ڕەگوڕیشەکانی ئەم ئیفلیجبوونە لەنێو جیهانبینیی حیزبی کوردی بۆ کۆمەڵگای کوردیدایە. لەنێو ئەم جیهانبینیەدا، یەکێک لە پرسیارە سەرەکییەکان بریتییە لەوەی چۆن شوناسی خۆیان وەک شوناسی کۆمەڵێک "قوربانیی" ڕژێمی سەدام حوسەین و شوناسی هێزی "بەرەنگاری" و حیزبی "شەهیدان" لەنێو یادەوەریی کۆلێکتیڤی کوردیدا دروست بکەن. حیزبە کوردییەکان، تائێستاش بەپێی ئەم سیستمە لە بیرکردنەوە لەگەڵ پەرلەمان و حکومەت و بەڕێوەبردنی دەوڵەتیانەی کۆمەڵگادا مامەڵە دەکەن، وەک ئەوەی کە تائێستاش هەر لەنێو ئەشکەوت و ژێرزەمینەکاندا بن و سەدام لە سێدارە نەدرابێت و بەعس کۆتایی نەهاتبێت. لەکاتێکدا، قۆناغی پۆست سەدام حوسەین لە 1991 وە تا 2016، پێویستی بە سیستمێکی دیکە لە بیرکردنەوە و ڕەفتاری دامەزراو لەسەر پرەنسیپی نوێ هەیە.

ڕەگەزێکی دیکەی قەیرانی حیزبی کوردی بریتییە لە پرسی "نوێنەرایەتیکردن". ئیفلیجبوون لە بەرامبەر کۆمەڵگا بەگشتی و نەوەی نوێ بەتایبەتیدا، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئەو پرسیارەدا هەیە کە زۆر بەدەگمەن حیزبی کوردی لەخۆی دەکات: من نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی چ گرووپێکی کۆمەڵایەتی دەکەم و بۆ بەدیهێنانی ئەم نوێنەرایەتیەش دەبێت چ جۆرە ڕەمزێک بەکاربێنم؟ ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وادەکات، مەودایەکی بەرفراوان لەنێوان سەری سەرەوەی کۆمەڵگا کە ئەندام پەرلەمان و وەزیرەکانی حیزبی تێدا نیشتەجێن، لەلایەک و خواری خوارەوەی کۆمەڵگادا کە زۆرینەی جەماوەری تێدا نیشتەجێن لەلایەکی دیکەوە، ئامادە بێت. لەم ئاستەدا، حیزبی کوردی ڕێک لەسەر هەمان مۆدێلی حیزبی بەعس ڕەفتار دەکات و لەگەڵ خودی خۆی و کۆمەڵگادا مامەڵە دەکات. لەکاتێکدا قۆناغی پۆست بەعس، هەلومەرجێکی دیکەی بابەتیە کە بە مۆدێلی بەعس بەڕێوەنابرێت: حیزبە کوردییەکان وا مامەڵە دەکەن وەک ئەوەی کە لە دنیای کوردیدا، نە "کۆنتێکست"ی کۆمەڵگای کوردی گۆڕابێت، نە ستراکتۆرەکانی!

هەفتەی داهاتوو دەگەڕێمەوە سەر قەیرانێکی دیکەی حیزب لە کوردستاندا کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان ناوی دەنێن: "پێرسۆنالیزاسیۆن/ شەخسەنە"ی حیزب، بەو مانایەی کە چۆن حیزب لە پرۆژەی سیاسی و ئایدیۆلۆژیا و کاری دەزگایی خاڵی دەکرێت و ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە ئامادەبوونی فیزیکی و ڕەمزیانەی تاکە کەسێکەوە.



پێشتەوان عوسمان

# یان لەگەڵ منێت یان لە زیندان

ئەوەی چاوەڕێ دەکرا ڕوویدا. سەلاحەددین دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداغ، لەگەڵ ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی هەدەپە، لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە دەستگیرکران. ئەمە شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو، پارتی داد و گەشەپێدان و خودی ڕەجەب تەییب ئەردۆغان خۆیان یەکلاکردووەتەوە بۆ ئەوەی دەنگی هەموو دەنگە نەیارەکان ببڕن. بێگومان دەمیرتاشیش یەکێک بوو لەو دەنگە بەهێزانە کە لەو کاتەوە گوتی "ڕێگە نادەین ئەردۆغان ببێتە سەرۆک" بڕیاری بێدەنگکردنی درا.

ئەردۆغان لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا، بەڕوون و ڕاشکاوی، ڕووی کردە دانیشتووانی تورکیا و گوتی "400 کورسی بدەن بە پارتی داد و گەشەپێدان، با ئەم کارە (هێنانی سیستمی سەرۆکایەتی) بەخۆشی بڕوات"، بەڵام وا نەبوو، هەدەپە، بە تێپەڕاندنی بەربەستی لەسەدا 10، ڕێگەی نەدا پارتی داد و گەشەپێدان 400 کورسی مسۆگەر بکات. لەو ڕۆژەوە هەدەپە کرایە ئامانج. ئەردۆغان، بەڕوونی دەیەوێت ئەوەی بە "خۆشی" نەیدراوەتێ، بە "ناخۆشی" بیسەنێت.

دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان، کاولکردنی دەیان شار و شارۆچکەی باکووری کوردستان، بەشێک بوون لەو شەڕەی پارتی داد و گەشەپێدان دەستیپێکرد، بۆ سەپاندنی سیستەمی سەرۆکایەتی. ئێستاش بێدەنگکردن و سەرکوتکردنی تاکە پارتی سیاسیی کوردیی لە تورکیا هەنگاوێکی دیکەی ئەو پرۆسەیەیە کە پێویستە بۆ هێنانی سیستەمی سەرۆکایەتی. دوور نییە لە چوارچێوەی ئەو پرۆسەیەدا، هەنگاو بۆ داخستنی پارتی دیموکراتی گەلانیش بنرێت.

تورکیا لەناوخۆی خۆیدا بووە بە زیندانێکی گەورە بۆ ئەو لەسەدا پەنجایەی دەنگ بە پارتی داد و گەشەپێدان نادەن. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ئیعتیباری بە پلەیەک دابەزیوە، بەدرێژایی مێژووی کۆماری تورکیا هێندە دانەبەزیبوو. ئەو وڵاتەی کە دەیویست ببێت بە ڕۆڵمۆدێلی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دیموکراسیەت و سیکۆلاریزمدا، ئەمڕۆ بووەتە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئاسایش و ئایندەی ناوچەکە. لەناوخۆدا پلە بە پلە هەنگاوەکانی بەرەو دیکتاتۆریەت دەڕوات، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، لەشکرکێشی دەکاتە سەر وڵاتان و تۆمەتبارە بە دەستتێکەڵکردن لەگەڵ ڕێکخراوە توندئاژۆکان.

لەسەر مەسەلەی کوردیش، لە باکوور بە ئاگر و ئاسن مامەڵەی کورد دەکات، لە ڕۆژئاوا هەموو هەوڵی خۆی خستووەتە گەڕ بۆ لەناوبردنی ئەو ئەزموونەی لەسەرەتای لەدایکبووندایە. لە باشووریش، ئەگەر دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆشی نەبێت، هیچ نەبێت، زۆر خۆشحاڵە بەو ترازانەی لەنێو ماڵی کورددا دروستبووە و ئامادەیە هەموو شتێکیش بکات بۆ ڕێگەگرتن لە چارەسەری. ئەوە لەولاوە بوەستێت کە خواست و ئیسراری بۆ بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵ و تەواجودی سەربازیی لە ناوچەکە، پێش حکومەتی ناوەند، گەورەترین مەترسییە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

ئەمە وێنەکەیە. هەرکەسێکیش پاکانەی بۆ بکات، خۆی لە گێلی دەدات. تورکیا خۆی بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەڕوات و دەیەوێت لەگەڵ خۆی ناوچەکەش بۆ ئەو ئایندە نادیارە پەلکێش بکات. هەموو ئەمانەش لەپێناوی ئەوەدان کە سیستەمی سەرۆکایەتی بسەپێنرێت. لەبەر ئەوەی ئەردۆغان، هێنانی ئەو سیستەمە بە تاکە ڕێگەیەک دەزانێت بۆ پاراستنی خۆی و بەردەوامیدان بەو دەسەڵاتە ڕەها و بەرژەوەندییە فراوانەی بۆ خودی خۆیی فەراهەم کردووە.

هەرچەندە جیهان ناڕازی بێت لەم هەنگاوە پاوانخوازانە، یەکێتی ئەورووپا بەیاننامە دەربکات و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش نیگەرانیی دەربڕێت، ئەم بارودۆخە لە تورکیا بەردەوام دەبێت. دوو سیناریۆ هەن، یان ئەردۆغان سەردەکەوێت، سیستەمی سەرۆکایەتی دەهێنێت و خەونی بوونە سوڵتان دەهێنێتە دی، یان ئەگەر سەرنەکەوت، شەڕێکی ناوخۆی قورس چاوەڕێی تورکیا دەکات. ئەوە لەولاوە بوەستێت کە ئەگەری کودەتای سەربازیی ڕاستەقینە و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەگۆڕێیە.

لەم قۆناغەدا، بە دەستگیرکردنی دەمیرتاش و هاوڕێکانی، ڕێگە خۆش دەبێت بۆ پارتی داد و گەشەپێدان، بەئاسانی دەست بخاتە ناو دەستی پارتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیست و پێکەوە سیستەمی سەرۆکایەتی لە پەرلەمان و دواتر لە ریفراندۆمێکدا تێپەڕێنن. دەوڵەت باخچەلی بەڕوونی پشتگیری بۆ ئەو پرۆژەیە دەربڕی.

واتای ئەمە ئەوەیە، ئیسلامگەراکان و ڕەگەزپەرستەکانی تورکیا دەست دەخەنە ناو دەستی یەک بۆ بەهێزکردنی ئەردۆغان و سەرکوتکردنی هەموو ئەوانی دیکە. ئیدی لە تورکیا، کوردبوون، چەپبوون، لیبراڵ، سێکولار و بەکورتییەکەی جیاوازبوون لە ڕێچکەی ناسیۆنالیزم و ئیسلامگەرایی تورکی تاوان دەبێت و بەس دەبێت بۆ ئەوەی بەو بیانووەوە تەمەنێک لە زینداندا بەسەربەریت. بەکورتییەکەی ئەردۆغان دەڵێت "یان لەگەڵمدایت، یان لە زیندان".

ئەم هەنگاوە و دەیان ئاماژەی دیکەی هەرێمی، زەنگی مەترسین بۆ ئایندەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و هەرێمی کوردستان و کیانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی. لە هەرێم، ڕۆژ ڕۆژی ئەوەیە کە سەرجەم پارتەکان، عینادییە منداڵانەکانیان وەلابنێن و لەژێر ڕێککەوتنێکی گشتگیردا کۆببنەوە. هێزی پێشمەرگە یەکبخەنەوە، ژێرخانێکی ئابووریی بەهێز دابڕێژن و وەک یەکەیەکی تۆکمە لە گۆڕانکارییە ئیقلیمییەکاندا خاوەن قسە بن. لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، هێزە کوردییەکان، هیچ نەبێت هاوهەڵوێست بن، ڕێز لە خەبات و تایبەتمەندی یەکدی بگرن و پشتگیریی یەک بکەن، نەک شیر و تیر لە یەک بسوون. گەلی کوردیش یەک دەنگ و یەک هەڵوێست ڕووبەڕووی هەموو هەوڵە پاوانخوازەکان ببێتەوە، جا لەلایەن هەر کەسێکەوە بێت.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# دەمیرتاش ئۆباما بێ یان لینکۆڵن؟

دەستگیرکردنی دەمیرتاش و هاوڕێکانی موفاجەئەیەکی سەیر نەبوو. بەپێچەوانەوە زۆریش دواکەوتبوو. ئەردۆغانی پاش کودەتا ئەردۆغانی قۆستنەوەی دەرفەتە بۆ خێراترکردنی جێبەجێکردنی پلانە دیکتاتۆرانەکانی. هەدەپە بەو سیاسەتە هەڵەیەی پەیڕەوی کرد، ڕێک ئەوەی کرد کە ئەردۆغان دەیەویست.

دروست ساڵێک لەمەوبەر بهێننەوە بیری خۆتان. حیزبێکی تورکیایی بە ئەجێندای کوردی بووە یەکێک لە گەورەترین حیزبەکانی نێو پەرلەمانی تورکیا. کوردی باکوور بۆ دنیایان سەلماندبوو کە نەک هەر تورکی شاخی نین، بەڵکو ئەگەر دەرفەتی سیاسییان بدرێتێ "ئۆبامای کوردی"یشیان لەنێودا هەڵدەکەوێ. ڕاستە ئەوە ئاکەپە و ئەردۆغان بوون کە زەمینەی ئەو هاتنەپێشەوە نوێیەیان بۆ کورد لە تورکیادا ڕەخساند، بەڵام قازانجی گەورە پەکەکە دەیکرد. چونکە بە دنیای دەسەلماند تەڤگەرەکەیان هی کۆمەڵێک تیرۆریست نییە کە تەنیا کوشتن و بڕین و تەقاندنەوە دەزانن. بەڵکو هی ئەوانەشە کە دەزانن لە جڤاکێکی سیڤیلدا کاربکەن.

ئەم گۆڕانکارییە نوێیە بەشێکی گرنگی بەرهەمی بەخۆداچوونەوە و سەرلەنوێ خوێندنەوەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بوو. ئەوەی تێشیدا زیانی پێدەگەیشت سێ گرووپ بوون: فەتحوڵڵاچییەکان و باڵی شەڕانیی نێو ئەردۆغانچی و ئاپۆچییەکان. هەڵبەت لەوانیش لەسەرتر هێزی وەک ئێرانیش هەن کە بەرژەوەندییان لە سەقامگیربوونی تورکیادا نییە و هاوکاریی هەر هێزێک دەکەن ئەو ناسەقامگیرییە گەرەنتی بکات. سەرکردەیەکی پێشووی پەکەکە بۆی باسکردم کە لە ساڵی 1999دا یەکێک لە داواکارییەکانی ئێران لە پەکەکە ئەوەبوو پاش گیرانی ئۆجەلان، دەست بە شەڕی شارەکان بکەن. واتە هەمان ئەو شەڕی خەندەقانەی لە دوو ساڵی ڕابردوودا چەندین شاری باکووری وێران کرد و دەستکەوتێکیشی نەبوو.

دەگەڕێمەوە بۆ ساڵێک لەمەوبەر. هەدەپە بەو دەستکەوتە سیاسییە گەورەیەی لەڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە بەدەستی هێنا، لەلایەن زۆر دۆستیەوە هاندەدرا بچێتە نێو حکومەتێکەوە لەگەڵ ئاکەپەیەک کە چیدیکە نەیدەتوانی حکومەتی زۆرینە دروست بکات. ئامانجەکە ڕوون بوو: ئەو کوردەی جاران لە تورکیا دان بەوەدا نەدەنرا کە هەیە، دەبووە بەشێک لە حوکمڕانیی هەمان تورکیا. ئەوکات ڕێبەرە مەعنەوییەکەشی نەدەکرا چیدیکە لە زینداندا بمێنێتەوە. پاساویش نەدەکەوتە دەست ئەردۆغان ئەوەی بەسەربهێنێت کە بەسەری هێنا. قسەکەش لەسەر ئەوەیە کە مادام پەکەکە دەستی لە شیعاری سەربەخۆیی هەڵگرتووە و هەدەپە خۆی وەک حیزبێکی تورکیایی نەک کوردستانی دەناسێنێت، کەواتە بۆ دەبێ دەرفەتی بەشداری لە حوکمڕانیدا ڕەتبکاتەوە؟

هەدەپە و دەمیرتاش دروست بەپێچەوانەی ئەوە کاریان کرد کە لە سەردەمی خۆیدا ئابراهام لینکۆڵن لە ئەمریکا کردی. ئەو ڕێبەری گەورەترین پارتی وڵاتەکەی بوو، بەڵام کاتێک کار گەیشتە سەر ئەوەی ئامانجە گەورەکەی، کە بریتی بوو لە ڕەتکردنەوەی کۆیلەداری، بکاتە کردار، تووشی بەرهەڵستیی سەرکردەکانی نێو پارتەکەی بوو. ئۆجەلان و هەدەپە و دەمیرتاشیش هەمان شتیان لەگەڵ قەندیل بەسەرهات. بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە لینکۆڵن لە حیزبەکەی هاتە دەرەوە و حیزبێکی نوێی دروستکرد کە تاوەکو ئەمڕۆش یەکێک لە بەهێزترین حیزبەکانی ئەمریکایە و سەرۆکی وەک جۆرج بووشی باوک و کوڕی لێوە هاتوون و ناوی پارتی کۆمارییە. کەچی حیزبەکەی پێشووی لە هەشتسەدەکانەوە نەما و باجی هەڵەی سەرکردەکانی دا. ئۆجەلان و دەمیرتاش بوێریی لینکۆڵنیان پێویست بوو و پێویستە بۆئەوەی ئامانجە گەورەکەیان بەو ڕێگە ڕاستەی گرتبوویانە بەر وەدی بهێنن، نەک گیرۆدەیی بەدەست بڕیاری ئەو قەندیلەوە کە ئەزموونی یەک ڕۆژیش حوکمڕانی و خەباتی مەدەنیی نییە. بۆیەش بە بڕیاری هەڵە بیانووی دایە دەست دیکتاتۆرە نوێیەکەی تورکیا تا ئۆبامای کورد بخاتە زیندانەوە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



# بەیتووشی پارە کۆدەکاتەوە

« 19

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان ، ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات

نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997

ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96

rudaw@rudaw.net




LEGACY
CONSTRUCTION